رووداو
RÛDAW
ژمارە (544) دووشەممە 2019/2/25 - 6ی ڕەشەمێ 2718 (750) دینار

# یەکێتی بۆ پارێزگاری کەرکووک چوار ناو دەداتە پارتی

**رووداو- سلێمانی**

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی بە (رووداو)ی راگەیاند کە یەکێتی بە فەرمی چوار بەربژێری هەیە بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک. ئەو دڵنیا نییە لەوەی لە کۆبوونەوەی ئەمجارەدا لەگەڵ پارتی دەگەنە ڕێککەوتن لەبارەی کەرکووک، بەڵام دەڵێت "ئێمە وا لە نیەتی پارتی تێدەگەین کە لە دانیشتنی ئەمجارەدا نەرمی بەرامبەر پرسی کەرکووک بنوێنێ".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی کە لەبەر هەستیاریی دۆخەکە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، گوتی: "ئێستا هەریەک لە رزگار عەلی، خالد شوانی، رەفعەت عەبدوڵڵا و شاڵاو عەلی عەسکەری بەربژێری یەکێتین بۆ ئەوەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک وەربگرن، بەڵام یەکێتی خۆی هیچکام لەو ناوانە یەکلا ناکاتەوە، بەڵکو ناوەکان دەخرێنە بەردەم پارتی و پارتی بە ئاگاداری حیزبەکانی دیکە خۆی یەکێک لەو ناوانە پەسەند دەکات".

بارزان ئەحمەد کوردە، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ، هێشتا میکانیزمی یەکلاکردنەوەی یەکێک لەو چوار بەربژێرە دەستنیشان نەکراوە: "هەرکات پارتی و یەکێتی ڕێککەوتن، ئەوکات بابەتەکە دەبرێتە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و لەوێ یەکلا دەکرێتەوە".

4 »

(رووداو) ناوی ئەندامانی لیژنەی یاسایی پەرلەمان ئاشکرا دەکات 3

گوتەبێژی کۆمەڵ: پارتی داوای لێکردووین بەشداری حکومەت بکەین 4

گەندەڵییەکانی مالیکی و کۆمپانیایەکی ئەمریکی ئاشکرا دەبن 14

## (رووداو) دەقی نامەکانی بارزانی و کۆسرەت رەسوڵ بڵاودەکاتەوە

# یەکێتی بە مەرج سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرێ

**رووداو- سلێمانی**

ئەو دوو نامە کورتەی لە نێوان بارزانی و کۆسرەت رەسوڵ ئاڵوگۆڕ کران، پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی تا رادەیەک ئاسایی کردووەتەوە، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش دەڵێت "ئێستا پارتی نەرمتر لە جاران قسەمان لەگەڵ دەکات".

مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، رۆژی 23ی شوبات نامەیەکی بۆ کۆسرەت رەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نارد، لە نامەکەدا دەڵێ: "کۆبوونەوەی 18ی مانگی پەرلەمان، نە سەرکەوتنی پارتییە و نە شکستیشە بۆ یەکێتی، داوام لە مەکتەبی سیاسی پارتی کردووە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕێکبخەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا".

کۆسرەت رەسوڵ عەلی، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی، وەڵامی نامەکەی بارزانی بەم شێوەیە داوەتەوە: "نامە دۆستانەکەت گەیشت و سوپاست دەکەم. سوپاسی هەستی دۆستانەت دەکەم و ئێمەش لە مەترسی قۆناغەکە تێدەگەین و ئامادەین بۆ دانوستاندن و کات و شوێنی کۆبوونەوە و دانوستاندن ئێوە دیاریی دەکەن و هەرکات دیاری بکەن ئێمە ئامادەین. لەگەڵ ڕێزدا".

ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند نامە لە نێوان هەردوولا ئاڵوگۆڕ کراوە و هەردوولاش ڕەزامەندییان بۆ کۆبوونەوە و دۆزینەوەی چارەسەر دەربڕیوە "ئیدی دەبێت لەم نزیکانە کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی بکرێ بۆ ئەوەی ڕێگایەک بدۆزرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان".

یەکێتی دوو بەربژێری ژنی ئامادە کردووە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام ئێستا لەنێو بەشێک لە بەرپرس و کادرانی ئەو حیزبە رایەک دروستبووە، داوا دەکات مادام کۆبوونەوەی 18ی شوبات بەبێ ئەوان کرا، ئەو پۆستە وەرنەگرن..

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری ئەو حیزبەشە بە (رووداو) گوت "پارتی خۆی گوتوویەتی کە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئێوەیە، ئێمەش نەمانگوتووە بەڵێ و نەشمانگوتووە نەخێر ئەگەر لە دانیشتنی ئەمجارەدا سەرۆکی پەرلەمانمان بدەنێ و خاڵی زۆری لەسەر حیساب بکەن، نامانەوێ. چونکە گۆڕان بە 12 کورسی ئەو هەموو پۆستەی وەرگرتووە، کەواتە ئێمە دوو ئەوەندەی گۆڕانمان پۆست بەردەکەوێ".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) بیرۆکەیەکی نوێ هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لە نێوان ڕێواس فایەق و بێگەرد تاڵەبانیدا. ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی بە (رووداو)ی گوت "داواکراوە یەکێکیان وەزارەت وەربگرێ، بەڵام ڕێواس فایەق رەتیکردووەتەوە وەزارەت وەربگرێت و ئەوەش بەمانای جەختکردنەوەیەتی لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان".

3 »

# تۆمەتباری "فوول لایت" حوکم درا

**رووداو — هەولێر**

ڕۆژی 2019/2/24 و بکوژی بارزان رەشید، ئەو گەنجەی دەگوترێ لەسەر فول لایت لە هەولێر کوژرا، بڕیاری زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەرچوو.

لە شەشەمین دانیشتنی دادگا کە سەعات 10:30ی بەیانی دەستیپێکرد، تۆمەتبارەکە لە ڕێوشوێنێکی توندی ئەمنیدا هێنرایە نێو هۆڵی دادگا و نزیکەی 30 کەس لەو دانیشتنە ئامادەبوون کە دادوەر عەبدولباست فەرهادی لەگەڵ دوو دادوەری دیکە دانیشتنەکەیان بەڕێوەبرد.

(ج.ج) کە تۆمەتبارەکەیە لەبەردەم دادوەر داکۆکی لە خۆی کرد و گوتی: "من ئەو شەوە لەگەڵ کچێک بووم، ئەوان وێنەیان گرتم، منیش مۆبایلەکەم لێ سەندن، بەڵام ئەوان دوامکەوتن تا شوێنی ڕووداوەکە". هەر ئەو شەوەی بارزان رەشیدی تێدا کوژرا، بکوژەکە هەڵهات و بە فەرمانی مەسعود بارزانی لیژنەیەک بۆ بەدواداچوون و دۆزینەوەی پێکهات، تۆمەتبار لە شەوی 2017/6/5 دەستگیرکرا.

دادوەرەکە ڕوو لە تۆمەتبارەکە دەکات و دەڵێ: "دادگا تۆمەتبار دەکات بەپێی ماددەی 406، بڕگەی 1/ج کە شەوی 2016/5/2 ئافرەتێکت لەگەڵ بووە بەناوی (ئە)، لەگەڵ بارزان رەشید و هاوڕێیەکی بەناوی (ئە. ئە) بووەتە دەمەقاڵێتان، تۆش بە زەبری چەک مۆبایلت لێسەندوون، ئەوان لە چەند شوێنێک داوای مۆبایلەکانیان کردەوە، بەڵام نەتداونەتەوە، بەڵکو بە دەمانچە تەقەت لە بارزان رەشید کرد و کوشتت. زۆر بێباکانە شوێنی ڕووداوت بەجێهێشت و خۆت ونکرد تاوەکو ئەو ڕۆژەی دەستگیرکرای، ئایا خۆت بە تۆمەتبار دەزانی یان نا؟". تۆمەتبار لە وەڵامی دادوەردا بە ئاماژەی سەر و بە دەنگێکی زۆر کز گوتی: "بەڵێ".

بەڵام برزۆ سەعید، پارێزەری بارزان رەشید دەڵێ: "تاوانبار بانگەشەی ئەوە دەکات تاوانلێکراو وێنەی گرتوون، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی لەسەر ئەو قسانە نین و لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگایی داوای مۆبایلەکەمان کرد، بەڵام ئامادە نەبوو ئەو مۆبایلە بێنێ".

(ئە.ئە) کە شایەتحاڵی ڕووداوەکەیە گوتوویەتی تۆمەتبار لەسەر فول لایتێک، ساڵیانە و مۆڵەتی ئۆتۆمبێلی لێوەرگرتوون و تەقەی بەسەرداکردوون، سێ مۆبایلیشی لێوەرگرتوون، ئەوانیش بۆ وەرگرتنەوەی مۆبایلەکان بەدوای تۆمەتباردا چوون.

هەرچەندە هاوار هادی گەردی، پارێزەری (ج.ج) چەندین بەڵگەی بۆ بێتاوانی تۆمەتبار خستەڕوو، بەڵام دادوەر لە کۆتاییدا بڕیاریدا (ج.ج) بە زیندانی هەتاهەتایی حوکم بدرێ.



**راپۆرتێکی پڕ لە وردەکاری لەبارەی ئەو کەیسە لە پۆرتاڵی رووداو (www.rudaw.net) بخوێننەوە**

# کوڕێکی مەلا عەلی عەبدولعەزیز دەکرێتە ئەمیری نەوەکانی سەلاحەددین

**رووداو — هەولێر**

لەدوای کوژرانی تەحسین مەلا عەلی عەبدولعەزیز، ئەمیری پێشووی نەوەکانی سەلاحەددین ئەیوبی لە ناوچەی وەزیرستان لەنێوان سنووری پاکستان و ئەفغانستان. برایەکی بەناوی سامان دەکرێتە ئەمیری گروپەکە.

تەحسین مەلا عەلی کە لەدوای شەڕی شیشان و ڕووسیا رووی لە ئەفغانستان و پاکستان کرد، لە یەکەم ڕۆژی ئابی 2011 لە لایەن فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئەمریکی لە ناوچەی وەزیرستان لە نێوان سنووری پاکستان و ئەفغانستان، کوژرا، بەڵام خوشکێکی تەحسین مەلا عەلی دەڵێت ئەمریکا لە کوشتنی تەحسینی برای دڵنیا نییە، بۆیە ناوی لە لیستی ئەو کەسانەدا نییە کە ئەمریکا کوشتوونی.

مونیرە مەلا عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی کە خوشکی تەحسینە بە (رووداو)ی گوت: "براکەم هەر لە منداڵییەوە بیری سەلەفی هەبوو، رقی لە چوونە دەرەوەی ژن بوو، هەمیشە ئیختیلافمان هەبوو، بۆ کوێ بڕۆیشتبامایە خۆی دەیبردم و بەدیارمەوە رادەوەستا".




تەحسین ساڵی 1999 لەگەڵ کچێکی ئەحمەدی کاکە مەحموود، سەرکردەی دیاری بزووتنەوەی ئیسلامی و هاوسەنگەری باوکی هاوسەرگیری کردووە. تەحسین کە تازە زاوا بووە، چووەتە چیچان، لەگەڵ جیهادییەکانی ئەوێ ڕووبەڕووی سوپای ڕووسیا بووەتەوە. پاشان سەردانی ئەفغانستانی کردووە، لەوێ ئوسامە بن لادن، ئەیمەن زەواهیری و ئەبوو قەتادەی کینی بینیوە و پەیوەندی لەگەڵ قاعید دروستکردووە.

مونیرە دەڵێت "لەدوای مردنی باوکم لە ساڵی 2007 حاجی تەحسین هیچ پەیوەندی بە بزووتنەوەی ئیسلامییەوە نەما، جەماعەتێکی دروستکرد بەناوی نەوەکانی سەلاحەددین ئەیوبی، بەیداخ و پرۆگرام و لۆگۆی تایبەت بە خۆیان هەبوو".

لە دوای کوژرانی تەحسین مەلا عەلی، کوڕێکی دیکەی خانەوادەی مەلا عەلی لە شوێنی ئەو دادەنرێ. مونیرە عەلی ئەمەی پشتڕاستکردەوە و گوتی: "لەدوای شەهیدبوونی تەحسینی برام، هەموو جەماعەتەکەی کۆبوونەوە و داوایان کرد شێخ سامانی برا بچووکی لە شوێنی دابنێن. هەرچەند پێشتر لەگەڵیان نەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی ناوی بنەماڵە لەلایەن خەڵک و جەماعەتە ئیسلامییەکانەوە ئیعتیباری هەبوو، گوتیان دەبێت ئەو بێت".


5 »

راپۆرتە هەواڵ 2
تۆڕێکی بازرگانی بە چەکی بەڵێندەران دەستگیر دەکرێن



ژنان 12
ژنێک لەلایەن خوشک و براکانییەوە دەخنکێنرێ

تاراوگە 11
قەناسێکی کوردیادەوەرییەکانی دەنووسێتەوە




کۆمەڵایەتی 13
هەزار پێش گەڕانەوەی بۆ لای هاوژینەکەی، کوژرا






## داوای داخستنی نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە شنگال دەکرێت

**ڕووداو- شنگال**

لە شنگال کردنەوەی نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق ناڕەزایەتی دانیشتووانی قەزاکەی لێکەوتووەتەوە، نزیکەی 200 کەسایەتی و چالاکڤانی ئێزدی داوای داخستنی ئەو نووسینگەیە دەکەن. هیچ یەکێک لە کارمەند و فەرمانبەرەکانی نووسینگەکە خەڵکی شنگال نین، بەرپرسانی شنگال دەڵێن ئەمە لەبەرژەوەندی قەزاکە نییە. فەحاد حەمید، قایمقامی بەوەکالەتی شنگال بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کردنەوەی نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە بەرژەوەندی خەڵکی ناوچەکەدا نییە، ئەو کەسانەیشی نووسینگەکە بەڕێوەدەبەن بۆ قەزاکە گونجاو نین". نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق بە ڕەزامەندی بەشێک لە خەڵکی شنگال و بەشێک لە بەرپرسانی دەڤەرەکە ماوەی سێ مانگە کراوەتەوە.



# خەڵاتی شەهید شیفا دەدرێتە ژنە ڕۆژنامەڤانێکی بیانی



**ڕووداو- هەولێر**

ئەو کاتەی سەرۆکی فەرەنسا بوو، بڕیاری دا فەرەنسا بەشداری هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژی داعش بکات، لە ماوەی شەڕەکەدا جارێک سەربازانی وڵاتەکەی لە بەرەکانی شەڕدا بەسەرکردەوە و سەردانی هەرێمی کوردستانیشی کرد. ئەمڕۆ فرانسۆ ئۆنلاند لە کوردستانە، بەڵام بۆ ئامانجێکی دیکە، ئەویش بەشداریکردنیەتی لە مەراسیمی بەخشینی خەڵاتی شەهید شیفا گەردی.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە 2019/2/25، تۆڕی میدیایی ڕووداو و کۆمیتەی خەڵاتی جیهانیی شیفا گەردی، لە دووەمینساڵیادی شەهیدبوونی ئەو ڕۆژنامەڤانەدا، خەڵاتی شیفا گەردی دەداتە ڕۆژنامەڤانێکی ژنی بە توانا کە ڕووماڵی جەنگی کردووە.

شیفا گەردی ڕۆژنامەڤانی دیاری (تۆڕی میدیایی ڕووداو) لە 25ی فێبریوەری ساڵی 2017 و لەکاتی کاری ڕۆژنامەڤانیدا لەشاری مووسڵ گیانی لەدەستدا.

وەک ڕێزلێنانێک بۆ گیانی هەموو ئەو ڕۆژنامەڤانانەی کە لەکاتی ڕووماڵی شەڕی داعش و توندوتیژییەکانی دیکەدا گیانیان لەدەستدا، کاری هەموو ئەوانەش کە لەکاتی ڕووماڵی ڕووداوەکان و گەیاندنی ڕاستییەکاندا دووچاری سەختی دەبنەوە، (ڕووداو) بڕیاری داوە ساڵانە خەڵاتی جیهانیی شیفا گەردی بداتە ڕۆژنامەڤانێکی ژن.

کۆمیتەی خەڵاتی جیهانیی شیفا گەردی لە کەسانی پسپۆڕ پێکدێن کە کاریان لە میدیا گەورەکانی جیهاندا کردووە و لە ڕێگەی پرۆسەیەکی هەڵسەنگاندنەوە خەڵاتەکە پێشکێش دەکرێت.

ڕۆژی ڕێوڕەسمەکە، بە ئامادەبوونی چەندان کەسایەتی لە کوردستان و عێراق و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان، براوەی خەڵاتەکە ئاشکرا دەکرێت.

براوەی خەڵاتی شەهید شیفا، ژنە ڕۆژنامەڤانێکە لە ساڵانی ڕابردوودا ڕووماڵی ڕووداوە گرنگەکانی جیهانی کردووە و سەردانی نزیکەی 35 وڵاتی کردووە. لە شەڕی داعشدا لە عێراق و سووریا ڕووماڵی پێشڕەوییەکانی کردووە و لە هێڵی پێشەوەی شەڕەکان بووە.

شیفا گەردی کە بەڕێوەبەری ئاوتپووتی کەناڵی ڕووداو بوو، لە پێش شەهیدبوونیشیدا بەرنامەی (فۆکس مووسڵ)ی پێشکەش دەکرد، هەواڵی شەهیدبوونی بەجیهاندا بڵاوبووەوە و دەیان بەرپرس و کەسایەتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دڵگرانی و هاوخەمیی خۆیان بۆ شەهیدبوونی دەربڕی.

بریت مەکگۆرک، نێردەی ئەو کاتەی سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لە تویتێکدا لەبارەی شەهیدبوونی شیفا گەردی نووسی: "شیفا هەموو شتێک بوو کە داعش لێی دەترسا؛ ئەو ڕۆژنامەنووسێک بوو کە درۆکانی داعشی ئاشکرا دەکردن".

نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق-یونامی ئەو کاتە لە ڕاگەیێندراوێکیدا ڕایگەیاند "خەمبارین بەوەی ڕۆژنامەنووسێکی گەنج و ئازا لە کاتی ڕاپەڕاندنی کارەکەیدا کوژرا".

باڵیۆزی وڵاتان لە عێراق هاوخەمیی خۆیان بۆ شەهیدبوونی شیفا گەردی لە ڕێگەی کەناڵە جیاجیاکانەوە دەربڕی. دوگلاس سلیمان، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق لە تویتێکدا نووسی: "هەواڵێکی زۆر ناخۆش بوو، سەرەخۆشی لە خانەوادەکەی و هاوڕێکانی دەکەم." فرانک بەیکەر، باڵیۆزی پێشووی بەریتانیاش لە عێراق لە ڕێگەی تویتێکەوە هاوخەمیی خۆی دەربڕی و گوتی: "زۆر خەمباربووم بە بیستنی هەواڵی کوژرانی ڕۆژنامەنووس شیفا گەردی لە مووسڵ."

لەماوەی شەڕی داعشدا لە عێراق و سووریا چەندین ڕۆژنامەڤان بوونە قوربانی، هەندێکیان لەلایەن داعشەوە ڕفێندران و پاشان کوژران، هەندێکیشیان لە بەرەکانی شەڕدا کوژران.

بەگوێرەی ئاماری لیژنەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان CPJ، لە ساڵی 2014 تاوەکو کۆتایی ساڵی ڕابردوو 25 ڕۆژنامەنووس لە عێراق و 89 ڕۆژنامەنووس لە سووریا کوژراون، لەوانە:

جۆن کانتل: ڕۆژنامەڤانێکی بەریتانی بوو لە 2012 لە سووریا ڕفێنرا؛ دواتر ئەو ڕۆژنامەڤانە تاوەکو 2017 لە چەندین گرتەی ڤیدیۆییدا پەسنی کارەکانی داعشی دا. دواتر بڵاوکرایەوە کە جۆن کانتڵ لە مووسڵ لە هێرشێکی ئاسمانیدا لە 2017 کوژراوە.

جەیمس فۆڵی: ڕۆژنامەڤانی ئەمریکی، لە سەرەتای 2012 لە سووریا ڕفێنرا و لە ئابی 2014 لەلایەن داعشەوە سەربڕدرا.

ستیڤن سۆتلۆف: ڕۆژنامەڤانی ئەمریکی – ئیسرائیلی لە ئابی 2013 لە حەلەب ڕفێنرا و لە 2ی ئەیلولی 2014 داعش ڕایگەیاند کە کوشتوویانە.

کێنجی گۆتۆ: ڕۆژنامەڤانێکی ژاپۆنی بوو لە ئۆکتۆبەری 2014 لە لایەن داعشەوە لە سووریا ڕفێنرا و لە 30ی کانوونی دووەمی 2015 کوژرا.

کامەران نەجم، فۆتۆگرافەری کورد و بەڕێوەبەری ئاژانسی میترۆگرافی کە لە حوزەیرانی 2014 لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لە سنووری کەرکووک گیرا و تا ئێستا بێسەروشوێنە.

لە حوزەیرانی 2017 دوو ڕۆژنامەڤانی فەرەنسی بەناوی ڤێرۆنیک ڕۆبێرت و ستیفن ڤیلینوف لەگەڵ وەرگێڕێکی کورد بەناوی بەختیار عەبدوڵڵا حەداد لە مووسڵ مینیان پێدا تەقییەوە، دوویان دەستبەجێ مردن. ڤێرۆنیک ڕۆبێرتیش دوای ئەوەی بۆ چارەسەرکردن گواسترایەوە فەرەنسا، مرد.

یڤیس دیبەی: لە 17ی کانوونی دووەمی 2013 بە دەستی نیشانشکێنەکانی داعش گیانی لەدەستدا.

مستەفا سەعید: وێنەگری کەناڵی کوردستان تی ڤی لە ئابی 2016 و لەکاتی ڕووماڵکردنی شەڕی پێشمەرگە دژ بە داعش شەهید بوو.

فەرهاد حەمۆ، پەیامنێری تۆڕی میدیایی ڕووداو لە 2014/12/15 لەکاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لە سووریا لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێنرا و تا ئێستاش چارەنووسی نادیارە.

شیفا گەردی: ڕۆژنامەڤانی دیاری تۆڕی میدیایی ڕووداو لە 25ی شوباتی 2017، لە ڕووماڵی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا بۆمبێکی پێدا تەقییەوە و شەهید بوو، کامێرامانەکەشی یونس مستەفا بریندار بوو.

## چەکیان بەنیوەی نرخی خۆی لە بەڵێندەران کڕیوەتەوە

# لە دهۆک تۆڕێکی بازرگانی بە چەکی بەڵێندەران دەستگیر دەکرێن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

لە شاری دهۆک باندێکی پێنج کەسی دەستگیر دەکرێن کە بازرگانییان بە چەکی بەڵێندەران کردووە، بەشێکی ئەو باندە فەرمانبەرن لە بانکێکی حکومی. باندەکە چەکەکانیان بە نرخی زۆر کەمتر لە نرخی ڕاستەقینەی خۆی لە بەڵێندەران کڕیوەتەوە و پاشان لە بانکێکی حکومی ساغیان کردووەتەوە. بەشێک لە قازانجی چەکەکە بۆ فەرمانبەرانی بانکەکە بووە.

سەرچاوەیەک کە ئاگاداری دەستگیرکردنی ئەو باندەیە، دەڵێت باندەکە هەندێک لە چەکەکانیان بە کەمتر لە نیوەی نرخی ڕاستەقینەی چەکەکە کڕیوەتەوە، بۆ نموونە ئەگەر چەکەکە بایی 100 ملیۆن دینار بووبێ، ئەوان بە 40 ملیۆن دینار کڕیویانەتەوە و لە هەر چەکێکدا 60 ملیۆن دیناریان دەستکەوتووە.


ئەو سەرچاوەیە گوتی: "باندەکە دەستیان لەگەڵ چەند فەرمانبەرێکی بانکی داسنیای سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری تێکەڵ کردووە. ئەوان چەکەکانیان لە بازاڕ کڕیوەتەوە و لە ڕێگەی ئەو فەرمانبەرانەوە لە بانکەکە ساغیان کردووەتەوە، بەشێک لە قازانجەکەیان داوەتە فەرمانبەرانی بانکەکە و زۆربەشی بۆ ئەو کەسە بووە کە چەکەکانی کڕیوەتەوە".

بەهۆی بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدا، شەڕی داعش و هەرزانبوونی نرخی نەوت، لە ساڵی 2014 بەدواوە زۆربەی پرۆژەکانی حکومەت وەستان، حکومەت پارەی نەبوو بیداتە ئەو بەڵێندەرانەی کە پرۆژەکە یان بەشێک لە پرۆژەکەیان تەواو کردبوو، بە ناچاری چەکی بێ ڕەسیدی دایە بەڵێندەران، ئەگەرچی حکومەت ناوبەناو پارەی بۆ چەکی بەڵێندەران خەرج کردووە، بەڵام هەندێک لە بەڵێندەران چەکەکانیان بە هەرزان لە بازاڕ فرۆشتووەتەوە.

بە گوتەی سەرچاوەکەی (ڕووداو)، یەکێک لەوانەی دەستگیرکراوە بەرپرسیارێتی لە نێو بانکی داسنیادا هەیە، سەرچاوەکە دەڵێت: "ڕەنگە خەڵکی زیاتر دەستیان لەو کارەدا هەبووبێ، بەڵام تا ئێستا تەنیا پێنج کەس دەستگیرکراون".

ئەو سەرچاوەیە ژمارەیەکی دروستی لەبارەی ژمارەی ئەو چەکانە نییە کە لە ڕێگەی ئەو تۆڕەوە لە بازاڕ کڕدراون و لە بانکەکە ساخ کراونەتەوە، بەڵام گوتی بە دەیان چەکی 100 ملیۆنی تاوەکو 800 ملیۆنی لەو بانکەدا خەرج کراون.

بەهۆی خەرجنەکردنی پارەی بەڵێندەران چەندین بەڵێندەر وازیان لە پیشەکەیان هێنا و ئیفلاسبوونی خۆیان ڕاگەیاند. هەندێک بەڵێندەریش کە قەرزدار بوون، بەو هۆیەوە تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی بوون.



سێ فەرمانبەری بانکێکی دهۆک لەسەر چەکی بەڵێندەران دەستگیرکراون

ئەحمەد ساڵح، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەی دەستپاکی لە دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەفتەیەکە کەیسی بانکی داسنیا گەیشتووەتە لای ئێمە، یەکسەر دەستمان بە لێکۆڵینەوە کرد، هەتا ئێستا پێنج کەس لەسەر ئەو کەیسە دەستگیرکراون، سێ لەوان فەرمانبەری بانکەکەن و دووەکەی دیکەش لە دەرەوەی بانکەکەن".

گوتیشی: "ئەو پێنج کەسە بەپێی ماددەکانی 310 و 318 لە یاسای سزادانی عێراقی دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە".

لەبارەی ژمارەی ئەو چەکانەی لە ڕێگەی ئەو بانکەوە ساخ کراونەتەوە، ئەحمەد ساڵح دەڵێت: "بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر لێکۆڵینەوە نەبێت، ناتوانین ژمارەی چەک و بڕی پارەکە ئاشکرا بکەین، چونکە کەیسەکە هێشتا یەکلانەبووەتەوە".

### چەکی بەڵێندەران هەرزان دەبێ

یاسین ڕەشید، گوتەبێژی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "لەدوای قەیرانی داراییەوە بایی زیاتر لە یەک ترلیۆن دینار چەکی حکومەت کەوتە دەست بەڵێندەران، جا ئەوانەی پرۆژەیان بۆ حکومەت کردبوو، یان گرێبەستی کڕینی کەلوپەلیان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە و سامانە سروشتییەکان هەبووە".

یاسین ڕەشید ئاماژەی بەوەدا کە تاوەکو ساڵی 2017 زۆر لە بەڵێندەران بەهۆی ئەوەی پێویستیان بە پارە بووە، ناچاربوون چەکەکانیان لە بازاڕ بە هەرزان بفرۆشن، لە 2018 کە کەمێک لە پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران کەم کرایەوە، چەک لە بازاڕ هەرزان بوو.

بە گوتەی یاسین ڕەشید، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەکی بەڵێندەران لە بازاڕ هەرزانتریش بووە، ئەویش دوای ئەوەی وەزارەتی دارایی لەسەر داوای نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا کە بەڵێندەران دەتوانن بەهۆی ئەو چەکەی حکومەت پێی داون، قەرزەکانی حکومەت بدەنەوە، بەڵام بەو مەرجەی چەکەکە بەناوی خاوەن قەرزەکەوە بێ.

مەلا یاسین نەیشاردەوە کە بازرگانی بە چەکی بەڵێندەرانەوە کراوە و گوتی: "بەداخەوە هەندێک بەڵێندەر بەهۆی ئەوەی حکومەت چەکی داوەتێ و ئەویش پارەیەکی زۆر قەرزدار بووە و نەیتوانیوە قەرزەکانی بداتەوە، جەڵتە لێیداوە و مردووە، خەڵکانێکیش هەن بەهۆی کڕین و فرۆشتن بە چەکی بەڵێندەرانەوە دەوڵەمەند بوونە".

مەلا یاسین پێیوایە ئیرادەیەک هەیە ڕێگرە لەوەی حکومەت پارەی چەکی بەڵێندەران خەرج بکات، بۆ ئەوەی بازرگانیی بە چەکی بەڵێندەران بەردەوام بێ.

# 20 کەس لە دهۆک لەسەر بازرگانی بە مرۆڤ دەستگیر دەکرێن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

لە چوار مانگی ڕابردوودا 20 کەس لە سنووری پارێزگای دهۆک لەسەر بازرگانیکردن بە مرۆڤ دەستگیرکراون، هێشتا کەیسی بەشێک لەوان یەکلانەبووەتەوە. بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە دهۆک دەڵێت، زۆربەی ئەوانەی بازرگانییان پێوە دەکرێ، ئەوانەن کە لە دەرەوە بە مەبەستی کارکردن هاتوونەتە کوردستان، بۆیە دەڵێت بەدواداچوونێکی جیددی دەکەن لەسەر ئەو کرێکارە بیانیانەی مەترسی کڕین و فرۆشتنیان لەسەرە.

> بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە دهۆک:
>
> **ئەوانەی مەترسی کڕین و فرۆشتنیان لەسەرە زۆرتر کرێکاری بیانین**

لە ئۆکتۆبەری 2018 نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە شاری دهۆک کرایەوە، ئەو نووسینگەیە سەر بە دیوانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. هەفتەی ڕابردوو لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە دهۆک کۆبووەوە و پلانێکی تازەی دانا بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ.

موقەدەم سالار عابد، بەرپرسی نووسینگەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەم نووسینگەیە چوار مانگە کراوەتەوە. سەرەتای کارکردنمان بوو، بەڵام وردە وردە فێردەبین چۆن بەرەنگاری ئەو کەسانە ببینەوە کە بازرگانی بە مرۆڤ دەکەن، هەتا ئێستا نزیکەی 20 کەسمان لەسەر ئەوە دەستگیر کردووە".

موقەدەم سالار یەکێک لەو کەیسانەی ئاشکرا کرد کە نووسینگەکەیان کاری لەسەر کردووە و گوتی: "لە ماوەی ڕابردوودا کارمان لەسەر کەیسی فرۆشتنی منداڵێک کرد، کچێک کە لە کافێیەکی زاخۆ کاری کردووە، لەگەڵ خاوەن کافێیەکە سێکسی کردووە و دووگیان بووە. دوای لە دایکبوونی منداڵەکە ژنەکە و خاوەن کافێیەکە ویستوویانە منداڵەکە بفرۆشنە کەسێک، بەڵام ئاشکرا بوون و لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران".

سالار ئاماژەی بەوەدا کە زۆربەی کەیسەکان پەیوەندییان بە کرێکارانی بیانییەوە هەیە، ئەو کرێکارانە بەناوی کارکردن لە کۆمپانیا و ماڵەکان دەهێنرێنە کوردستان، بەڵام لێرە بازرگانییان پێوە دەکرێ. ئەو باسی یەکێک لەو کەیسانەی کرد و گوتی: "پێش مانگێک 11 کرێکاری بەنگلادیشیمان دەستگیرکردن کە بازرگانییان پێوە دەکرا، هەندێک لەوانە بە ڕەزامەندی خۆیان بوو، هەندێکیشیان لەژێر گوشاردا ئەو کارەیان پێ دەکرا".

یەکێک لەو لایەنانەی کە نووسینگەکە ئیشی لەسەر دەکات، ئەو ئافرەتانەن کە لە ڕێگەی لەشفرۆشییەوە بازرگانییان پێوە دەکرێ، موقەدەم سالار دەڵێت: "چەند تیمێکمان پێکهێناوە، بەردەوام سەردانی هوتێل و کافێکان دەکەن، لە هەر شوێنێک بزانن لەشفرۆشی بە ئافرەتانەوە دەکرێ، ئەو کەسە دەستگیر دەکەن کە لەشفرۆشییان پێوە دەکات، لەو ڕۆژانەش ئافرەتێکمان دەستگیرکرد کە ئەوە کاری بووە".

کەرتی گەشتیاری لە کوردستان لە گەشەسەندندایە، لە زۆر وڵات گەشتیاری سێکس کەرتی گەشتیاری وڵاتەکە دەبووژێننەوە، بەڵام موقەدەم سالار دەڵێت بەهۆی ئەوەی بەپێی یاسای سزادانی عێراقی لەشفرۆشی تاوانە، بۆیە ناتوانن شوێن بۆ ئەو گەشتیارانە بکەنەوە کە بۆ سێکس سەردانی کوردستان دەکەن و دەڵێت "هەر کەسێک لەشفرۆشی بکات بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکەین".

عەبدولڕەزاق نهێلی، شارەزا لە کەرتی گەشتیاری دەڵێت: "کافێ و یانەکانی شەوان و گەشتیاری سێکسی، هۆکارن بۆ گەشەکردنی کەرتی گەشتیاری، ئەگەر حکومەتی هەرێم پلانی بۆ گەشەکردنی کەرتی گەشتیاری هەبێت، دەبێت ئەو خاڵە لەپێش چاو بگرێت و ڕێگری لە گەشتیاری سێکس نەکات".

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (544) - دووشەممە 2019/2/25

## ڕۆژ نووری شاوەیس: ناکۆکیمان لەگەڵ یەکێتی نییە



**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسانی باڵای پارتی و یەکێتی ئاماژە بەوەدەکەن، گفتوگۆکانیان لەبارەی پێکهێنانی حکومەت بەردەوامن و بەمنزیکانەش کۆدەبنەوە، گەشبینن بەوەی دەگەنە ڕێککەوتن. دوای بەشداریکردن لە چلەی ماتەمینی محەممەد مەلا قادر لە هەولێر، د. ڕۆژ نووری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیی دیموکراتیی کوردستان بە ڕۆژنامەڤانانی ڕاگەیاند، پارتی و یەکێتی "بەمنزیکانە" کۆدەبنەوە، گوتیشی "ناکۆکیمان نییە و دەمانەوێ حکومەت دروست بکەین". لەبارەی نامەکەی سەرۆک بارزانی، ڕۆژ نووری شاوەیس ڕایگەیاند، سەرۆک بارزانی بەپێی ڕۆڵ و پێگەکەی داوای لە هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی کردووە کۆببنەوە، هەردوولاش ئەوەیان قبوڵکردووە.

### داوا لە بێگەرد تاڵەبانی و ڕێواس فایەق دەکرێ یەکێکیان ببێتە وەزیر

# یەکێتی بە مەرج سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرێ

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەو دوو نامە کورتەی لە نێوان بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ ئاڵوگۆڕ کران، پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی گێڕاوەتەوە بۆ دۆخێک کە بەرپرسانی هەردوو حیزب ئومێدی ڕێککەوتنی لەسەر هەڵدەچنن. زمانی دانوستاندنیان نەرمترە، بەڵام خاڵ و مەرجەکان وەک خۆیان ماون و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری یەکێتییە، دەڵێ: "زەمینەیەکی باش هاتووەتە پێش، بەڵام یەکێتی داخوازییەکانی وەک خۆی ماون. جیاوازییەکە ئەوەیە پارتی نەرمتر لە جاران قسە دەکات".

مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژی 23ی شوبات نامەیەکی بۆ کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نارد، لە نامەکەدا دەڵێ: "کۆبوونەوەی 18ی مانگی پەرلەمان، نە سەرکەوتنی پارتییە و نە شکستیشە بۆ یەکێتی، داوام لە مەکتەبی سیاسی پارتی کردووە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕێکبخەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا".

کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی، وەڵامی نامەکەی بارزانی بەم شێوەیە داوەتەوە: "نامە دۆستانەکەت گەیشت و سوپاست دەکەم. سوپاسی هەستی دۆستانەت دەکەم و ئێمەش لە مەترسی قۆناغەکە تێدەگەین و ئامادەین بۆ دانوستاندن و کات و شوێنی کۆبوونەوە و دانوستاندن ئێوە دیاریی دەکەن و هەرکات دیاری بکەن ئێمە ئامادەین. لەگەڵ ڕێزدا".

### ئاماژەکانی ڕێککەوتن

ئاریز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ، نامە لە نێوان هەردوولا ئاڵوگۆڕ کراوە و هەردوولاش ڕەزامەندییان بۆ کۆبوونەوە و دۆزینەوەی چارەسەر دەربڕیوە "ئیدی دەبێت لەم نزیکانە کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی بکرێ بۆ ئەوەی ڕێگایەک بدۆزرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان".

گوتیشی: "هەوڵ هەیە بۆ ڕێککەوتن، بەڵام کۆبوونەوەی داهاتوو ئەوە ڕوونتر دەکاتەوە".

ڕۆژی 23ی شوبات، کۆسرەت ڕەسوڵ لەگەڵ فراکسیۆنی یەکێتی کۆبووەوە و داوای لێکردن، داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی خەڵک بن لە پەرلەمان. بڕیاریشە ڕۆژی سێشەممە پەرلەمانی کوردستان بۆ دیاریکردنی لیژنەی یاسایی کۆببێتەوە.

وەک ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی گوتی، بڕیار بوو کۆبوونەوەکە زووتر بکرێ، بەڵام مادام کۆبوونەوەکە دواخرا بۆ سێشەممە "مانای ئەوەیە نایانەوێ بەبێ یەکێتی کۆببنەوە و ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی خواستێک هەبێت لە نێوان هەردوولا بۆ ڕێککەوتن، چونکە پارتی و یەکێتی پێشتر کۆدەبنەوە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ یەکێتی داوای پۆستی سەرۆکی هەرێم و تەنانەت جێگری سەرۆکی هەرێمیش ناکات "چونکە ئێمە دەزانین پارتی ڕێککەوتنی خۆی لەگەڵ گۆڕان هەڵناوەشێنێتەوە، قسەی فەرمی یەکێتی ئەوەیە کە ڕێککەوتنێک لە نێوان پارتی و یەکێتی هەیە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 5 شوباتدا هاتووەتە ئاراوە، یەکێتی جەخت لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە دەکاتەوە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی، باسی وردەکارییەکانی ئەو ڕێککەوتنە دەکات و دەڵێ، ئەو ڕێککەوتنە وردەکاریی تێدایە. خاڵە بنەڕەتییەکانی تێدایە و هەروەها خاڵی دیکەشی تێدایە، تەنیا مەسەلەی تەکنیکی تێدا نییە، مەسەلەی تەکنیکی وەک ئەوەی پۆستەکان چۆن پڕ دەکرێنەوە و یاساکان چۆن هەموار دەکرێنەوە. ئەو بابەتە تەکنیکیانەش ناچێتە نێو چوارچێوەی ڕێککەوتنی سیاسی و دەبێ بە پاشکۆ بۆ ڕێککەوتنەکە زیاد بکرێت "هەر لە ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتیدا نووسراوە، سەرۆک و جێگری سەرۆکی پەرلەمان بە هەماهەنگی کاردەکەن لەسەر بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان و هەمواری یاساکان".

### ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

### چاوەڕێی پارتی دەکەین کاتی کۆبوونەوە دیاری بکات

### ئەگەر خاڵی زۆرمان لەسەر حیساب نەکەن، سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرین



### یەکێتی پەرلەمانی دەوێ؟

هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی دانوستاندنەکانەوە، یەکێتی دوو بەربژێری ژنی ئامادە کرد بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان. بەڵام ئێستا لەنێو بەشێک لە بەرپرس و کادرانی ئەو حیزبە ڕایەک دروستبووە، داوا دەکات مادام کۆبوونەوەی 18ی شوبات بەبێ ئەوان کرا، ئەو پۆستە وەرنەگرن. لەکاتێکدا هێشتا هەردوو بەربژێرەکە ڕێواس فایەق و بێگەرد تاڵەبانی، لە لۆبیکردن بۆ خۆیان بەردەوامن.

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ پارتی خۆی گوتوویەتی کە ئەوە پۆستی ئێوەیە و ئێمە نەمانگوتووە بەڵێ و نەشمانگوتووە نەخێر: "ئەگەر لە دانیشتنی ئەمجارە سەرۆکی پەرلەمانمان بدەنێ و خاڵی زۆری لەسەر حیساب بکەن، نامانەوێ. چونکە گۆڕان بە 12 کورسی ئەو هەموو پۆستەی وەرگرتووە، کەواتە ئێمە دوو ئەوەندەی گۆڕانمان پۆست بەردەکەوێ".

کەواتە چی دەمێنێتەوە بۆ پارتی خۆی؟" ئەو وەڵامی ئەوەش دەداتەوە و دەڵێ: "هیچ". وەک ئەو گوتیشی "مرونەتی یەکێتی لەمبارەیەوە ئەوە دەبێت، شەڕ لەسەر پۆست کەمتر بکات و زۆرتر باسی بەرنامەی حکومەت و یەک پاکێجیی کەرکووک و بەغدا و هەرێمی کوردستان بکات".

کات بە خێرایی تێدەپەڕێت و پارتی و یەکێتیش ناخوازن کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان، خوێ بکات بە برینەکانی 18ی شوباتدا. یەکێتی وەک لەبەرچاوگرتنی ئەگەری ڕێککەوتنیان لەگەڵ پارتی، بیرۆکەیەکی نوێی هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لە نێوان ڕێواس فایەق و بێگەرد تاڵەبانیدا "داواکراوە یەکێکیان وەزارەت وەربگرێ، بەڵام ڕێواس فایەق ڕەتیکردووەتەوە وەزارەت وەربگرێت و ئەوەش بەمانای جەختکردنەوەیەتی لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی گوتیشی: "ئەوە یەکلایی بووەتەوە کە یەکێتی نە لەناو پەرلەمان و نە لەنێو فراکسیۆنەکەی خۆی بەربژێری سەرۆکی پەرلەمان یەکلاناکاتەوە، یان دەبێ یەکێکیان ببنە وەزیر، یان لەنێو سەرکردایەتی یەکێتی بە دەنگدان یەکلایی دەکرێتەوە".

### هێشتا کەرکووک دیواری نێوانیانە

لەبارەی نێوەڕۆکی ناکۆکییەکانیان لەسەر کەرکووک، مەحموود محەممەد، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت "ئێمە گوتمان کەرکووک و ناوچەکانی ماددەی 140 ئاسایی بکرێنەوە و ڕێککەوتنێک لەگەڵ حکومەتی عێراق بکەین دواتر پارێزگار هەڵبژێرین، بەڵام یەکێتی زیاتر ئەولەویەتی ئیشەکانیان ئەوە بوو کە پارێزگارێک دابنرێت بۆ کەرکووک و دواتر ئاساییکردنەوە و کارەکانی دیکە بخرێنە قۆناغێکی دیکەوە".

پێش 18ی شوبات دوور نەبوو هەردوولا لەسەر کەرکووک ڕێکبکەون، ئەگەر پارتی لە ڕێککەوتننامەکەدا ڕستەیەکی دەستکاری کردبا و بەم شێوەیەی لێکردبا: "پۆستی پارێزگاری کەرکووک لەلایەن ئەندامێکی یەکێتییەوە پڕ دەکرێتەوە". بەڵام هێشتا یەکێتی هیوای وایە دەستپێشخەرییە نوێیەکەی بارزانی، ئەو دیوارەی نێوانیان بڕووخێنێ.

### بزووتنەوە و سۆشیالیست

نوێترین زانیاری کە لە بەرپرسانی پارتی دەست (ڕووداو) کەوتوون، بەشداركردنی هەریەکە لە حیزبی سۆشیالیست و بزووتنەوەی ئیسلامییە لە حکومەتی داهاتوودا. ئەو دوو حزبەی دوودڵ نین لە پێشوازیکردن لەم بانگهێشتە، بەڵام چۆن بەشداری دەکەن؟

عەبدوڵڵا حاجی مەحموود، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی سۆسیالیست بە (ڕووداو)ی گوت: "بە فەرمی پەیمان ڕانەگەیێندراوە بەشداری حکومەت بکەین". بەڵام وەک ئەندامێکی دیکەی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە بۆ (ڕووداو)ی باسکرد، پارتی "خواستی ئەوەی هەیە سۆشالیست یەکێک بێت لە بەشداربووانی کابینەی نوێ".

هەرچی بزووتنەوەی ئیسلامییە کە پارتی سەردانی کردوون، مونیرە عەبدولعەزیز، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوە دەڵێ "لەو دانیشتنەدا زۆر جەخت لە وردەکاریی بەشداریی ئێمە لە حکومەت نەکرایەوە، تەنانەت لە دانیشتنی ڕابەری گشتی بزووتنەوە و کاک مەسعودیشدا، بەو شێوەیە باس نەکرا".

بەڵام بەرپرسێکی دیکەی بزووتنەوە دەڵێ: "پارتی حەزی لێیە بەشداری بکەین. ڕەنگە وەزارەتی ئەوقاف بدرێتە بزووتنەوە".

### لیژنەی یاسایی پەرلەمان چۆن دروستدەکرێ؟

# (ڕووداو) ناوی ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئاشکرا دەکات

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

هەرچەندە ڕێوشوێنەکانی پێکهێنانی لیژنەی یاسایی پەرلەمان لە ڕووی کردارییەوە جێهێڵدراوە بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستاندنە پچڕاوەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڵام ئامادەکارییەکان بۆ ئەوەی ڕێگای دروستکردنی لیژنەکە کورت بکرێتەوە و پێویستی بەکاتی زۆر نەبێت، بەردەوامە. وا بڕیارە ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو پەرلەمانی کوردستان بۆ دانانی لیژنەی یاسایی کۆببێتەوە.

جگە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرجەم فراکسیۆنەکان ناوی بەربژێری خۆیان ڕادەستی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، پەرلەمانتارێکی پارتی دەڵێ هەر پێوەرێک لەبەرچاو بگیرێت، سەرۆکی لیژنەکە بەرکەوتەی ئێمەیە، مەگەر دانوستاندن و ڕێککەوتنی لایەنەکان شتێکی دیکە بێنێتە ئاراوە.

بەهۆی گرنگی و هەستیاریی لیژنەکەوە، زۆر نازناوی جیاوازی هەڵگرتووە، بەڵام زۆربەی پەرلەمانتاران کۆکن لەسەر ئەوەی "دڵی پەرلەمان"ـە. هەموو پرۆژە یاساکان و دەستوور و تەنانەت پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش دەبێ بچێتە ژێر دەستی ئەو لیژنەیە. یەکەمین لیژنەی پەرلەمانیشە کە بڕیاری دروستکردنی دەدرێت و پسپۆڕییەکەشی ئەو مەرجە بنەڕەتی و دەستلێنەدراوەیە کە حیزبەکان لە کاتی ئامادەکردنی بەربژێری هەڵبژاردنی پەرلەماندا، دەبێت ڕەچاوی بکەن. لاوازترین فراکسیۆنی پەرلەمانیش ئەوەیە پسپۆڕی یاسایی تێدا نەبێ، بەڵام دڵی پەرلەمان چۆن دروستدەکرێت و هەڵدەبژێردرێت؟

وەک پەرلەمانتاران بۆ (ڕووداو)یان باسکردووە، کاتێک دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دیاری دەکرێ، یەکەمین کاری دوای ئەو هەڵبژاردنە، دروستکردنی لیژنەی یاساییە. بۆ هەر 10 ئەندامێکی پەرلەمان، ئەندامێکی لیژنەکەیە. واتە ئەگەر فراکسیۆنێکی پەرلەمانی 30 ئەندام بێت، 3 ئەندامی لەو لیژنەیەدا بەردەکەوێ. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دەبێ ئەو لیژنەیە لە 5 ئەندام کەمتر نەبێت و لە 11 ئەندامیش زۆرتر نەبێت.

### سەرۆکی لێژنەکە بەرکەوتەی ئێمەیە

فراکسیۆنی پارتی

دوای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی، دەبێ ئەو لیژنەیە یەکلا بکرێتەوە، بۆیە دوای کۆبوونەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی، ڕۆژی دواتر، سەرۆکایەتی پەرلەمان داوای لە فراکسیۆنەکان کرد بەربژێری خۆیان بدەنە سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەندامێتی لیژنەکە.

ڕێبوار بابکەیی، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دەڵێ چاوەڕوانی ئەنجامەکانی گفتوگۆی نێوان پارتی و یەکێتی دەکەین.

دوو دانیشتن لە نێوان سەرۆکایەتی تازە هەڵبژێردراوی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکاندا کراوە بە مەبەستی دانانی ئەو لیژنەیە، بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) هەریەک لە فراکسیۆنەکانی گۆڕان، نەوەی نوێ، کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی ناوی خۆیان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان. پارتیش 4 ناوی ئامادە کردووە و یەکێتی بەهۆی پرسی ڕێواس فایەق و سەرۆکایەتی پەرلەمان و دانوستاندنە ئاڵۆزەکانی لەگەڵ پارتی، هێشتا هیچ ناوێکی نەداوە.

شاخەوان ڕەئوف، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ فراکسیۆنەکان ڕاسپێردراون ناوی بەربژێرەکانیان بدەنە سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئێمە لای خۆمانەوە ناوی خۆمان داوەتە سەرۆکایەتی "دەبێت هەوڵ بدرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو لیژنەیە دەستبەکار ببێ و کاری خۆی بکات، دواتر ئەو پرۆژە یاسایانەی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێن، ئەو لیژنەیە تاوتوێیان دەکات".

ڕۆژی شەممە، وەک ئامادەکاری بۆ دەستپێکردنەوەی گەڕێکی دیکەی دانوستاندنەکان لەگەڵ پارتی، مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆبووەوە. بەڵام پێش ئەو کۆبوونەوەیە کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی لەگەڵ فراکسیۆنی یەکێتی کۆبووەوە و لە کۆبوونەوەکەدا داوای لە ئەندامانی فراکسیۆنی حیزبەکەی کرد بە چاوێکی کراوە بەرگری لەو یاسایانە بکەن کە بەرژەوەندی خەڵکیان تێدایە و نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی خەڵک بکەن لە پەرلەمان. ئەوەش هێمایەکی ڕوونی گەڕانەوەی فراکسیۆنەکەیە بۆ پەرلەمان.

لوقمان وەردی، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان، نەیویست لە بارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەیان قسە بکات، بەڵام گوتی: "ئێمە چاوەڕوانی دانوستاندنەکانی یەکێتی و پارتی دەکەین بزانین بە چی دەگەن".

هەر لەسەرەتاوە پارتی ئامانجی ئەوە بوو د.ڤالا فەرید، بکاتە سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان. بەو پێیەی ناوبراو ئەزموونی چوار ساڵی ڕابردووی لەو لیژنەیەدا هەیە و پێشتر سەرۆکی لیژنەکە بووە. هەروەها پارتی بەوپێیەی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانییە، دەیەوێ بەو 45 کورسییەی هەیەتی، 4 ئەندام بنێرێتە نێو لیژنەکەوە. بەڵام بەهۆی ئەوەی ڤالا فەرید بەشێوەیەکی کاتی بووەتە سەرۆکی پەرلەمان، لە ئەگەری وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەماندا لەلایەن یەکێتییەوە، پارتی ڤالا فەرید دەکاتەوە بە سەرۆکی لیژنەی یاسایی و یەکێک لەوانە دەکشێنێتەوە لە نێو لیژنەکە کە ئەندام دەبن تێیدا.

پەرلەمانتارێکی کۆمەڵی ئیسلامی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ ئەوان داوایان کردووە لیژنەکە بە میکانیزمێکی دادپەروەرانە پێکبهێنرێت و ئەندامێکی لیژنەی یاسایی بەرکەوتەی فراکسیۆنەکەیان دەبێت "بەڵام ئەگەر بە پێوەری دیکە ئەندام دیاری بکرێن، ڕەنگە بەو شێوەیە ئێمە لە ئەندامێتی ئەو لیژنەیە بێبەش بکەن، بەڵام بە هەموو پێوەرەکان ئێمە ئەندامێکی لیژنەکە وەردەگرین".

پارتی هەریەکە لە بژار خالد، ئەرشەد حوسێن، خەدیجە عومەر و ئەندامێکی دیکەی ئامادە کردووە بۆ لیژنەی یاسایی. بزووتنەوەی گۆڕان ناوی جەلال محەممەدی داوەتەوە دەستەی سەرۆکایەتی. یەکگرتوو ناوی سەرچنار ئەحمەد و کۆمەڵ ناوی ڕووپاک ئەحمەدی پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە. هەر بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لە پەرلەمانتارانی وەرگرتووە، پارتی چوار ئەندام، یەکێتی دوو ئەندام، گۆڕان یەک ئەندام، نەوەی نوێ یەک ئەندام، کۆمەڵ یەک ئەندام و کریستیان و تورکمانەکان یەک ئەندام، ڕەنگە یەکگرتووی ئیسلامیش یەک ئەندامی پێبدرێ.

شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ سەرۆکی لیژنەی یاسایی بەپێی گفتوگۆی نێوان فراکسیۆنەکان دیاری دەکرێت "بەڵام پێوەری دیکەش هەن، بۆ هەر یەکێک لەو پێوەرانە دەبێت فراکسیۆنەکان گفتوگۆ بکەن و ئەوە یەکلا بکەنەوە".

گوتیشی: "دەستبەکاربوونی ئەو لیژنەیە گرنگە بۆ ئەوەی تاوتوێی ئەو پرۆژە یاسایانە بکات کە پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراون".



تەنیا فراکسیۆنی یەکێتی بەربژێرانی خۆی بۆ لیژنەی یاسایی دەستنیشان نەکردووە (فۆتۆ: ڕووداو)

# یەکێتی چوار ناو بۆ پارێزگاری کەرکووک دەداتە پارتی

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئێستا یەکێتی بە فەرمی چوار بەربژێری هەیە بۆ ئەوەی یەکێک لەوانە وەک پارێزگاری کەرکووک دەستنیشان بکرێت. ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی دڵنیا نییە لەوەی لە کۆبوونەوەی ئەمجارەدا لەگەڵ پارتی دەگەنە ڕێککەوتنی کۆتایی لەبارەی کەرکووکەوە "بەڵام ئێمە وا لە نیەتی پارتی تێدەگەین کە لە دانیشتنی ئەمجارەدا نەرمی بەرامبەر بە پرسی کەرکووک بنوێنێ".

پۆستی پارێزگاری کەرکووک، خاڵی ناکۆکی نێوان پارتی و یەکێتی و ڕێککەوتنی 5ی شوباتە. ئەو پرسەی کە پارتی پێیوایە دەبێت دوای ئاساییکردنەوەی دۆخی شڵەژاوی کەرکووک و چوونە دەرەوەی هێزە جیاوازەکانی سوپا و میلیشیا عێراقییەکان، پارێزگاری بۆ دابنرێ و یەکێتیش سوورە لەسەر ئەوەی لەگەڵ دەستبەکاربوونی سەرۆکی حکومەتی نوێ لە کوردستان، یەکێک لە بەربژێرەکانی وەک پارێزگاری کەرکووک دیاری بکرێ.

لەبەر هەستیاریی دۆخەکە و بە بیانووی ئەوەی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ پارتی لەبەردەمدایە، ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە. ئەو دەڵێ: "ئێستا هەریەک لە ڕزگار عەلی، خالد شوانی، ڕەفعەت عەبدوڵڵا و شاڵاو عەلی عەسکەری بەربژێری یەکێتین بۆ ئەوەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک وەربگرن، بەڵام یەکێتی خۆی هیچکام لەو ناوانە یەکلا ناکاتەوە، بەڵکو ناوەکان دەخرێنە بەردەم پارتی و پارتی بە ئاگاداری حیزبەکانی دیکە خۆی یەکێک لەو ناوانە پەسەند دەکات".

کێشەی نێوان پارتی و یەکێتی لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی 5ی شوبات و کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، لەسەر شوێنی کۆبوونەوەکەشە، ئەندامانی یەکێتی ڕەتیانکردەوە بچنە هەولێر و پارتیش سوورە لەسەر نەگەڕانەوە بۆ کەرکووک تاوەکو ئەوکاتەی دۆخی کەرکووک ئاسایی دەبێتەوە. هەر بۆیە ئێستا قەرەهەنجیر بووەتە خاڵی لێکنزیکبوونەوەیان ئەگەر ئەندامە عەرەب و تورکمانەکان ڕازی بن.

هەرچەندە ئاسۆ ئەڵمانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکووکی یەکێتی، یەکێک بوو لەو ناوانەی ماوەی زۆرتر لە چوار مانگە لەنێو بەربژێرانی یەکێتی ناوی دەهێنرێ بۆ وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری کەرکووک، بەڵام ناوبراو ڕەتیکردەوە بەربژێر بێت بۆ ئەو پۆستە.

ئاسۆ ئەڵمانی، لە لاپەڕەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ڕایگەیاندووە "لێرەوە بە هەموو لایەکی ڕادەگەیەنین کە بە هیچ شێوەیەک نە لە ڕابردوو نە ئێستا، خۆم بۆ ئەو پۆستە کاندید نەکردووە و بە نیاز نیم بۆ داهاتوووش خۆم کاندید بکەم".

ئەو ڕوونکردنەوەیەی ئاسۆ ئەڵمانی لە کاتێکدایە، ڕۆژی 2019/2/24 نامەیەکی شاڵاو عەلی عەسکەری، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بڵاوبووەوە کە داوای پاڵپشتی دەکات بۆ خۆپاڵاوتنی بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکوک.

بارزان ئەحمەد کوردە، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، دەڵێ هێشتا میکانیزمی یەکلاکردنەوەی یەکێک لەو چوار بەربژێرە دەستنیشان نەکراوە :"هەرکات پارتی و یەکێتی ڕێککەوتن، ئەوکات بابەتەکە دەبرێتە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و لەوێ یەکلا دەکرێتەوە".

بڕیارە بەم نزیکانە پارتی و یەکێتی جارێکی دیکە لەسەر ئاستی باڵا کۆببنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نێوانیان. بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە بەرپرسانی یەکێتی وەریگرتووە، ئومێدی بەرەوپێشچوون لەنێوان هەردوو حیزب دروستبووە دوای ئاڵوگۆڕی نامەکەی بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ. هەر بۆیە وەک ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی گوتی: "ئەگەر پارتی و یەکێتی بگەنە ڕێککەوتن لەسەر کەرکووک و پارتی ڤیتۆی نەمێنێ لەسەر پارێزگاری کەرکووک لەلایەن یەکێتییەوە، یەکێتی ئاسایی دەبێت بەلایەوە دەستنیشانکردنی یەکێک لە بەربژێرەکانی بداتە دەست پارتی تاوەکو لە ڕێگای ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکەوە دەنگی پێبدرێ".



## دوو وەزارەت و سەرۆکایەتی دوو دەستەی دەوێ

# کۆمەڵ بە ڕێککەوتنێکی سیاسی بەشداریی حکومەت دەکات

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

بەرپرسانی پارتی دەڵێن پەیوەندیی نێوان حیزبەکەیان و کۆمەڵی ئیسلامی بەرەو پەیوەندییەکی ئاسایی و دۆستانە چووە، ئەوان خوازیاری ئەوەن کە ئەو پەیوەندییە باشە زەمینەی بەشداریی کۆمەڵی ئیسلامی لە حکومەتدا خۆش بکات. گوتەبێژی فەرمی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ لەو دوو دانیشتنەی لەم ماوەیە کران، باسی بەشداریی کۆمەڵ لە حکومەتدا نەکراوە.

زۆر پرسیار لە مەداری گفتوگۆکانی پارتی لەگەڵ لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن دێن و دەچن، یەکێک لەو پرسیارانەی وەڵامەکەی بە ناڕوونی ماوەتەوە، بەشداریی کۆمەڵی ئیسلامییە لە حکومەت کە خاوەنی 7 کورسییە لە پەرلەمانی کوردستان و لە سەرەتای دەستپێکردنی دانوستاندنەکانەوە، نەیشاردەوە کە ئارەزووی بەشداری هەیە لە حکومەت.

ڕێبوار حەمەد، گوتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی، دەڵێ تاوەکو ئێستا وادەیەک بۆ کۆبوونەوەی نێوان کۆمەڵ و پارتی دیاری نەکراوە و لەگەڵ پارتی زۆرتر باسی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکانیان کردووە: "ئەوان داوایان کردووە کۆمەڵی ئیسلامی بەشداریی حکومەت بکات، بەڵام بەشداریی ئێمە هەروا سەرپێیی نییە و دەمانەوێ بەرچاومان ڕوون بێت کە حکومەتەکە چۆنە و چۆن دادەمەزرێ و چی دەکات".

گوتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی، مەبەستەکەی ڕوونتر دەکاتەوە و دەڵێ: "دەمانەوێ بزانین بەرنامەی حکومەتەکە چۆنە و کاری لەپێشینەی چییە. ئەگەر بڕیار بدەین بەشداریی بکەین، بێگومان دەبێت لە بەرنامەی حکومەتدا قسەمان هەبێت و گرنگە بەرنامەی کۆمەڵی ئیسلامی ڕەچاو بکرێت، بەڵام هێشتا ئێمە بڕیاری کۆتاییمان نەداوە بەشداریی دەکەین یان نا".

پەیوەندیی پارتی و کۆمەڵ، لە چوار ساڵی ڕابردوودا هەڵبەز و دابەزی زۆری بەخۆیەوە بینی. هەرچەندە فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی لە ماوەی ڕابردوودا پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان و کۆمەڵی بە زمانێکی جیاواز پێناسە کرد و گوتی "ئێمە لە دۆست نزیکترین و خزمین".

> **گوتەبێژی کۆمەڵ**
>
> پارتی داوای لێکردووین بەشداری حکومەت بکەین

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، پەیوەندی ئێستای نێوان حیزبەکەی و کۆمەڵی بە "ئاسایی" ناوبرد و گوتی "پارتی داوای لێکردوون بەشداری لە حکومەت بکەن، ماوەتەوە ئەوەی کاتێک دەستنیشان بکرێت بۆ دانوستاندن". بەڵام ئەو حزبە ئیسلامییەشی سەرپشک کرد لەوەی ڕێگای حکومەت هەڵدەبژێرێ یان نا.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لە زیاتر لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەستیکەوتووە، لە دیداری هەفتەی پێشووی نێوان عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵ و عومەری سەید عەلی، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕاندا، شاندی کۆمەڵ گلەیی ئەوەیان لە گۆڕان کردبوو کە بۆ چوونە نێو حکومەت هەڵوێستی کۆمەڵی ئیسلامییان لەبەرچاو نەگرت و بە جێیانهێشتن، بەڵام ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بەرپرسانی کۆمەڵی ڕوونکردبووەوە کە پێداگریی زۆریان لەگەڵ پارتی کردووە بۆ ئەوەی کۆمەڵ بەشداری حکومەت بکات. ئەوە لە کاتێکدایە کە بەپێی زانیارییەکان لە کاتی دانوستاندنی پارتی و گۆڕاندا، ڕێکخەری گشتی گۆڕان بە شاندی پارتی گوتووە :"ناکرێت ئەم حکومەتە هیچ لایەنێکی ئیسلامی بەشداریی تێدا نەکات، لە کاتێکدا دەورە دراوین بە حکومەتی ئیسلامی، وەڵامی پارتیش ئەوە بووە کە لە پلانی ئەواندا کۆمەڵ لە بازنەی گفتوگۆکاندایە".

ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ پەیوەندی تەلەفۆنی ڕۆژانە کەوتووەتە نێوان بەرپرسانی پارتی و کۆمەڵ و ئێستا دۆخەکە لە نێوانیان وەک ماوەی ڕابردوو نەماوە "کۆمەڵ چاوەڕوانی شاندی پارتییە و لە کۆبوونەوەی ئەمجارەدا باسی پێکهێنانی حکومەت دەکرێت".

گوتیشی: "گۆڕان بە 12 کورسییەوە چوار وەزارەت و 24 بەڕێوەبەری گشتی وەرگرتووە لەگەڵ جێگری سەرۆکی هەرێم، خۆ کۆمەڵی ئیسلامی جیاوازییەکی وای لەگەڵ گۆڕان نییە، بۆیە هەر نەبێت دوو وەزارەت و دوو دەستەی دەوێت لەگەڵ بەرکەوتەی خۆی لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، پێیوایە سەرەتا دەبێت پارتی و کۆمەڵ ئاشتەوایی ڕاستەقینە دروستبکەنەوە لە نێوانیان "ئەو ئاشتەواییە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵیش زۆر مەسەلەی وەزارەت و پۆستەکان نەکاتە کێشە، بەڵام کۆمەڵی ئیسلامی بۆ چوونە ناو حکومەت داواکارە ڕێککەوتنێکی سیاسی لەگەڵ پارتی هەبێت بۆ کارنامە و سیاسەتی حکومەت و شێوازی بەشداری".

بەپێی زانیارییەکان لەو کاتەی یەکێتی دانوستاندنەکانی لەگەڵ پارتی پچڕاند، سەرکردەکانی یەکێتی هەوڵی زۆریاندا بۆ نزیکبوونەوە لە کۆمەڵی ئیسلامی. ڕۆژی 20ی شوبات، بافڵ تاڵەبانی لە هەولێر سەردانی عەلی باپیری کرد. بەڵام وەک ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی باسی دەکات، ئەوان لەگەڵ یەکێتی و پارتیش جەختیان لەوە کردووەتەوە "بەیەک ئەندازە لەگەڵ هەموو لایەنەکان نزیک دەبن".

## دووانیان کوڕی میر تەحسینن

# حەوت کەس چاویان لەوەیە ببنە میری ئێزدیان

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

بابەتی دەستنیشانکردنی میرێک بۆ ئێزدیانی جیهان ڕۆژەڤێکی گەرمی نێو ئێزدییەکانە، هەتا ئێستا حەوت کەس خۆیان کاندید کردووە کە هەموویان لە بنەماڵەی میری پێشوون، بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2019/2/25 لە کۆبوونەوەیەکدا بە ئامادەبوونی نوێنەری 24 خێزانی بنەماڵەی میر کەسێک دەستنیشان بکرێت و ناوەکەی بدرێتە ئەنجوومەنی ڕۆحانی ئێزدی و شوێنی میر تەحسین بگرێتەوە. گوتەبێژی بنەماڵەی میری ئێزدیان دەڵێت ئەگەر ئێمە نەمانتوانی کاندیدێک دەستنیشان بکەین، ئەوا دەبێت لە نێو ئێزدیخاندا یەکلا بکرێتەوە، ئەوەش دەبێتە کێشەیەکی گەورە. ئەنجوومەنی ڕوحانی کوردی ئێزدیش دەڵێت دەستنیشانکردنی میرێک بۆ ئێزدیان دەکەوێتە دوای چلەی میر تەحسین بەگ.

ڕۆژی 2019/1/28 میر تەحسین بەگ مێردی ئێزدیانی کوردستان و عێراق و جیهان، لە تەمەنی 86 ساڵیدا لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد. لەدوای تەواوبوونی پرسەکەشی، دانانی میرێکی نوێ، بووە ڕۆژەڤی نێو ئێزدییەکان. ڕۆژی 20ی ئەم مانگە کۆبوونەوەیەکی بچووک و داخراو لە نێو بنەماڵەی میری ئێزدیان کراوە بۆ دەستنیشانکردنی میرێکی تازە، بەڵام لەسەر هیچ ناوێک لەو ناوانەی پێشکەش کرابوون نەگەیشتنە ڕێککەوتن.



(فۆتۆ: ڕووداو)

عامر مەحمود سەیدۆ بەگ وتەبێژی فەرمی بنەماڵەی میری ئێزدیان بە (ڕووداو)ی گوت: "لە کۆبوونەوەکەی 20ی شوباتدا، باسی شوێنگرەوەی میر تەحسین بەگ کرا، باسی چەند مەرجێک کرا کە دەبێت لە بەربژێرەکەدا هەبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی توانیمان یەکێک کاندید بکەین، ئەوە ناوەکەی دەدەینە میللەتی ئێزدی".

عامر دەڵێت :ئەوان هەموو هەوڵێک دەدەن لە کۆبوونەوەی دووشەممە کەسێک لە نێو بنەماڵەکەیان بۆ شوێنی میر تەحسین دەستنیشان بکەن، چونکە ئەگەر وا نەکەن پرۆسەی هەڵبژاردنی میر زەحمەت دەبێ. ئەوکات کەسەکە لەلایەن ئێزدخانەوە هەڵبژێردرێ. عامر پێی باشە بۆ دانانی میر، حکومەتیش بێتە سەر خەت.

میرایەتی ئێزدیان سێ جارە لە دەستی بنەماڵەی میر تەحسین بەگ دایە، پێش ئەو میر سەعید بەگ بوو، پێش سەعید بەگیش میر عەلی بەگ بوو، میر تەحسین لە تەمەنی 11 ساڵییەوە لەلایەن دایکییەوە دەستنیشان کراو بوو بە میری ئێزدیان، بەڵام لەو حەوت کەسەی خۆیان بەربژێر کردووە، تەنیا دووانیان کوڕی میر تەحسین بەگن، ئەوانی دیکە برازانی یان لە بنەماڵەی میرن.

کەریم سلێمان ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ڕوحانی کوردانی ئێزدی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند "ئەنجوومەن و هەموو ئێزدییەکان چاوەڕێی بنەماڵەی میر دەکەین کە ئەوان یەکێک دەستنیشان بکەن، دواتر ئێمە بۆچووونی خۆمانی لەسەر بدەین".

سەبارەت بە کاتی مەراسیمی دەستنشانکردنی مێردی ئێزدییان، کەریم سلێمان گوتی "مەراسیمی دەستنیشانکرنی میر دەکەوێتە دوای چلەی میر تەحسین بەگ".

> چاوەڕێی بنەماڵەی میر دەکەین خۆیان یەکلایی بکەنەوە
>
> ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ڕوحانی کوردی ئێزدی

عامر ناوی ئەو کەسانەی ئاشکرا کرد کە هەتا ئێستا لە ناو بنەماڵەی میردا خۆیان کاندید کردووە و دەڵێت :"هەتا ئێستا حەوت کەس خۆیان کاندید کردووە، لەوانە: میر حازم تەحسین بەگ، میر عیسمەت میر تەحسین بەگ، میر کامیران بەگ، میر هەرمان بەگ، میر شێرزاد بەگ، میر میران بەگ و میر سالم بەگ، هەتا ئێستا ئەم ناوانە دیارن".

عامر کاتی هەڵبژاردنی میردی ئێزدیانی ئاشکرا کرد و گوتی "بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 25ی شوبات لە لالش بە ئامادەبوونی نوێنەری 24 خێزان لە بنەماڵەی میر کۆبوونەوەیەکی دیکە بکرێت، ئەگەر ئەوانەی دەخوازن شوێنی میر تەحسین بگرنەوە ژمارەیان زۆرە، بۆیە نەمانتوانی کەسێک دەستنیشان بکەین".

گوتەبێژی فەرمی بنەماڵەی میر باسی شێوازی دەستنیشانکردنی میر دەکات و دەڵێت: "ئێستا هەموو ئێزدییەکان چاوەڕێی بنەماڵەی ئێمەن، ئێمە کەسێک دەستنیشان دەکەین، پاشان ناوەکە دەدرێتە ئەنجوومەنی ڕوحانی ئێزدی، ئەگەر ئەوان لەسەر ناوەکە ڕازی بوون، ئەو کەسە شوێنی میر تەحسین بەگ دەگرێتەوە".

# حاجی تەحسین... جیهادییەکی یاخی

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- لەندەن

یەکەمین پارشێوی ڕۆژی مانگی ڕەمەزان کە هاوکات بوو لەگەڵ یەکەم ڕۆژی مانگی ئابی 2011 ، فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئەمریکی لە ناوچەی وەزیرستان لە نێوان سنووری پاکستان و ئەفغانستان، سەرکردەیەکی جیهادیی کوردی کردە ئامانج، ئەوە تەحسین مەلا عەلی کوڕە دڵخواز و قۆزەکەی ڕابەری کۆچکردووی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی بوو.

کوژرانی تەحسین وەکو ڕووداوێکی ئاسایی لە هەرێمی کوردستان تێپەڕی، بنەماڵەکەی تەنیا دوو ڕۆژ پرسەیان لە هەڵەبجە و سلێمانی دانا، میدیاکانیش وەکو هەواڵ و ڕاپۆرتی سادە مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوەکە کرد، بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارە ڕوون نییە کە ئاخۆ بۆچی فڕۆکەی سیخوڕی ئەمریکی بە سەرپەشتیی پێنتاگۆن، بەپشتبەستن بە زانیاریی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکی و بە هاوکاریی دەزگای هەواڵگریی پاکستان، لە ناوچەیەکی زۆر سەختدا سەرکردەیەکی جیهادی کوردی دەکوژن؟ بە تایبەت لە ناوچەیەکی وەکو وەزیرستان کە واشنتن و ئیسلام ئاباد بە مۆڵگەی قاعیدە و تاڵیبان و بە مەترسیدارترین شوێنی جیهان وەسفی دەکەن.

وەزیرستان ناوچەیەکی شاخاوی سەختە، لە سەردەمی داگیرکاریی بەریتانیاش هەمیشە یاخی بووە، لە ساڵی 1947ـەوە لەلایەن هەردوو هۆزی ناسراوی پەشتوویی (وەزیر و مەحسوودی) بەڕێوەدەبردرێت. تەحسین مەلا عەلی زاوای یەکێک لەو هۆزانە بوو. دوای جێهێشتنی ناوچەی بیارە وەکو موهاجیر و سەرکردەیەکی جیهادیی کوردی و کوڕی شێخێکی گەورە، لەو ناوچەیە پێشوازی لێکرا.

## بە منداڵی سەلەفی بوو

(ڕووداو) لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵی ئاشکراکردنی بەشێک لە ژیانی تەحسین مەلا عەلی دەدات. بەپێی گێڕانەوەی خاتوو مونیرە عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی کە خوشکی تەحسینە، تەحسین کوڕی چوارەمی خێزانەکەیانە، بەگوێرەی ناسنامەی باری شارستانییەکەی، ساڵی 1974 لە هەڵەبجە لەدایکبووە، بەڵام ڕێکەوتە دروستەکەی لەدایکبوونی مانگی 12ی 1977 ـە. لەبەر زیرەکی و وریایی لە تەمەنی چوار ساڵی خراوەتە بەر خوێندنی ئیسلامی لە هەڵەبجە کە لە شەستەکانەوە لەلایەن بنەماڵەکەیەوە دامەزراوە.

ساڵی 1987 تەحسین لەگەڵ خێزانەکەی و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی هەڵەبجەی لایەنگری ئیسلامی، ئاوارەی ئێران دەبێ. ئەویش بەهۆی ئەوەی مەلا عوسمان عەبدولعەزیزی مامی کە یەکەمین ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی بوو، جیهادی لە دژی ڕژێمی بەعس ڕاگەیاند. مەلا عەلی عەبدولعەزیز کە کەسی دووەمی بزووتنەوە جیهادییەکە بوو، بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری بوو، کوڕەکانیشی پێشمەرگە بوون. بۆیە ئەرکی چاودێری خێزان و ماڵ و کچەکان لە شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەستۆی تەحسین بووە.

مونیرە مەلا عەلی، باسی سەردەمی منداڵیی براکەی بۆ (ڕووداو) دەکات و دەڵێت: "هەر لە منداڵییەوە بیری سەلەفی هەبوو، ڕقی لە چوونە دەرەوەی ژن بوو، هەمیشە ئیختیلافمان هەبوو، بۆ کوێ بڕۆیشتبامایە خۆی دەیبردم و بەدیارمەوە ڕادەوەستا".

هەر لە هەرزەکارییەوە تەحسین جێگای سەرنجی باوکی بووە، بۆیە دەخرێتە ژێر دەستی دوو زانای گەورەی ئیسلامی: مەلا محەممەد شەیخولئیسلام و مەلا عەبدوڵڵا گوڵپی.

## ئۆفەرێکی تاڵەبانی ڕەتدەکاتەوە

کاتێک تەحسین گەورە دەبێ، دەبێتە پێشمەرگەی باوکی. لە زۆربەی شەڕەکاندا سەرکەوتن تۆمار دەکات. بەهۆی زوو دەرکەوتنی لە نێو بزووتنەوەی ئیسلامیدا، لە دوای ڕاپەڕین لە ساڵی 1994 هێزێکی تایبەت بەخۆی بەناوی هێزی شەهیدان دادەمەزێنێ و بنکەکەشی لە ناوچەی تەوێڵە دەبێ لە هەورامان.

> لەسەر داوای باوکی هیچ کردەوەیەکی تیرۆرستی لە کوردستان نەکرد

زۆر نابات تەحسین مەلا عەلی تەوێڵە و بەشێکی زۆری هەورامان کۆنترۆڵ دەکات و دەست دەکات بە جێبەجێکردنی دەق و حوکمە شەرعییەکانی ئیسلام بە تێگەیشتنی خۆی و مەیخۆران دارکاری دەکات. مونیرە بۆ یەکەمجار ئاشکرای دەکات کە جەلال تاڵەبانی سکرتێری کۆچکردووی یەکێتی بەو هەڵسوکەوتەی تەحسین نیگەران بووە، بۆیە داوای لێکردووە بێتە سلێمانی دابنیشێ و گەڕەکێک خانوو و زەوی لەگەڵ پارە و ئۆتۆمبێلی بۆ دابین دەکات، بەڵام هەر ئەوەی کردووە کە خۆی بڕوای پێی هەبووە.

تەحسین مەلا عەلی، پێش ئەبوو موسعەب زەرقاوی و ئەبوبەکر بەغدادی، خەونی دروستکردنی خەلافەتێکی ئیسلامی هەبووە. دلێر عەبدوڵڵا کە وەک ڕۆژنامەڤانێک لە بەهاری 2001 لە تەوێڵە چاوی بە تەحسین مەلا عەلی کەوتووە، دەڵێ: نووسینگەکەی ژوورێکی سادە بوو، لە نزیک بازگە سنوورییەکەی تەوێڵە بوو. کە چووینە ژوورەوە خۆی و ژمارەیەک چەکدار دانیشتبوون، هیچیان لەیەک جیا نەدەکرانەوە، هەم لە ڕوخسار و هەمیش هەڵسوکەوت. بۆیە خۆی بەرەوڕوومان هات و خۆی ناساند. پاش گفتوگۆ و پرسیار و وەڵامێکی زۆر، باسی هەوڵەکانی خۆی کرد لە فراوانکردنی دەسەڵاتیدا لە ناوچەکە و گوتی دەمەوێت میرنشینێک لەم ناوچەیە دروستبکەم، شەریعەتی ئیسلامی تێدا بچەسپێنم."

بەپێی قسەی ئەو ڕۆژنامەڤانە، تەحسین بڕوای بە دەسەڵاتی باوکیشی نەبووە، بۆیە بەرنامەی کۆنترۆڵکردنی هەڵەبجەشی هەبووە، چونکە باوکی و بزووتنەوە بەشداری حکومەتی یەکێتی بوون لە ئیدارەی سلێمانی.

> پارتی و یەکێتی بە کافر دەزانی و ئیسلامییەکانیش بە لادەر و گومڕا

## هەوڵەکان بۆ کوشتنی

تەحسین مەلا عەلی، گەنجێکی سپی و موو ڕەش بوو، بە درێژایی ژیانی گوێزانی لە ریشی نەدابوو. موو زۆربەی دەموچاوی داپۆشیبوو، دلێر دەڵێت کاتێک سەردانیان کردووە، تەحسین خۆی ئاوی بۆ میوانەکان گێڕاوە، کەسێکی کەمدوو بووە، زۆر بڕوای بە فیکر و پرۆژەکانی خۆی هەبووە.


دوای ملنەدان بۆ چۆڵکردنی تەوێڵە، چەند جارێک هەوڵی کوشتنی تەحسین دەدرێت، بەڵام بەپێی قسەی خوشکەکەی، تەحسین لە بواری ئەمنی و هەواڵگری بەهێز بووە، چەند جارێک لە کوشتنی بەژەهر ڕزگاری بووە، جارێکیش تانکی ماڵەکەی پڕ دەکرێت لە مادەی تی ئێن تی و دەتەقێندرێتەوە، بەڵام تەحسین ڕزگاری دەبێت.

## مانگی هەنگوینی لە چیچان

تەحسین ساڵی 1999 لەگەڵ کچێکی ئەحمەدی کاکە مەحموود، سەرکردەی دیاری بزووتنەوەی ئیسلامی و هاوسەنگەری باوکی، هاوسەرگیری دەکات. ساڵی 2002 کوڕێکیان دەبێ، ساڵی 2005یش دووانە (کوڕێک و کچێک)یان دەبێ.

تەحسین کە تازە زاوا بووە، لە ساڵی 1999 خۆی دەگەیەنێتە بەفر و سەرما و سۆڵەی سەختی چیچان، لەگەڵ جیهادییەکانی ئەوێ ڕووبەڕووی سوپای ڕووسیا دەبنەوە. پاشان سەردانی ئەفغانستان دەکات، لەوێ ئوسامە بن لادن، ئەیمەن زەواهیری و ئەبوو قەتادەی کینی دەبینێ و پەیوەندی لەگەڵ قاعید دروستدەکات.

ئیدریس سیوەیلی، توێژەر لە بواری بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە بارەی پەیوەندیی قاعیدە و تەحسین مەلا عەلی دەڵێ: "تەحسین پێوەندیی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدەدا زەق نەکردەوە".


تەحسین مەلا عەلی، ئەمیری پێشووی نەوەکانی سەلاحەددین ئەیوبی

بە موبایەعەپێدراو و شوێنکەوتووی ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی دەزانی. ئەو حیزبەش ساڵی 1997 پەیمانی ئاشتەوایی لەگەڵ یەکێتی مۆر کردبوو.

سیوەیلی دەڵێ: "لەو ساڵانەدا پێوەندییەکانی تەحسین عەبدولعەزیز لەگەڵ سەرکردەکانی قاعیدە گەیشتبووە ئاستێکی بەرز".

لە سەروبەندی تەقینەوەی ناکۆکی و ململانێی نێوان باڵەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیدا، هەمیشە گروپەکەی تەحسین لە ڕووی چەک و پارەوە گوزەرانیان باشتر

> سامان لە شوێنی تەحسین بووەتە ئەمیری نەوەکانی سەلاحەددین ئەیوبی

دەچنە ئێران. ساڵی 2009 زۆربەی کات لە پاکستان و ئەفغانستان، ئیمارات و تورکیا ماوەتەوە و لەگەڵ بەرپرسانی قاعیدە و سەرکردە جیهادییەکاندا پێوەندییەکی گەرم و دۆستانەی هەبووە.

## جیابوونەوە لە بزووتنەوە

کاتێک لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، نوێنەرانی گروپ و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستان سەردانی ئەفغانستانیان کرد و چاویان بە ڕێبەرانی جیهادی و سەرکردەکانی ڕێکخراوی قاعیدە کەوت، تەنیا گرووپێک ئامادە بوون ببنە بەشێک لە ڕێکخراوی قاعیدە. ئەو گروپە لەلایەن تەحسینەوە سەرپەرشتی دەکرا و لەڕووی ڕێکخراوەییەوە بەشێک بوون لە بزووتنەوەی ئیسلامی.

سیوەیلی دەڵێ "تەنانەت پاش ڕۆیشتنیان بۆ ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چڕبوونەوەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدە، دیسان خۆیان بە شوێنکەوتووی ڕابەری بزووتنەوە دەزانی و ئەم حاڵەتەش بەردەوام بوو تا ساڵی 2007 کە مەلا عەلی عەبدولعەزیز کۆچی دوایی کرد. پاش ئەوە تەحسین و پێڕەوەکانی چیدی خۆیان بە شوێنکەوتووی ڕابەری نوێی بزووتنەوە نەزانی".

مونیرە عەلی کە ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامییە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەحسینی برای پەیوەندی بە بزووتنەوەی ئیسلامی نەمابوو، ئەو دەڵێ: "حاجی تەحسین هیچ پەیوەندی بە بزووتنەوەی ئیسلامییەوە نەمابوو، جەماعەتێکی دروستکردبوو بەناوی نەوەکانی سەلاحەددین ئەیوبی، بەیداخ و پرۆگرام و لۆگۆی تایبەت بە خۆیان هەبوو، لەسەر ڕاسپاردەی باوکیشم بەڕەحمەت بێت، خۆی لە چالاکی سەربازی لە کوردستان بەدوور گرت".

لەبارەی قۆناغی مانەوەی تەحسین مەلا عەلی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئیدریس سیوەیلی دەڵێ: "لەو چەند ساڵەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، ژمارەیەک لە ئیسلامخوازەکانی ئەوێ پێوەندییان پێوە کردبوو".

هەرچەندە نەوەکانی سەلاحەدین لە سەرەتای ئاشکرابوونییەوە هەوڵێکی نوێی چالاکی و بانگەشەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکرد، بەڵام ئەوان لە کاتی ڕۆشتنیان بۆ ئەوێ هەم بانگەشەی بیروباوەڕی سەلەفییەتی جیهادییان دەکرد، هەمیش بە مەبەستی جیهاد ڕوویان لە پاکستان و ئەفغانستان کردبوو، جێگە و پێگەی خۆیان لای ڕێکخراوی قاعیدەدا پتەوتر کردبوو.

## زاوای وەزیرستان

تەحسین لە ماوەی مانەوەی لە ئێران گروپێکی بەهێزی دروستکردووە، بە جۆرێک جلوبەرگ و بازاڕی تایبەت بە خۆیان هەبووە، کاریان لەسەر عەقیدە و تەوحید و بابەتی شیرک کردووە. وەکو خوشکەکەی باسی دەکات "نفوزێکی زۆری هەبووە".

دوای ڕۆیشتنی بۆ ئەفغانستان، تەحسینی مەلا عەلی دەیەوێ پێگەی خۆی لەنێو هۆزەکانی ئەوێ بەهێز بکات و پشتیوانی پرۆژەکەی بکەن، بەتایبەتی ئەو هۆزانەی لەنێو سنووری پاکستان و ئەفغانستانن. بۆیە هاوسەرگیری لەگەڵ کچی یەکێک لە هۆزەکانی ناوچەکە دەکات. تەحسین کوڕێکی لە ژنە پاکستانییەکە دەبێ. بە گوتەی مونیرە، لەسەر داوای خەزوورە پاکستانییەکەی، کوڕەکەی ناو دەنێت "عەبدولعەزیز" واتە بەناوی باپیرییەوە دەکات.

## بەیداخنامەکەی تەحسین

تاوەکو ئێستا شوێن و سەربازگەی نەوەکانی سەلاحەددینی ئەیوبی نازانرێت، بەڵام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چالاکن و بە زمانی کوردی و فارسی کەناڵێکی تایبەتیان لە تەلەگرام هەیە. جگە لەوە تەحسینی مەلا عەلی پێش کوژرانی کتێبێکی 42 لاپەڕەیی بە ناوی (بەیداخنامە) نووسیوە کە وەکو دەستوورێکی نێوخۆی گروپەکەیە و دید و هەڵوێستی خۆیانی لەسەر زۆربەی بابەتە سیاسی، شەرعی و کۆمەڵایەتییەکان ڕوون کردووەتەوە.

لەو کتێبەدا تەحسین مەلا عەلی جەخت لەسەر وەلائ و بەرائ دەکاتەوە. بابەتی دارئەلئیسلام و دارئەلکوفر ڕوون دەکاتەوە. حیزبە عەلمانییەکانی کوردستان بە تایبەتی پارتی و یەکێتی بە "کافر" وەسف دەکات، هەرچی حیزبە ئیسلامییەکانیشە بە "لادەر و گومڕا"یان دادەنێت.

لەبارەی کافرکردنی خەڵک، گروپی نەوەکانی سەلاحەددین دەڵێن: "وەکو خەواریج مەکەن بە ئاسانی خەڵک کافر بکەن، وەکو مورجیئەش مەکەن خەڵکی کافر بەکافر دانەنێن، زانایانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لەسەر ئەم قاعیدەیە یەکدەنگن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەسێک کە کوفر و شیرک بکات، دەبێ مەرجەکان بێنەدی و کۆسپەکانیش نەمێنن".

جیاوازیی نێوان ئەوان و کەتیبەکانی کوردستان لە پێوەندیگرتن لەگەڵ قاعیدەدا ئەوە بوو کە تەحسین و جەماعەتەکەی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدا هەبوو، بەڵام کەتیبەکانی کوردستان لە ڕێگای ڕێکخستنەکانی قاعیدەوە لە عێراق، لەگەڵ ڕێکخراوی دایکدا پێوەندی هەبوو. ئینجا گروپەکەی تەحسین زۆر پێشتر لە کەتیبەکانی کوردستان، بە مەبەستی بەشداری لە جیهاد یان تێپەڕاندنی خولی پەروەردە، ئەندامانی خۆی ڕەوانەی ناوچەکانی ژێر دەستی قاعیدە لە پاکستان و ئەفغانستان کردبوو، ئەمە بەپێی گوتەی ئیدریس سیوەیلی توێژەر لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان.

> تەحسین مەلا عەلی ئۆفەرێکی مام جەلال ڕەتدەکاتەوە

## لە هەرێمی کوردستان داواکراو نەبوو

سەرەڕای بە کافر وەسفکردنی هەردوو حیزبە سەرەکییەکەی باشووری کوردستان، بەڵام بەپێی قسەی مونیرە عەلی، براکەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە داوا نەکرابوو، پاش کوژرانیشی کاوە مەحموود گوتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی دەربڕی کە بە ناوی حکومەتەوە پێشوازی لە تەرمەکەی بکەن، بەڵام هەر لە ناوچەی وەزیرستان بە خاک سپێردرا.

## شوێنگرەوەی تەحسین

وەک مونیرە عەلی دەڵێت، تەحسینی برای لە لیستی کوژراوانی ئەمریکادا نییە :"ئەمریکا هێشتا دڵنیا نییە لە شەهیدبوونی، بە دوای DNA دا دەگەڕێت. ناوی لە لیستی ئەو کەسانەدا نییە کە ئەمریکا شەهیدی کردوون".

لە دوای کوژرانی تەحسین مەلا عەلی، کوڕێکی دیکەی خانەوادەی مەلا عەلی لە شوێنی ئەو دادەنرێ. مونیرە عەلی ئەمەی پشتڕاستکردەوە و گوتی: "لەدوای شەهیدبوونی تەحسینی برام، هەموو جەماعەتەکەی کۆبوونەوە و داوایان کرد شێخ سامانی برا بچووکی لە شوێنی دابنێن. هەرچەند پێشتر لەگەڵیان نەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی ناوی بنەماڵە لەلایەن خەڵک و جەماعەتە ئیسلامییەکانەوە ئیعتیباری هەبوو، گوتیان دەبێت ئەو بێت".

## تەحسین بۆ ڕابەر ئامادە دەکرا

بە گوتەی خوشکەکەی، تەحسین مەلا عەلی جگە لەوەی هەموو قورئانی لەبەر بووە، هەروەها هەردوو سەحیحی موسلیم و بوخاری

> ئەمریکا دڵنیا نییە لە کوژرانی تەحسینی مەلا عەلی

لەبەر بووە کە نزیکەی 10 هەزار فەرموودەیە. بڕوانامەی لە بواری جوان قورئان خوێندنەوە (قیرائەی عەشرە) هەبووە. هەروەها ماوەیەکی زۆر لە تورکیا و ئیمارات زانستی شەرعی خوێندووە، باوکی زۆر گرنگی بە تەحسین داوە بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ببێتە ڕابەری بزووتنەوە، بەڵام خەونی جیهاد و جێبەجێکردنی حوکمی قورئان خەونەکەی مەلا عەلی نەهێنایە دی، دواجار برا گەورەکەی عیرفان عەبدولعەزیز لە شوێنی باوکی دوای دوو ڕابەر، بووە ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی.

بەشێک لەو سەرچاوانەی (ڕووداو) بۆ ئامادەکردنی ئەو پرۆفایلە قسەی لەگەڵ کردوون، گومانی خۆیان لە پیلانێکی ئیقلیمی و ناکۆکیی نێوان قاعیدە و هۆزەکانی پاکستان و ئەفغانستان لە کوشتنی تەحسینی مەلا عەلی ناشارنەوە. بەتایبەتی ململانێی هێز و چوونە ژێر ڕکێفی یەکدی هۆکارێک بێت بۆ کوشتنەکە. هەر وەکو چۆن لە ساڵی 2003 ژمارەیەک گەنجی ئەنسار کە کورد بوون، لە بەغدا لەلایەن سەرکردە عەرەبە عێراقییەکانی خودی قاعیدەوە کوژران، ئەویش لە ترسی ئەزموون و کۆنترۆڵکردنی گروپی قاعیدە لە عێراق لەلایەن ئەو گەنجە کوردانەوە.


هێڵکارییەکی مەزندەکراو بۆ شێوەی سامان مەلا عەلی

## عاکیف حەسەن، کادیری پێشووی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# پەیوەندی پەکەکە و ڕژێمی سووریا لەسەر ئاستی موخابەراتی بوو

لەو 46 کوردەی لە ساڵی 1986 لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە گەیشتنە کەمپەکەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بیقاعی لوبنان، تەنیا شەش کەسیان مانەوە کە عاکیف حەسەن یەکێکیان بوو. ئەو کە خەڵکی دێرکا حەمکۆی ڕۆژئاوای کوردستانە، یەکێکە لە کوردە بێ ڕەگەزنامەکان و لەسەر ناسنامەکەی نووسراوە "ئەجنەبی". عاکیف کە یەکێکە لە کادیرە دیار و ناسراوەکانی پێشووی پەکەکە و ئێستا لە ئەورووپا دەژی، میوانی بەرنامەی پەنجەمۆری کەناڵی (ڕووداو)ە کە سەعات 22:05ی شەوی هەینی داهاتوو پەخش دەکرێ.

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**
**ڕووداو - هەولێر**

> ئۆجەلان دەیویست پارتی لەبەر چاوی کادیرانی پەکەکە ڕەش بکات



(فۆتۆ: ڕووداو)

**بەشی یەکەم**

**ڕووداو: ئێوە خەڵکی دێرکا حەمکۆن، ئەو دێرکا حەمکۆیە لە چییەوە هاتووە؟**
**عاکیف حەسەن:** دێرکا حەمکۆ لەناوی دێرێکی کریستیانەکانەوە هاتووە کە کڵێسایەکی هەرەکۆنی شارەکەیە. دێرکا حەمکۆ کەوتووەتە نێوان سێگۆشەی سنووری باکوور و ڕۆژئاوا و باشووری کوردستانەوە. دەتوانی بڵێی دەبێتە دەشتی چیای جودی. دێرکا حەمکۆ 90 کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی قامیشلۆ هەڵکەوتووە.

**ڕووداو: بێگومان ئێوە بە زمانی عەرەبی دەتانخوێند، ئەگەر باس لە تەعریب بکەین، ئەوە بەپێی بەرنامە بوو؟**
**عاکیف حەسەن:** ڕژێمی سووریا ئەوەی خستبووە مێشکی خۆی کە پێویستە گەلی کورد لەناو سووریا بتوێنرێتەوە و شتێک بەناوی کوردەوە نەبێت. هەموو ئەمانەشیان بەپێی یاسا و بڕیار کردووە. بۆ نموونە لە ساڵی 1962 بە بڕیار دەرچووە کە ناسنامە نەدرێتە سەتان هەزار کورد، ئەوان دەڵێن: ئێوە بەر پرۆسەی سەرژمێری نەکەوتوون و لە تورکیاوە هاتوون. بۆیە هاووڵاتی ئەو وڵاتە نین. ئەو کاتە 300 هەزار کەس بێ ناسنامە بوون. منیش یەکێک بووم لەوانە و

> پەکەکە بڕیاری دا هاوژینەکەی ئۆجەلان لە سێدارە بدات

تاوەکو سووریام بەجێهێشت نەبوومە خاوەنی ناسنامە و پاسپۆرت. هیچ جارێک ئەو مافەم نەبوو بچم لە هۆتێلێک بخەوم.

**ڕووداو: پێیاندەگوتن ئەجنەبی!**
**عاکیف حەسەن:** کاغەزێکیان داینێ، بە قەڵەمێکی سوور لەسەری نووسرابوو ئەجنەبی. بەبیرم دێت لەسەردەمی شەڕی ئیخوان موسلمین کە چوومە زانکۆ لەبەردەم زانکۆ سەرباز هەبوون سەیری ناسنامەیان دەکرد، سەربازەکە پێیگوتم لێت حەڵاڵ بێت ئەجنەبی، عەرەبییەکی خۆش قسە دەکەی.. دەتتوانی بخوێنی و زانکۆ تەواو بکەی، بەڵام مافی کارکردنت نەبوو. من دەرچووی بەشی ئینگلیزی بووم، بەڵام نەمدەتوانی وانە بڵێمەوە.

ڕووداو: مەسەلەی ئەجنەبی تەنیا کورد بوون یان بە ئەوانەی دیکەشیان دەگوت ئەجنەبی؟

عاکیف حەسەن: نەخێر تەنیا بە کوردیان دەگوت ئەجنەبی.

**ڕووداو: دەڵێن مەسیحییەکان زۆر لە حیزبی بەعسەوە نزیکبوون، ئەوە ڕاستە؟**
**عاکیف حەسەن:** دەتوانی بڵێی 90%ی مەسیحییەکان لەنێو حیزبی بەعسدا بوون ئەگەر 100% نەبێت. سەرۆکی شارەوانی، چاودێری قوتابخانەکان، زۆربەیان کریستیان بوون.

**ڕووداو: پەیوەندی کورد و مەسیحییەکان چۆن بوو؟**
**عاکیف حەسەن:** خراپ نەبوو، بەڵام ئەوان دواجار بەعسی بوون. ئەو کەمینانە خۆیان بە دەسەڵاتەوە دەبەستنەوە، ئەوەش جۆرێک بوو لە خۆپاراستن. لە ناوچە کوردییەکانیش ئەوان کەمینە بوون. تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش کێشەیەکیان لەگەڵ کورد نییە.

**ڕووداو: بابەتی ئەجنەبیبوون بە یاسا ڕێکخرا؟**
**عاکیف حەسەن:** لە ساڵی 1962 سەرژمێرییەک بەڕێوەچوو. ئەوکاتە 300 هەزار کەس لە سەرژمێرییەکە بێبەشکران کە کورد بوون. لە ساڵانی حەفتاکان دەستیان بە دروستکردنی کەمەری عەرەبی کرد. لە سەرێکانییەوە تاوەکو دێرکا حەمکۆ 43 گوند بۆ عەرەبەکان دروستکران. گوندی گەورەبوون و بەشی زۆریشیان لە ڕەققەوە دەهێنران کە عەرەبە بێ ئیمکانەکان بوون. یان گوند و زەوییان نەبوو.

**ڕووداو: کوردەکانیان دەردەکرد و عەرەبیان لە شوێنیان نیشتەجێ دەکرد؟**
**عاکیف حەسەن:** لەنێوان گوندە کوردییەکاندا گوندیان بۆ عەرەبەکان دروستدەکرد بۆ ئەوەی کورد

> هاوژینی ئۆجەلان کەسێکی خوێندەوار و بە دیسپلین بوو

لەیەکدی دابڕێن. بۆ نموونە: لەنێوان گوندی ئێمە و دێرکا حەمکۆ کە نزیکەی 5 کیلۆمەترە، گوندێکی 300 بۆ 400 ماڵییان لە ساڵی 1974 بۆ عەرەبەکان دروستکرد. ئەوکاتە زەوییەکانیان لێسەندین و دایان بە عەرەبەکان.

**ڕووداو: کاردانەوەی کورد بەرامبەر ئەمە چی بوو؟**
**عاکیف حەسەن:** شەڕی گەورە دروست بوو. مەڕ و ماڵاتی ئەوانیان کوشت و تراکتۆر و ئامێرەکانی ئەوانیان تێکشکاند، بریندای لێکەوتەوە. چونکە ویستیان ئێمە ناوچەکەمان بۆ ئەوان چۆڵ بکەین و ببینە کۆچەر. گوندنشینەکان هەندێکیان زەوییەکانیان گەڕاندەوە، بەڵام هەندێکیان تاوەکو ئێستا بەدەست عەرەبەکانەوەیە.

**ڕووداو: لە ڕۆژئاوای کوردستان حیزبی کوردی هەبوون، ئەوان چ ڕۆڵێکیان هەبوو لە پەیوەندی لەگەڵ حیزبی بەعس و کارکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەعریب و کەمەری عەرەبی؟**
**عاکیف حەسەن:** پارتەکانمان لە بەرامبەر تەعریب وەستانەوە، بەڵام ئەوان چییان لەدەست دەهات! تەنیا ئەوەیان بەدەستەوەبوو لەگەڵ ئەندامەکانیان بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەوەی دەکرێت ناهەقییە. هەندێکجاریش بەیاننامەیان لەنێو خەڵکی بڵاودەکردەوە کە پێویستە ئەوە قەبوڵ نەکەن.

**ڕووداو: تۆش ئەوکات ئەندامی حیزبێکی کوردی بوویت؟**
**عاکیف حەسەن:** لە 14 ساڵی بوومە ئەندامی پارتی پێشڤەڕۆ. حیزبەکان زیاتر بنەماڵەیی بوون. بۆ نموونە مامی من لەنێو پارتی پێشڤەڕۆدا بوو، ئێمەش هەمووومان پێشڤەڕۆ بووین.

**ڕووداو: بۆچی ئینشیقاق لەنێو پارتەکانی ڕۆژئاوا زۆر ڕوودەدات، خۆشت لە ساڵی 1983 لە پارتەکەت جیادەبیتەوە؟**
**عاکیف حەسەن:** ئینشیقاق لە نێو حیزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان شتێکی ئایدۆلۆژی نییە. یەکێک تووڕە دەبێ و واز لە حیزبەکەی دێنێ و پارتێکی دیکە دروست دەکات. پارتێکی نوێ کە دادەمەزرێ ئەگەر ئێوارە کۆببنەوە و ڕێکنەکەون، دیسان ئەویش ئینشیقاقی تێدەکەوێ.

**ڕووداو: خۆت چۆن جیابوویتەوە؟**
**عاکیف حەسەن:** ئێمە خوێندکار بووین. کاتێک

> عەیبی گەورەی ئێمەی ڕۆژئاوایی ئەوەیە ناتوانین سەربەخۆ بین

لەکاتی گفتوگۆکاندا نەدەگەیشتینە یەک، بۆ نموونە پارتی پێشڤەڕۆ دەیگوت بڵێن گەلی کوردی سووریا یان ئەکراد سووریا، یان کاتێک ڕۆژژمێرێک دەردەچوو وێنەیەکی حیزبی بەعسی تێدابوو، ئیدی ناکۆکی ڕوویدەدا، ئەوەش دەبووە هۆی جیابوونەوە. من لە ساڵی 1982 وازم لە پارتی پێشڤەڕۆ هێنا، ساڵێک دواتر حیزبەکە بوو بە دوو پارچە.

**ڕووداو: زۆرجار دەگوترێت پارتی و یەکێتی کاریگەرییان لەسەر پارتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هەیە. دەڵێن حیزبی پێشڤەڕۆ نوێنەرایەتی یەکێتی و حیزبێکی دیکە نوێنەرایەتی پارتی دەکرد لە ڕۆژئاوا. شتی وا هەیە؟**
**عاکیف حەسەن:** شتی وا هەبوو، دەیانگوت ئەوانە تاڵەبانین و ئەوانەش بارزانین. ئێستاش دۆخەکە نەگۆڕاوە. هەندێک خەڵک بە باکوور و هەندێکیش بە ئێرەوە پەیوەستن.

**ڕووداو: واتە خەڵکی ڕۆژئاوا بۆخۆیان کارناکەن هێندەی بۆ خەڵکی دیکە کار دەکەن؟**
**عاکیف حەسەن:** ئێمە ناتوانین بڵێین خەڵکی دیکە. چونکە ئەوانیش برای ئێمەن. ئێمەی خەڵکی ڕۆژئاوا عەیبێکی گەورەمان هەیە، ناتوانین سەربەخۆبین. تۆ چەندە سەربەخۆ بی هێندە ئینسانی. ئینجا لە ڕۆژئاوای کوردستان ئێمە ئەگەر دەمانەوێت مرۆڤ بین، دەبێت سەربەخۆ بین.

**ڕووداو: ئەگەر کەمێک باسی زانکۆ بکەین، بەعسییەکان ئیتیحادی تەڵەبەیان هەبوو، ئەوانە بەزۆر خەڵکیان دەکردە بەعسی؟**
**عاکیف حەسەن:** بەخوا ناتوانم بڵێم لە زانکۆ زۆریان بۆ هێناوین ببین بە بەعسی. لە دێرکێ حەمکۆ هەر کەسێک دەبوو بە بەعسی کەس قسەی لەگەڵ نەدەکرد، بۆیە زۆر بە کەمی خەڵک دەبوونە بەعسی.

**ڕووداو: ساڵی 1980 پەکەکە دێتە ڕۆژئاوای کوردستان و کاریگەری دروست دەکات، باشە تاوەکو ساڵی 1983 و 1984 ئەو کاریگەرییە دروست ببوو؟**
**عاکیف حەسەن:** ئۆجەلان و هەڤاڵەکانی لەڕێی کۆبانێوە هاتنە ڕۆژئاوای کوردستان. بەڵام زیاتر خەڵکی جزیرە و دێرک لەگەڵ پەکەکە بوون. تاوەکو ماوەیەک بە نهێنی خەباتی خۆیان کرد تاکو ساڵی 1984 و ئیدی بە ئاشکرا خەباتیان کرد. لەدوای

> ئۆجەلان لە بیقاع ڕۆژانە هەشت سەعات قسەی بۆ دەکردین

ئەوانیش ئەوانەی ڕۆژئاوا کە خۆیان گرووپیان دروست دەکرد و سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانیان دەکرد.

**ڕووداو: بە ناوی پەکەکەوە کاریان دەکرد؟**
**عاکیف حەسەن:** بەڵێ بە ناوی پەکەکە کاریان دەکرد. من لە سەرەتای ساڵی 1986 بەرپرسی دێرکێ حەمکۆی ڕێکخستنەکانی پەکەکە بووم. هەردەم یەکێک لە باکوور بەرپرسی من بوو. بۆ نموونە هەڤاڵێک هەبوو لە قامیشلۆ کە ماهیر وەلات بوو، ئەو بەرپرسی گشتیمان بوو.

**ڕووداو: بەڵام تۆ لە ساڵی 1986 بە فەرمی دەچیتە ناو پەکەکە و دەچیتە کەمپی شەهید مەعسوم کۆرکماز لە لوبنان، ئێوە ژمارەتان زۆر بوو لەوانەی بوونە پەکەکە؟**
**عاکیف حەسەن:** لە ساڵی 1985 گرووپێک بووین، کۆمیتەیەکمان هەبوو، من لە مانگی شەشی 1986 چوومە لوبنان. لە بیقاع کە ئێمە پێماندەگوت کەمپی هەلوێ، دواییش ناوەکەیان کردە ئەکادیمیای مەعسووم کۆرکماز. ئەوکات ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی سێیەم دەکرا. نزیکەی 250 کەس لە کەمپەکەدا بوون، 46 لەوانە کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بوون. ئەگەر بڵێیت بەوپەڕی تێگەیشتنی 100% چوونە نەخێر. بەس زۆر دڵخۆشبووین کە وەکو ئیدۆلۆژیایەک و تیۆرێکی نوێ لێمان دەڕوانی. سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم شتێکی نوێ بوو. هەموو خوێندکارەکان کەیفمان پێدەهات کە پەکەکە پەیڕەوی دەکرد. لەلایەکی دیکەش پەکەکە باسی چوار پارچەی کوردستان و سەربەخۆیی دەکرد. ئەوەش هەستێکی خۆشی پێ دەبەخشین. ئەو کەسانەی داوای ئۆتۆنۆمییان بۆ کورد دەکرد بە بچووکمان دەبینین. بەواتایەکی دیکە ئەو تیۆرییە وایکردبوو پەکەکە زووتر بگاتە ئێمە و زووتر کاریگەریمان لەسەر دابنێ. چۆن موسوڵمانێک دەچوو بۆ کەعبە، ئێمە ئەوها دەچووین بۆ ئەکادیمیای مەعسوم کورکماز و وەکو شتێکی پیرۆز سەیرمان دەکرد.

**ڕووداو: حکومەتی سووریا ئاگادار بوون کە ئێوە دەچن بۆ لوبنان؟**
**عاکیف حەسەن:** دەوڵەتێکی پۆلیسی وەکو سووریا ئاگاداری ئەمە نەبێ، مومکین نییە. بەڵام پێموایە سەرەتا نەیدەزانی چ ڕوودەدات. ئەوکات هەندێک خێزان لەلای حکومەت سکاڵایان تۆمار کرد، حکومەتیش گوشاری لەسەر پەکەکە دروست کرد، ئەویش هەندێکی گەڕاندنەوە. لەو 46 کەسەی لە بیقاع بووین، تەنیا شەش کەس ماینەوە. بەڵام دواتر ژمارەیان زۆر بوو. من لە ساڵی 1991 جارێکی دیکە چوومەوە بیقاع 256 کوردی ڕۆژئاوا لەوێ بوون.

**ڕووداو: کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە بیقاع هەبوون، مەبەستم کە کۆنگرەی سێ کرا؟**
**عاکیف حەسەن:** نەخێر. تەنیا کوردی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان هەبوون، بەڵام لە ساڵی 1991 هەبوون.

**ڕووداو: ئێوە ڕۆژانە عەبدوڵڵا ئۆجەلانتان دەبینی؟**
**عاکیف حەسەن:** ئەوکات ئامادەکاری بۆ کۆنگرە دەکرا، ئۆجەلان ڕۆژانە لەوێ بوو، جاری وا هەبوو هەشت سەعات قسەی دەکرد. ساڵی 1991یش کە چووم بۆ ئەوێ ڕۆژانە چوار سەعات قسەی بۆ دەکردین.

**ڕووداو: باشە ئۆجەلان لەو چوار سەعاتە باسی چی دەکرد، وتاری سیاسی بوو، شرۆڤەی دەکرد؟**
**عاکیف حەسەن:** باسی چەند مژارێکی دەکرد، لەوانە باسی سەربازی و شەڕی گەریلایی، کۆمەڵگەی کوردی. کەسایەتی تاکی کورد، ژن و ئازادی ژن و ڕزگارکردنی ژن. پێش کۆنگرەش کە ساڵی 1984 شەڕ دەستپێکرد، زۆر باسی شەڕی دەکرد.

ڕووداو: دوای دەستپێکردنی شەڕ ژمارەیەک گەریلا دێنە ناوچەی لۆلان و زاخۆ کە ناوچەی نفووزی پارتی بوون، ئەوکات پەیوەندییان لەگەڵ پارتی چۆن بوو؟

عاکیف حەسەن: بەڵێ هەبوون، تەنانەت بۆ خواردن و خواردنەوە پارتی هاوکاری دەکردن.

**ڕووداو: لە کۆنگرەی سێ چەند ئەندامێکی پەکەکە سزادران، ئەوانە بۆچی سزادران؟**
**عاکیف حەسەن:** ئەوانە وەکو تەسفیەکاری شۆڕش سەیر دەکران، یان وەکو وردە بورژوازی سەیر دەکران و سەرکێشییان کردووە و ڕۆحی پرۆلیتاریان شکاندووە. ڕۆحی پرۆلیتاریا ئەوە بوو کە شۆڕش بەرەوپێش ببەن.

**ڕووداو: بەڵام هیچ ڕاستییەک لەمەدا هەبوو؟**
**عاکیف حەسەن:** ڕاستییەکەی منیش بم لە شوێنی ئەوان هەر وام دەکرد، مەفرەزەیەکی سێ چوار کەسی بە چوار پێنج کلاشینکۆفەوە، چۆن دەرەقەتی سوپا دێ. کوردی باکووریش ئەوکات زۆر گەرم نەبوون.

> هەتا سووریاشم جێهێشت بێ ناسنامە بووم

گرووپەکان هەموو چوار پێنج کەس بوون، کاتێک سوپای تورکیا بە ئەوانی دەزانی، ئەوان چ بکەن. چەند کەسێک زیندانی کران، لەوانە سەلاحەددین چەلیک، کەسیرە یەڵدرم، عوسمان ئۆجەلان، دوران کاڵکان، فوئاد عەلی حەیدەر قەیتان و تەرزی جەمال.

**ڕووداو: کەس نەبوو ڕووبەڕووی ئەو بڕیارە ببێتەوە؟**
**عاکیف حەسەن:** نەخێر. بۆ نموونە کاتێک ڕاپۆرتەکانی سەلاحەددین چەلیکمان دەخوێندەوە کەمێک ڕەخنەی دەگرت. بەڵام زۆرتر ڕەخنەی لە خۆی دەگرت.

**ڕووداو: بەڵام ئەو زیندانیکردنە بۆ ماوەیەکی کاتی بوو، وانییە؟**
**عاکیف حەسەن:** بەڵێ کاتی بوو، ئەشکەنجەدانی تێدا نەبوو. بۆ ئەوە بوو کە ڕەخنە لە خۆیان بگرن. تەدبیرێک بوو کە تۆ لەسەر خۆت ڕاوەستیت، وەکو کولتووری پەکەکە دەڵێت: دەبێ تۆ خۆت بکەیتەوە.

**ڕووداو: تۆ کەسێکی زۆر نزیک بووی لە ئۆجەلان، ئەگەر ئەو قسەیەکی بکردایە کەس هەبوو وەڵامی بداتەوە؟**
**عاکیف حەسەن:** من قەت ڕووبەڕووی ئەو حاڵەتە نەبوومەتەوە کە ئۆجەلان قسەیەکی کردبێ و کەسێک ڕووبەڕوو وەڵامی دابێتەوە.

**ڕووداو: کەواتە هەڵبژاردنی خەڵک بۆ کۆمیتەی ناوەندی چۆن بوو، هیچ پرۆسەیەکی دیموکراتی و هەڵبژاردن هەبوو؟**
**عاکیف حەسەن:** لەبیرمە لە ساڵی 1991

> لەو 46 کوردەی سەرەتا چووینە ناو پەکەکە تەنیا شەش کەسمان ماینەوە

نزیکەی 15 هەزار کەس هاتبوونە کەمپی مەعسووم کورکماز، زۆر میوانیش لەوێ بوون، لوبنانی لەوێ بوون. ڕۆژنامەڤان و خەڵکی ئەورووپا هاتبوون. لەوێ کۆنگرەی ڕۆژنامەڤانی کرا. ڕۆژنامەڤانێکی لوبنانی پرسیاری لە ئۆجەلان کرد و گوتی کۆمیتەی مەرکەزی چۆنە و چی دەکات. ئەویش گوتی: من کۆمیتەی مەرکەزیم نییە. گوتی: چۆن نییە؟ گوتی: هەیە، بەڵام کار ناکەن.

**ڕووداو: زۆرجار باس لە کەسیرە ئۆجەلان دەکرێ، ئایا ئەو ئافرەتێکی بە توانا بوو یان تەنیا لەبەر ئەوەی هاوژینی ئۆجەلان بوو ناوی دەرکرد.**
**عاکیف حەسەن:** من ئەوم لە ساڵی 1986 لە ئەکادیمیای مەعسووم کورکماز بینی، ئەو بەر لەوەی ژنی ئۆجەلان بێ، ناوی هەبوو. لە کامپ لە زیندان بوو. پاش ئەوەی دادگایی کرا، بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، بەڵام دواتر لێیانبووری. کەسیرە ژنێکی خوێندەوار بوو، زانا بوو. ژنێکی جددی و بە دیسپلین بوو.

**ڕووداو: لەناو پەکەکە ئەندامبوون چۆن بوو، کێ دەیتوانی ببێ بە ئەندام، کێ دەبوو لە ڕیزی پەکەکە دەربکرێ؟**
**عاکیف حەسەن:** بیرم نایەت من چۆن بووم بە ئەندام. بەڵام هەر کەسێک دەهاتە نێو پەکەکە، ئۆتۆماتێکی دەبوو بە ئەندام. کاتێک دەچی ناو پەکەکە، ناو، تەمەن، پاشناو، ناوی خێزان، هەموو شتێکت تۆمار دەکەن. بەڵام هیچ شتێک بەناوی ئەندامێتی و پڕکردنەوەی فۆڕم نەبوو.

**ڕووداو: ئەی دەرکردن لە پەکەکە چۆن بوو؟**
**عاکیف حەسەن:** من قەت نەمبینیوە کەسێک لە پەکەکە دەربکرێ. پەکەکە ڕێگایەکە کە چوویتە ناوی، ناتوانی لێی دەربچی. دەرکردن لە پەکەکە نییە.

**ڕووداو: تا ساڵی 1987 دەچیتە ئەورووپا، بەڵام ئەوەندەی ئاگاداریی پەیوەندی حکومەتی سووریا و پەکەکە چۆن بوو؟**
**عاکیف حەسەن:** پەیوەندی پەکەکە لەگەڵ ڕژێمی سووریا هەتا بەمدواییانەش بە گرانی لەسەر ئاستی موخابەراتی بوو. نەک تەنیا پەکەکە، هەر هێزێک لەو ناوچەیە کار بکات لەسەر ئاستی موخابەراتییە. برادەرێک بۆی گێڕامەوە، جارێکیان عەبدولحەلیم خەددام سەردانی ئۆجەلانی کردبوو. کاتێک ئۆجەلانی جێهێشتبوو، جەماعەتی موخابەرات چاوەڕێیان کردبوو. گوتبووی ئێوە چ دەکەن لێرە؟ گوتبوویان لەسەری مەڕۆن ئێمە ئەو دیدارەمان ڕێکخستووە. ئامانجی سووریاش تەنیا ئەوە بوو کە پەکەکە سەرئێشە بۆ تورکیا دروست بکات، چونکە کێشەی لەگەڵ تورکیا هەبوو، بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی ئاو.

**ڕووداو: ئەی پەیوەندی پەکەکە و فەلەستینیان چۆن بوو؟**
**عاکیف حەسەن:** ئەو شوێنەی پەکەکەی لێبوو لە لوبنان، هەموو هێزە فەلەستینییەکانی لێبوون. ئەو کەمپەی پەکەکەی لێبوو پێشتر کەمپی بەرەی دیموکراتی فەلەستینی بوو، چەند ژوورێکیان دابوو بە پەکەکە. بەڵام کاتێک گۆرباتشۆف، دوایین سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت هاتە سەر حوکم و یارمەتی لە فەلەستینییەکانی بڕی. ئیدی دوو سێ ژووری کەمپەکان بوو بە هی ئەوان، ئەوەی دیکە هەمووی بوو بە هی ئێمە. پەیوەندی ڕۆژانەمان لەگەڵ فەلەستینییەکاندا هەبوو، بەڵام ناتوانین بڵێین پەیوەندی ستراتیژی بوون.

**ڕووداو: هەندێک بەرپرسی یەکێتی لە یادەوەرییەکانیان باس لەوە دەکەن ئەوان ڕۆڵیان هەبووە لە ناساندنی پەکەکە، بە تایبەتی دەڵێن ئەو پەیوەندی نێوان پەکەکە و ڕژێمی سووریایان دروستکردووە؟**
**عاکیف حەسەن:** بێگومان یەکێتی هاوکاری پەکەکەی کردووە. پەکەکە زۆرتر لە یەکێتی نزیک بوو تا لە پارتی. ساڵی 1986 ئۆجەلان بە منی گوت: من بە بارزانیم گوتووە وەرە تۆ ببە بە ئاغای من، بەڵام عەقڵی قبوڵی نەکردووە. من ئەوکات تێگەیشتم کە ئۆجەلان دەیەوێ پارتی لەبەر چاوی کادیرانی ڕەش بکات.

**ڕووداو: بۆچی تۆیان نارد بۆ ئەورووپا؟**
**عاکیف حەسەن:** ئێمە گرووپێک بووین، بەناوی یەکینەی حەرەکە. واتە ئەو گرووپە دەتوانێ لە مێردین بێ، لە بۆتان بێ. هەر شوێنێک پێویستی پێی هەبێ، ئەو یەکینەیە لەوێ بێ. نزیکەی 27 کەس بووین، بەرپرسەکەمان عەبدولڕەحمان مۆتۆڕ بوو. هاتین ماڵئاوایی لە ئۆجەلان بکەین، یەک یەک باوەشی لێداین، کە باوەشی لە من دا گوتی: کوا تۆ پاسپۆرتت

> حیزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هی تاڵەبانی و بارزانین

هەیە؟ گوتم پێویست ناکات چونکە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانم، ئەویش گوتی ئەها عاکیف ئەوە تۆی. من و ئیسماعیل کە ئەویش خەڵکی دێرک بوو بردە ژوورەوە. گوتی پێویستە تەنیا یەکێکتان بڕوات. بە منی گوت تۆ بمێنەوە و هاوکاریمان بکە گرووپێکی 75 کەسی لە ڕۆژئاوا هاتوون، پێویستە پەروەردە وەربگرن. بەڵام ڕۆژی دواتر بڕیاری دا کە من بچم بۆ ئەورووپا. چووم بۆ ئەڵمانیا. دواتر لە فەرەنسا مافی پەنابەریم وەرگرت.

**ڕووداو: یەکێک لەو وڵاتانەی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ پەکەکەدا هەبوو، یۆنان بوو، ئەو پەیوەندییە لەسەر چ بنەمایەک بوو؟**
**عاکیف حەسەن:** لەسەر بنەمای دوژمنی دوژمنم دۆستمە بوو. من ساڵێک 1990 -1991 بەرپرسی پەکەکە بووم لە یۆنان. ئەوان حەزیان لە دۆستایەتی کورد بوو. بەڵام هیچ هاوکارییەکی مادی نەدەکردین. تەنیا چاوپۆشیان لە هاتوچۆی هەڤاڵانمان دەکرد.

کەنیزەکەکانی خەلافەت..

چیرۆکی دەیەم

# چەکدارێک منی بە دووربینێک فرۆشت



نەوزاد مەحموود
ڕووداو – دهۆک

ئەگەر (دونیا) بیتوانیبا ژیان بگێڕێتەوە بۆ سەرەتا، ژیانێکی دەئافراند خاڵی لە پیاو. پیاو لە یادەوەریی ئەودا سەرچاوەی ئازار و نەهامەتی بووە و هەمیشە دەیەوێ یاسا و ڕێساکانی گەردوون بە پەتی ئارەزووەکانی خۆی بپێوێ "لە پیاوێکەوە دەدرامە پیاوێکی خراپتر و پیستر لەو، هەموویان بێبەزەیی بوون. لە هەڵسوکەوتدا هەموویان لە کوڕی یەک دایک و باوک دەچوون".

وایدادەنێم، ئێستا منیش لە بەردەمی ئەم ژنەدا هەمان ئەو پیاوە جلوبەرگ ڕەش و تووڕە و لەخۆباییەم کە دەستیکردووە بە گیرفانیدا و 5 هەزار دیناری عێراقی دەرهێناوە و پێیگوتووە "نرخی تۆ تەنیا ئەوەندەیە". لێدەگەڕێم، لەگەڵ خۆی بمباتە نێو چیرۆکەکەی خۆیەوە، مافی ئەو تووڕەبوونەش بە پارێزراوی بۆ ئەو بمێنێتەوە.

دونیا، کچێکی تەمەن 19 ساڵ بووە. پڕ بووە لە خەون. ژیانی وەک دووکانێکی قشتیلەی وردەواڵە فرۆشی دەبینی. لەو ساڵانەی دواییدا، خەونێکی گەورەتر دەستیگرت بەسەر ئەندێشەیدا، حەزی لەوە بوو ببێتە پزیشک، بەڵام ئەو ئێوارەیەی بە پیکابە شڕەکەی دراوسێکەیان خۆی گەیاندە بناری چیای شنگال بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست ئەو چەکدارانەی گەمارۆی شنگالیان دابوو، ئیدی خەونەکەی کۆتایی هات.

لە نێو ئۆتۆمبێلەکەدا هەر یەکێک قسەیەکی کردووە. هەبوو دەیگوت ئەگەر بشمرین لە برسان هەر لە چیاکە بین باشترە، هەبوو دەیگوت بەڵکو نەمانکوژن و بگەڕێینەوە، چونکە ئێمە لەو چیایە دەفەوتێین، تەنانەت هەبوو دەیگوت با خۆمان بکوژین "سەرلێشێواو بووین و نەماندەزانی چی بکەین". مێشکی دونیا پڕ بووە لە قریشکە و ناڵە و گریان، لە خۆڕنینی ژنانی بێدەسەڵات و گوللەبارانکردنی ئەو پیاوانەی دەرباز نەبوون و کەوتنە دەست داعش.

هەتاو، تاشە بەردەکانی دامێنی چیاکەی داخ کردووە، کەچی دونیا هەڵدەلەرزێ. چونکە لە دوورەوە هاتوچۆی ئەو ئۆتۆمبیلانە دەبینێ کە ئاڵایەکی ڕەشیان پێوەیە و تا دێت نزیکتر دەبنەوە: "یەکێک لە چەکدارەکان بە دەنگی بەرز گوتی ئەگەر خۆتان رادەست بکەن و ببنە موسوڵمان، سەلامەت دەبن".

## شیوەن لە هۆڵی زەماوەندا

شنگال دەکەوێتە دووری نزیکەی 90 کیلۆمەتر ڕۆژئاوای شاری مووسڵ و نزیکەی 20 کیلۆمەتریش لە سنووری سووریاوە دوورە. ڕووبەری چیاکەی 1240 کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. لە باشوور و ڕۆژئاوای شنگالەوە تا بەرەو دوورتر بڕوانی بیابان و تەختایی بەرفراوانتر دەبن. لە دوا قوڵەی قەڵایەک دەچێ و تاکە بەرزاییە لە ناوچەکەدا کە بەسەر سووریا و ڕۆژئاوای مووسڵدا دەڕوانێ. چیاکە 1463 مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە. لەبەرئەوەی بەشی خوارەوەی چیاکە ڕووتەن و سەختە، هەندێک خێزان ناچار بوون ئاڵای سپی بەرز بکەنەوە و بۆ ژێر دەستی چەکدارە توندڕەوەکان بگەڕێنەوە.

لە یەکەم کاژێری دەستگیرکردنیانەوە، پەیمانشکێنی دەستیپێکرد "نە بۆ شنگالیان بردینەوە و نە کەسوکارمان لەگەڵ مانەوە، نە سەلامەتیش بووین. بەشێک لە پیاوەکان ئەوانەی

> شنگالییەک دەستدرێژی کردە سەرم کە بە نان و ئاوی ئێزدییەکان دەژیا

ڕەتیانکردەوە ببنە موسوڵمان، هەر لەسەر شەقامەکە لەسەر ئەژنۆ دایانان و لە دواوە تەقەیان لێکردن، هەر بەو شێوەیە لەو شوێنە بەجێیانهێشتن".

دونیا لە مانگەکانی دواییدا بە چاوی خۆی بینیویەتی کە چۆن ئاژەڵی برسی بەسەر جەستەی خەڵکانی کوژراوەوە خۆیان تێر کردووە.

بەڵام هەندێکیش لەوان، گیانی خۆیان کڕییەوە کاتێک بە چەکدارەکانیان گوت کە دەبنە موسوڵمان. گوێی لە یەکێک لە پیاوەکان بووە دڵی دەوروبەرەکەی بەوە داوەتەوە کە گوتوویەتی "گرنگ ئەوەیە من لە ناخمەوە هەر ئێزدیم".

دواتر ئەوان لە مووسڵ لەنێو هۆڵێکی گەورەی زەماوەند خۆیان بینییەوە. هۆڵێک، پێش ئەوەی داعش دەست بەسەر شارەکەدا بگرێت، شوێنی زەماوەند بوو، بەڵام ئەمڕۆ لە هەمان هۆڵدا خێزانەکان لەبەریەکدی هەڵدەوەشێنرانەوە و لە جیاتی هەڵپەڕکێ و گۆرانی، ئۆرکێسترای شین و گریان و لەخۆدانی تێدا بەڕێوەدەچوو.

## شنگالییەک لە بەرگی داعشدا

دونیا دەڵێت هەر چەند خولەکێک، چەکدارێک هاتووە، بەناو کچەکاندا گەڕاوە و یەکێکی هەڵبژاردووە. دەرکەوتنی پیاوێکی لوتبەرز و لەخۆڕازی، دونیا-ی لەناخەوە هەژاند. چارەنووس وابوو پیاوەکە لەبەردەم ئەودا بگیرسێتەوە. پیاوەکە داوای لێکرد سەری هەڵبڕێ بۆ ئەوەی باشتر ڕوخساری ببینێ، ئای خوایە چی بینی!

"من دەیانجار ئەو پیاوەم لە شنگال بینیبوو کە بە جلوبەرگێکی دڕاوەوە دوای خاوەنی کێڵگە کشتوکاڵییەکان دەکەوت بەڵکو کارێکی پێبدەن و بژێوی ئەو ڕۆژەی خێزانەکەی پەیدا بکات، پیاوێکی چڵکن و کەمدەرامەت بوو کە زۆربەی ڕۆژەکان لە کێڵگەی ئێزدییەکاندا پارەی دەستدەکەوت، وا ئێستا دەیەوێ ناموس و شەرەفی ئێزدییەکان ببات، داوای کرد دوای بکەوم".

ئەو پیاوە بەهۆی چاوساخی بۆ چەکدارانی داعش و دەستنیشانکردنی ماڵ و دوکانی ئێزدییەکان، بە خێرایی جێگای خۆی لەنێو دەوڵەتەکەدا کردبووەوە و ناوی خۆیشی گۆڕیبوو بۆ ئەبوو جیهاد، دونیای بردە نێو ماڵێکەوە، هەموو پێداویستییەکی تێدابوو، ماڵێک کە خودا دەیزانی خاوەنەکەی لە چ سەرگەردانییەکدا گیرسابنەوە و چۆن هەڵاتبن. هەر ئەو ئێوارەیە لەوێ دەستدرێژی کردبووە سەر دونیا.

دونیا: تۆ ئەو پیاوە شڕەی شنگال نیت، ڕۆژ تا ئێوارێ نان و ئاوی ئێزدییەکانت دەخوارد؟

ئەبوو جیهاد: من کەسێکی جیهادیم و گوێڕایەڵی فرمانەکانی خەلیفەی موسوڵمانانم.

دونیا: هیچ نەبێ بیری ئەوەت هەبێت ڕۆژگارێک نانی ئەوانەت خواردووە کە ئێستا دەستدرێژی دەکەیتە سەریان.

ئەو، بۆ دونیای ڕووندەکردەوە کە پێویستە کەنیزەک چی بکات تاوەکو بتوانێ ڕەزامەندی خاوەنەکەی بەدەستبهێنێ "ماڵەکە خاوێن دەکاتەوە، خاوەنەکەی دەحەوێنێتەوە، بارەگاکان خاوێن دەکاتەوە و خواردن و خواردنەوە ئامادە دەکات، لە فرمانی خاوەنەکەی دەرناچێت، لەگەڵی دەخەوێت و سەرجێیی لەگەڵ دەکات".

تەنانەت بە شانازییەوە باسی دەکرد، چۆن لە یەکەم ڕۆژی گەمارۆدانی شنگالدا، زانیاری لەبارەی سەنگەرەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگە و ماڵی ئێزدییەکان داوەتە داعش. ئەو کاتانەی لە دونیای دەدا و دەیچەوساندەوە، بەلاقرتێ و گاڵتەپێکردنەوە پێیدەگوت "بە شێخ ئادی بڵێ با فریات بکەوێ و ڕزگارت بکات".

> نرخی من لەلای داعش تەنیا 5000 دینار بوو

## "فرۆشرام بە دووربینێک"

ئەبوو جیهاد، هەموو ئێوارەیەک بە تەپوتۆزی بەرەکانی شەڕەوە دەگەڕایەوە ماڵەکەی. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەبووە کەسێکی تووڕە و بێبەزەیی. تەنانەت وای لێهاتبوو سڵی لە هیچ شتێک نەدەکردەوە. ڕۆژێک بەدونیای گوت کە کاتی ئەوە هاتووە بیفرۆشێت بە پیاوێکی توونسی "هەر لە مۆبایلەکەیەوە قسەی لەگەڵ ئەو کەسە کرد و مامەڵەی کرد، داوای 2000 دۆلاری کرد. ڕێککەوتن و منی لەگەڵ خۆی برد بۆ لای کەسێک کە وەک نووسەری دادگای داعش دەیانناساند. ئەبوو موهاجیر بووە خاوەنی من و لەگەڵ خۆی بردمی بۆ ڕەققە".

ئەبوو موهاجیر ماڵی نەبوو، لە بارەگایەکی چەکدارانی داعش دەمایەوە. هەر لە سەرەتاوە لە دونیای گەیاندبوو کە زۆر چێژ لە ئازاردانی بەرامبەرکەی وەردەگرێ. دونیا دەڵێت: "کاتێک منی بردە بارەگاکە، بینیم دەرگای لەسەر دوو کچی دیکەی ئێزدی داخستووە، بە بەرچاوی کچەکانەوە دەستی لە سنگم دا و بە پێکەنینەوە دەیگوت سەیرکەن هاوڕێیەکی دیکەم بۆ هێناون".

ئەو کاتەی ئەبوو موهاجیر دونیای وەک کاڵایەکی هەرزان فڕێدایە نێو کچەکان و دەرگای لەسەر داخست، ئەوان دەوریان دا و پرسیاربارانیان کرد. لێیاندەپرسی چەندجار فرۆشراوە و چی لە بارەی خێزانەکەی دەزانێ و چۆن چارەنووسی گەیشتووە بەو ژوورەی، دوور لە چاوی جیهان و مرۆڤایەتی ئەوان تێیدا دیل کراون؟ ئەو باسی شنگالییەکی بۆ کردن کە خراپتر لە داعشەکان چەقۆی ستەمی کردووە بە دڵیدا، بەڵام یەکێک لە کچەکان تێیگەیاند کە ئەوە تەنیا شنگالییەک نییە ناپاکی لەوان کردبێ "کاتێک ئێمەش دەستگیرکراین، کەسێکمان ناسییەوە کە لە شنگال دووکاندار بوو. بینیمان چۆن لە پێش داعشەکانەوە کۆڵان بە کۆڵان دەیگێڕان و هەموو شتێکی بۆ باس دەکردن". ئیدی دونیا تێگەیشت، چۆن دەستە ناپاکەکان ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانیان بۆ داعش کورتکردووەتەوە.

بارەگا سەربازییەکە لە دوو نهۆم پێکهاتبوو، ڕۆژێک فرۆکەکان بۆردومانی باڵەخانەکەیان کرد و بەشێکی نهۆمی سەرەوەی باڵەخانەکە وێران بوو. ئەبوو موهاجیر دەستێکی بریندار بوو "دەپاڕامەوە لە نەخۆشخانە بە مردوویی بیهێننەوە، بەڵام ڕۆژی دواتر بە دەستێکی بە لەفاف پێچراوەوە هێنایانەوە".

پیاوەکە دوای گەڕانەوەی تووڕەتر و بێبەزەییتر هەڵسوکەوتی دەکرد، وەک بڵێی ئەوان داوایان لە فڕۆکەکان کردبێ ئەو بارەگا سەربازییەی ئەبوو موهاجیر بە ئامانج بگرێ.

ڕۆژێک ئەبوو موهاجیر لەگەڵ چەکدارێکی سعودیدا بە دەنگی بەرز قسەیان لەبارەی شەڕێکەوە دەکرد کە هێزەکانی سووریا نەیانتوانیبوو پێشڕەوی بکەن و شکستیان خواردبوو.

**ئەبوو موهاجیر: دەزانی زۆر حەزم لە دووربینەکەت کردووە؟**

**چەکدارە سعودییەکە:** بێگومان دڵی تۆ لە دووربینەکەم بەنرخترە و پێشکەشت بێت.

**ئەبوو موهاجیر: بەڵام ئەوە بێ بەرامبەر نابێت.**

**چەکدارە سعودییەکە:** (بەپێکەنینەوە) کەواتە دەمەوێ پرسیار بکەیت بزانی نرخی دووربینێک چەندە بتدەمێ؟

**ئەبوو موهاجیر: نەخێر. سەبیەیەکت پێشکەش دەکەم، ناسک و تازە پێگەیشتووە و دڵت دەیگرێ.**

دونیا هێشتا لەوە تێنەگەیشتبوو کام لە کچەکان نرخی دووربینەکەن؟ دەنگێک ئاوازی خەیاڵ و بیرکردنەوەی شێواند "وەرە دونیا، تۆ ئەم ئێوارەیە لە دێرەزوور دەبیت. تۆم پێشکەش بەو پیاوە کردووە و گوێڕایەڵی بە".

## ژەهرخواردم کرد و هەڵاتم

ژیان لەگەڵ پیاوە سعودییەکە سەخت بوو. ئەو هەمیشە بە کوتەک و زمانی زبر و جێنودان مامەڵەی کردووە: "هەمیشە بیانوویەکی دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی لێمبدات. کە دەڕۆی بۆ دەرەوە، دەرگاکەی کلیل دەدا و جاری وا هەبوو شەو دەگەڕایەوە، تەنیا یەک ڕادیۆی شکاو لە ماڵەکەدا هەبوو، ئەویشی لەگەڵ خۆی برد بۆ ئەوەی گوێی لێنەگرم. ئەو چەند جارێک داوای کچێکی عەرەبی خەڵکی سووریای کردبوو، بەڵام کچەکە پێی ڕازی نەبوو، کاتێک تەلەفۆنی بۆ ماڵی باوکی دەکرد، دایکی و براکانی قسەیان لەگەڵ دەکرد، بەڵام باوکی ئامادە نەبوو قسەی لەگەڵ بکات و پێیگوتبوو تۆ خەڵکی بێتاوان دەکوژی، بەڵام زۆربەی جار کە تەلەفۆنی بۆ ماڵی باوکی دەکرد، هەوڵی دەدا من ئاگام لێیان نەبێت".

دونیا، بڕیاری دا ریسکێکی گەورە بە ژیانی خۆی بکات، ئەوەی بیری لێدەکردەوە یەکسان بوو بە مردنی خۆی، بەڵام دڵنیاش بوو لەوەی ئەو ماڵەی پیاوە سعودییەکە، دۆزەخێکی بچووکە لە نێو دۆزەخە گەورەکەی دێرەزووری دەمامکدار و خنکێنراودا.

"هەندێک دەرمانم لە یەکێک لە کچەکان وەرگرتبوو لە ڕەققە، بڕیارمدا دوو ڕۆژ پێش بەکارهێنانی مامەڵەی خۆم بە تەواوی بگۆڕم و نەرمونیان و دەم بە پێکەنین لەگەڵی بجووڵێمەوە، ئێوارەیەک بۆمکردە نێو خواردنەوە و کاتژمێرێک یان زیاتر، ئازارەکانی دەستیپێکرد و دواتر کەوت، منیش لە ماڵەکە هەڵاتم".

ترسی ئاشکرابوون، ڕەنگی مردووی لە ڕوخساریدا چاندبوو، بەڵام هەرچۆن بوو بە کۆڵانە ماندوو شەکەتەکاندا خۆی گەیاندە ماڵێک بۆ ئەوەی پەنای بدەن "لەدەرگامدا و پیاوێکی سەروڕیش سپی دەرگای لێکردمەوە، بە گریانەوە داوام لێکرد پەنام بدات، هەستمکرد ئەو پیاوە دڵی بە من دەسووتێ، بەڵام دەترسا، دواتر گوتی وەرە ژوورەوە، تاوەکو بەیانی لەوێ مامەوە و کە ڕۆژ بووەوە داوای لێکردم بڕۆم".

مانەوەی ئەو شەوە دەرفەت بوو بۆ ئەوەی لەڕێگای ئەو ماڵەوە تەلەفۆن بۆ کەسێکی نزیکی خۆی بکات و چیرۆکی درێژی خۆی بگێڕێتەوە. دەرفەت بوو بۆ ئەوەی داوا بکات هەرچۆن بووە بیکڕنەوە و ڕزگاری بکەن.

ئەو ماڵەی شەوێک لە شەوە تاریک و ئەنگوستەچاوەکان دونیای دوورخستەوە لە چاوی دەوڵەتە تووڕە و بەڵاسازەکە، پیاو و ژنێکی بەساڵاچووی تێدا دەژیان و کوڕەکەشیان بە زۆر کرابووە چەکداری داعش، بەڵام لە چانسی ئەو کوڕەکەیان لە بەرەی جەنگ بوو. هێندە متمانە لەنێوان دنیا و خاوەن ماڵەکەدا دروست ببوو کە بتوانێ ماسکەکانی ڕووخساری هەمووی لابدات و پێیانبڵێ، ئەو ئێزدییەکی بەدبەخت و لاکەوتەی ژیانە و پێویستی بە کونێک هەیە قوتی بدات. پیاوەکە ئامۆژگاری کرد، کاتێک دەچێتە دەرەوە، تەواو خۆی دابپۆشێ و ئەگەر لە دەرەوە چەکدارێک بانگی کرد، وەڵامی نەداتەوە و ملی ڕێگای خۆی بگرێ. تەنانەت ڕێنوێنی کرد بە ئاراستەی کەناری شارەکە بڕوات و لەوێ ناونیشانی ماڵێکی پێدا. ماڵێک کە لانیکەم دەیتوانی لەوێ هەست بە ئارامییەکی کورتخایەن بکات تاوەکو ئەوکاتەی ڕزگارکەرێکی لێپەیدا دەبێت.

## 13
## میوانی ئاژەڵەکان بووم

"هەرچۆن بوو گەیشتمە ئەو ماڵە، وادیار بوو ئەو پیاوە بە تەلەفۆن پێیگوتبوون کەسێک بەرێگاوەیە بۆلاتان، بەڵام ئەوەندە دەترسان لە پەیدابوونی داعش، لە شوێنی ئاژەڵەکانیان جێگایەکیان بۆ سازکردم، بۆنی پیسایی ئاژەڵەکان شێتی کردبووم، بەڵام هێشتا ئەوە لە ئەشکەنجە و مەینەتی دەستی داعشان باشتر بوو بۆ من". دونیا چەند ڕۆژێکی بەو جۆرە تێپەڕاند.

"هەر ئەوەندە تێگەیشتم ئەو ماڵە چارەی داعشیان نەدەویست، هەندێک لە کەسەکانیشیان یان بە دەستی داعش کوژرابوون، یان هەڵاتبوون". زۆرجار ژن و پیاوەکە بۆ دونیایان باسکردووە، دێرەزووری پێش داعش و دوای داعش، چەند لەیەک جیاواز و دوورن. ئەوانیش بە بۆنەی گیرۆدەبوونی کوڕەکەیانەوە، چاوەڕوانی دەرفەتێک بوون هەڵبێن و ڕزگاریان ببێ، بەڵام بۆ خۆشیان نەیاندەزانی ئەو دەرفەتە چییە و چۆنە.

دونیا زۆربەی شەوان بەدەست ئازارێکەوە دەیناڵاند. ئازاری ئەو شەوەی تووشی خوێنبەربوون بووە و چەکدارەکان نەیانهێشتووە وەک پێویست لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە تاوەکو چارەسەرییەکانی تەواو دەبن. هەندێکجاریش بەدەست ئازاری پشتییەوە، چونکە جارێک بە قۆنداخە تفەنگ کێشابوویان بە پشتیدا و دۆخی تەندروستی ئاسایی نەدەبووەوە.

لە دووەمین ڕۆژی مانەوەی لەو ماڵەدا، ژنی خاوەن ماڵەکە کە وەک کەسێکی میهرەبان مامەڵەی دەکرد، بۆ دونیای باسکردبوو پێشتر کچێکی دیکەی لەو شوێنەدا حەشارداوە کە چیرۆکێکی ئێجگار خەمگینی هەبووە. کچێک کە چەکدارەکان پشتوێنێکی بۆمبڕێژکراویان لێبەستووە و ویستوویانە بیبەنە بەرەی شەڕەوە و لەوێ بە سوپای سووریادا بیتەقێننەوە، بەڵام بۆردومانی فرۆکەیەکی سەربازی پلانەکەیان

> چەکدارێکی داعشم ژەهرخوارد کرد و هەڵاتم

هەڵدەوەشێنێتەوە و ڕزگاری دەبێت و خۆی دەگەیێنێتە لای ئەوان.

دواجار ئەو کەسەی چاوەڕوانی دەکرا، لە نیوەشەوێکی درەنگدا گەیشت. دوو پیاو و ژنێک کە بەهەڵسوکەوت و جلوبەرگدا داعشی تەواو بوون. تەنانەت لە قسەکردنیشدا بۆ ئەو هیوابەخش نەبوون، بەڵام کارەکەیان وای دەخواست. هەفتەیەکی تەواو، شار بە شار و گوند بە گوند، خۆیان لە یەک بەیەکی بازگە و کەمین و بارەگا چاودێرییەکانی داعش دزییەوە تاوەکو گەیشتنە سنوورەکانی هێزەکانی سوپای سووریای ئازاد.

هەرچۆن بوو ئەو ڕزگاری بوو. بەڵام ئەو وێنەیەی هەمیشە لە بارەی ئازادییەوە لە مێشکی خۆیدا کێشابووی، وادەرنەچوو. چونکە ئەوانەی باوەشیان پێدا دەکرد و ماچیاندەکرد، کەمتر بوون لەوانەی تامەزرۆیان بوو "زۆر کەسی خێزانەکەم لەدەستدا، دوای گەڕانەوەم تێگەیشتم داعش چەند کەسی خێزانەکەمی لەناو بردووە".

## کۆمپانیایەکی کەنەدی لە تیشکی خۆر کارەبا بۆ سلێمانی بەرهەمدێنێ



**ڕووداو– سلێمانی**

کۆمپانیایەکی کەنەدی سەرقاڵی دانانی دوو پڕۆژەی بەرهەمهێنانی کارەبایە لە تیشکی خۆر بۆ پارێزگای سلێمانی. پڕۆژەکان سەرەتا بۆ ڕووناکردنەوەی شەقامە سەرەکییەکان دادەنرێن، لە ئەگەری سەرکەوتنیدا سیستمی کارەبای قوتابخانە، نەخۆشخانە، مزگەوت و فەرمانگە حکومییەکان دەخرێنە سەر پڕۆژەی کۆمپانیاکە کە ژمارەیەک ئەندازیاری کورد لەگەڵیان هاوپشکن. شان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، هاوپشکی کۆمپانیا کەنەدییەکە دەڵێت: "ئامێرەکان خۆیان دەکرێنەوە و دەکوژێنەوە، گەرەنتی سێ ساڵیان هەیە و توانای 750 وات ڕووناکییان هەیە، چاوەڕوانین حکومەت ڕەزامەندیمان پێ بدات بۆ ئەوەی دەست بەکاربین". سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی مامەڵەکانی کۆمپانیاکەی ڕایکردووە، ماوەتەوە سەر ڕەزامەندی حکومەت.

### ڕەسمی هاوردەکردنی شەکر زیاد دەکرێ

# سالانە 215 هەزار تۆن شەکر لە هەرێمی کوردستان بەکاردەبرێ

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو– هەولێر**

وەک بازرگانانی هاوردەکردنی خۆراک دەڵێن، لە هەرێمی کوردستان خواستێکی زۆر لەسەر بەکاربردنی شەکر هەیە و ساڵانە نزیکەی 215 هەزار تۆن شەکر بەکاردەبردرێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە نێوەند و دامەزراوە تەندروستییەکان بەردەوام هۆشداری دەدەن لە خواردنی شەکر.

بەهۆی زۆر بەکارهێنانییەوە لە پیشەسازیی خۆراکدا، شەکر لەدوای گەنم بە دووەم بەرهەمی ستراتیژی دادەنرێ. نزیکەی 70%ی ئەو شەکرەی لە جیهاندا بەکاردەهێنرێ لە قامیشی شەکر بەرهەم دێ و بەرازیلیش لە بەرهەمهێنانی قامیشی شەکر و هەناردەکردنی شەکردا پێشەنگی وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی گرتووە.

سەرچاوەی ئەو شەکرەی لە هەرێمی کوردستان بەکاردێت دوو جۆرە: بەشێکی لە ڕێگەی دابەشکردنی بەشە خۆراکی مانگانەوە دەگاتە دەستی هاووڵاتیان، بەشەکەی دیکەشی شەکری هاوردەیە. بەڵام وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هیچ داتایەکی نییە لەسەر ئەوەی ساڵانە چەند تۆن شەکر هاوردە دەکرێ.

بەپێی داتاکانی دەستەی ئامار، ساڵی ڕابردوو ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان گەیشتە زیاتر لە 5 ملیۆن کەس. ئەگەر تەنیا ئەو 2 کیلۆگرامەی حکومەتی عێراق وەک بەشەخۆراکی مانگانە دەیداتە هەر تاکێک بەپێوەر وەربگرین، دەتوانین بڵێین ساڵانە لە هەرێمی کوردستان بەتێکڕا نزیکەی 142 هەزار تۆن شەکر دەخورێت، بەڵام بازرگانان مەزندەی بەکارهێنانی نزیکەی 215 هەزار تۆن شەکر دەکەن.

حاجی موحسین محەممەد، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای بۆتان بۆ هاوردەکردنی بەرهەمە خۆراکییەکان دەڵێت: "لە کوردستان خواستێکی زۆر لەسەر بەکارهێنانی شەکر هەیە، خەڵک زیاد لە پێویست شەکر بۆ خواردنەوەی چا و پێویستییەکانی دیکەی ناوماڵ بەکاردەهێنێ و بە سەتان کارگەی خواردنەوەی گازی، ئایسکرێم، بسکویت، شیرەمەنییەکان و بەرهەمی دیکە هەن کە خەڵک بەرهەمەکانیان بەکاردەبات، بۆیە بەدڵنیاییەوە ساڵانە هەر تاکێک لە هەرێمی کوردستان 3 کیلۆ شەکر بەکاردەهێنێ، بە تێکڕا بڕی بەکاربراوی ساڵانە دەگاتە نزیکەی 215 هەزار تۆن شەکر".

بۆ کەمکردنەوەی خەرجی هاوردەکردنی شەکر و پشتبەستن بە بەرهەمی ناوخۆ، ساڵی 2012 کۆمپانیای الاتحاد بۆ پیشەسازی خۆراک لە شاری حللە دامەزرا، کۆمپانیاکە لەساڵی 2015 بەرهەمی خستووەتە بازاڕ، بە وزەی 3،600 تۆن شەکر لە ڕۆژێکدا کار دەکات. بۆ بەرهەمهێنانیش پشت بە قامیشی هاوردەکراو لە بەرازیل دەبەستێ.

ئەم بازرگانە 30 ساڵە شەکر دەفرۆشێ و 15 ساڵیشە کۆمپانیای هەیە، پێشتر شەکری لە ئیمارات، تورکیا، ئێران و ئازەربایجان هاوردە دەکرد، بەڵام ئێستا شەکر لە کارگەکەی حللە دەکڕێت.

حاجی موحسین دەڵێت: "بەگوێرەی باری دارایی خەڵک و بڕی دابەشکردنی شەکری بایەعی، فرۆشی ساڵانەی شەکر دەگۆڕێت، ساڵانە 15 تاوەکو 25 هەزار تۆن شەکر دەفرۆشین، پێشتر شەکرمان لە دەرەوە هاوردە دەکرد، بەڵام نزیکەی مانگێکە کۆمپانیای ئیتحادی عێراقی نرخی دابەزاندووە، ئێستا ئێمە و زۆربەی کۆمپانیاکانی دیکەش شەکر لەوێ هاوردە دەکەین، چونکە ئێستا شەکری هاوردە کێبڕکێی شەکری ئیتیحادی پێناکرێت".

> بازرگانانی کوردستان بۆ کڕینی شەکر ڕوو لە کارگەکەی حللە دەکەن

بە گوێرەی زانیارییەکانی حاجی موحسین، بۆ پاراستنی بەرهەمی کارگەی ئیتحاد و کەمکردنەوەی شەکری هاوردە، حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕێککەوتوون، لە بەرامبەر هاوردەکردنی هەر تۆنێک شەکر 25 دۆلار وەک ڕەسمی گومرگ وەربگرن، بۆیە ئەگەر ئەم بڕیارە جێبەجێ بکرێت و کۆمپانیای ئیتیحادیش نرخ بەرز نەکاتەوە، لەوانەیە کۆمپانیاکان چیدی شەکر لە دەرەوە هاوردە نەکەن.



بەغدا و هەولێر ڕێککەوتوون، لە بەرامبەر هاوردەکردنی هەر تۆنێک شەکر 25 دۆلار وەک ڕەسمی گومرگ وەربگرن (فۆتۆ: ڕووداو)

> چەند ناوچەیەکی کوردستان بۆ چاندنی قامیشی شەکر زۆر گونجاون
>
> وەزارەتی کشتوکاڵ

حاجی موحسین پێشبینی دەکات ئەمساڵ تەنیا 4 بەشە شەکر دابەش بکرێت و فرۆشی شەکر لە ساڵانی ڕابردوو زیاتر بێت، بۆیە دەڵێت: "ئەگەر تەنیا یەک ڕۆژ کارگەی ئیتیحاد لەکارکردن بوەستێ، نرخ بەرز دەبێتەوە، چونکە ئێستا ڕۆژانە نزیکەی 3500 تۆن شەکر لە عێراق و هەرێمی کوردستان ساخ دەبێتەوە".

عەلی بەرازی، بازرگانێکی شاری دهۆکە و ماوەی چوار ساڵە بریکاری هەرێمی کوردستانە بۆ شەکری ئیتحاد، دەڵێت: "بەهۆی جیاوازی ڕەسمی گومرگ لەنێوان خاڵە گومرگییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، زۆربەی بازرگانان لە تورکیا و ئیماراتەوە شەکریان هاوردە دەکرد، بۆیە فرۆشی ئێمە و ئەو بازرگانانەی شەکری ئیتحاد لە هەرێمی کوردستان دەفرۆشن، ساڵانە نزیکەی 60 هەزار تۆن تێنەدەپەڕی، بەڵام بەهۆی دابەزینی نرخی شەکری ئیتیحاد و دانانی ڕەسمی گومرگی لەسەر هاوردەی شەکر، پێشبینی دەکەین ئەمساڵ فرۆشمان زۆر زیاتر بێت". بەرازی گوتیشی: "بەپێی بەدواداچوون بۆمان دەرکەوتووە خەڵکی شارەکانی عێراق زیاتر لەخەڵکی کوردستان لە ماڵ شەکر بەکار دەهێنن، بەڵام لەبەرئەوەی کارگەیەکی زۆری خواردنەوە گازییەکان و شیرنەمەنی و ساردەمەنی لە هەرێمی کوردستانن، لە عێراق زیاتر شەکر لە بازاڕ ساخ دەبێتەوە".

هەرچەندە بەگوێرەی توێژینەوەکان دەرکەوتووە هەندێ ناوچەی هەرێمی کوردستان گونجاوە بۆ چاندنی قامیشی شەکر، بەڵام تائێستا لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو گرنگی بەچاندنی ئەم بەرهەمە نەدراوە.

دکتۆر خالس ئەحمەد، بەڕێوەبەری پێشووی دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە ئێستا بەڕێوەبەری گشتییە لە وەزارتی کشتوکاڵ، دەڵێت: "توێژینەوەکان سەلماندوویانە خاک و ئاوی هەندێ ناوچەی هەرێمی کوردستان گونجاوە بۆ چاندنی قامیشی شەکر، بەڵام ئەگەر کارگەیەک نەبێت بەرهەمی جووتیاران بکڕێتەوە، هیچ جووتیارێک ئامادە نییە ئەم بەرهەمە بچێنێ".

دکتۆر خالس گوتیشی: "سێ ساڵ لەمەوبەر وەبەرهێنەرێک ڕەشنووسی پڕۆژەیەکی چاندنی قامیشی شەکری لە ناوچەی شارەزوور پێشکەشی وەزارەت کرد، بەڵام پڕۆژەکەی پارەی زۆری دەویست و بانکەکانیش پارەیان نەدا، بۆیە خاوەنەکەی وازی لە بیرۆکەکە هێنا".

شەکر بەژەهری سپی ناسراوە، چونکە زیاد بەکارهێنانی دەبێتە هۆکاری تووشبوونی مرۆڤ بە نەخۆشیی شەکرە، بۆیە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لەپێناو پاراستنی تەندروستیان هانی خەڵک دەدات تا بۆیان دەکرێت دوور بکەونەوە لە خواردنی شەکر.

لە هەرێمی کوردستان ژەهرە سپییەکە کاری خۆی کردووە، ئێستا زیاتر لە 164 هەزار کەس دووچاری نەخۆشیی شەکرە بوون، شەکرەکەشیان لە قۆناغێکدایە بەردەوام پێویستیان بە وەرگرتنی دەرمانە.

دکتۆر خالس قادر، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی تەندروستی دەڵێت: "بەپێی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، مرۆڤ ڕۆژانە نابێ زیاتر لە 45 گرام شەکر بەکاربهێنێ، بەڵام توێژینەوەکان دەریاخستووە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان زۆر زیاتر لەو بڕە بەکاردەهێنن، ئەمەش جێگای مەترسییە بۆ زیادبوونی ژمارەی تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە لە داهاتوودا".

### دەستەی گەشتوگوزار مۆڵەتی داوەتە 475 کافێ

# "کافێی گەشتیاری" لە کوردستان لە گەشەیەکی خێرادان

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو– هەولێر**

سەرۆکی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، دەڵێت بەهۆی زیادبوونی ژمارەی گەشتیار و باشبوونی باری دارایی خەڵک لە کوردستان، گەشەیەکی زۆر خێرا لە کردنەوەی کافێی گەشتیاریدا هەیە، ئەمەش دەرفەتی کاری زیاتری بۆ گەنجان ڕەخساندووە.

بەپێی ئاماری دەستەی گشتی گەشتوگوزار، 475 کافێ لە بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری پارێزگاکان (133 لە هەولێر، 275 لە سلێمانی، 64 لە دهۆک و 3 لە گەرمیان) مۆڵەتیان وەرگرتووە. بەپێی شوێن و کواڵیتی خزمەتگوزارییەکانیشیان پلەبەندییان بۆ کراوە، بەشی زۆری ئەو مۆڵەتانەش لە سێ ساڵی ڕابردوودا دراون.

نزیکەی 70 کەسیش لە هەولێر و دهۆک مامەڵەی کردنەوەی کافێیان پێشکەش کردووە و هێشتا نەکراونەتەوە.

مەولەوی جەبار، سەرۆکی گشتیی دەستەی گەشتوگوزار دەڵێت: "هەر کاتێک ئارامی باڵ بەسەر هەرێمی کوردستاندا بکێشێ، گەشتیاران زیاتر ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمەش هانی سەرمایەداران دەدات بۆئەوەی وەبەرهێنانی زیاتر لە کەرتی گەشتیاریدا بکەن".

مەولەوی جەبار تێبینی کردووە لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەهۆی زیادبوونی ژمارەی گەشتیار و باشبوونی باری دارایی خەڵک گەشەیەکی زۆر خێرا لە دروستکردنی کافێی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا ڕوویداوە.

خاوەن کافێکان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر زیادبوونی ژمارەی کافێکان هەیە.

کافێ باربێرا، کە یەکێکە لە کافێ ناسراوەکانی شاری هەولێر، نزیکەی دوو ساڵە مۆڵەتی گەشتوگوزاری وەرگرتووە. مازن ئەمیر، بەڕێوەبەری کافی باربێرا، دەڵێت: "بەشێک لە هۆکاری گەشەی خێرای کافێ گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ چاولێکەری دەگەڕێتەوە، بەشێکی دیکەشیان بۆ تێگەیشتنی هەڵە لە داهاتی کافێ دەگەڕێتەوە، بۆیە تەمەنی بەشێک لەو کافێیانە زۆر درێژ نابێ و دادەخرێن".

> لە هەندێک کافێ نێرگەلەیەک بە 50 هەزار دینارە
>
> خاوەنی کافێیەک

لە کافێکاندا جیاوازییەکی زۆر لە نرخی خواردنەوە و خواردن و خزمەتگوزارییەکان بەدی دەکرێت، لە هەندێ کافێ نرخی کوپێک قاوە 5 بەرامبەری نرخی هەمان قاوەیە لەکافێیەکی دیکە.

مازن ئەمیر دەڵێت: "نرخی خواردن و خواردنەوەکان لە کافێ گەشتیارییەکان بەشێکی بۆ کواڵیتی و بەشێکی دیکەشی بۆ خراپ بەکارهێنانی یاساکانی گەشتوگوزار دەگەڕێتەوە، چونکە یاساکە بەبێ ڕەچاوکردنی پلەبەندی کافێکان، هیچ سنوورێکی بۆ نرخ دانەناوە و کافێکانی ئازاد کردووە لە نرخ، هەندێ کەسیش ئەمەیان قۆستووەتەوە و نرخیان زۆر بەرزکردووەتەوە".

مەولەوی جەبار دەڵێت: "ڕاستە هەندێ تێبینی لەسەر نرخی خزمەتگوزارییەکان هەیە، بەڵام بازاڕ ئازادە، خەڵک دەتوانن ئەو کافێیە هەڵبژێرن کە نرخەکەی گونجاوە بۆ ئەوان".

بەڕای مازن ئەمیر بیانووی هەندێک لە کافێکان بۆ بەرزکردنەوەی نرخەکان ئەوەیە کە شوێنەکەیان گەشتیارییە و کۆنترۆڵی لەسەرە، کواڵیتی کاڵاکانیش بەرزە، بەڵام لەبنەڕەتدا وانییە "کوالیتی خواردنەوەکانی هەندێ کافێ شایەنی ئەو نرخە نییە کە وەریدەگرن".

لە کافێکەی مازن، نێرگەلە نافرۆشرێ، بەڵام زانیاری لەسەر نرخی نێرگەلە لە کافێکان هەیە و دەڵێت: "نێرگەلەیەک لە کافێ میللییەکان بە 5 هەزار دینار بێ، لە کافێ ڕاقییەکان بە 25 هەزار دینارە، تەنانەت لە هەندێک کافێ بە 50 هەزار دینارە".

دەستەی گەشتوگوزار بەگوێرەی قەبارە و شوێنی کافێکە و کواڵیتی خزمەتگوزاریەکانیان، پلە یەک تاوەکو پێنجی بە کافێکان بەخشیوە، بۆ نموونە لە 133 کافێکەی هەولێر سێیان پلەی پێنج و 29 کافێ پلەی چواریان پێدراوە، ئەم پلەبەندییەش کاریگەری لەسەر نرخی خزمەتگوزاری کافێکان هەبووە.

مازن ئەمیر دەڵێت: "ئەگەر ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ پلەبەندی کافێکانی کوردستان بەگشتی ڕەچاو بکەین، زۆربەیان شایەنی ئەو پلەیە نین کە پێیان دراوە. هەندێ کافێ هەیە شایەنی پلە دووە، بەڵام بەهۆی ناسین و پەیوەندی پلە چواری پێ بەخشراوە، هەشە پلە پێنجە لە ترسی باج و ڕسومات پلەکەی بۆ سێ دابەزاندووە، بۆیە بەخشینی پلەکان پێویستی بەپێداچوونەوەیە لەسەر دەستی کەسانێکی پسپۆڕ و شارەزار لە بوارەکە".

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری پارێزگای سلێمانی زۆرترین مۆڵەتی کافێی گەشتیاری بەخشیوە. ئاکۆ ئەحمەد، بەڕێوەبەری کاروباری گەشتیاری لە بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی دەڵێت: "کافێ گەشتیارییەکان لە پارێزگای سلێمانی لە گەشەیەکی خێرادان، ساڵ بەساڵ ژمارەیان زیاد دەکات، بەڵام نزیکەی 20 کافێ کە مۆڵەتمان پێداون، ئێستا کار ناکەن".

کردنەوەی کافێ پێویستی بە چەند مەرجێکە، لەوانە لەسەر شەقامی بازرگانی بێ. داواکار گرێبەستی شوێنەکەی هەبێت. ئەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن لە 18 ساڵ کەمتر نەبن. ئەمە جگە لە مەرجی تەندروستی و سەلامەتی شوێنەکە.

ئاکۆ ئەحمەد دەڵێت: "چەندین ڕێنماییمان هەیە بۆ کارکردنی کافێکان، لەوانە نابێ ئاهەنگی تێدا بکرێ و ببنە هۆی بێزارکردنی خەڵک. هەروەها ئەو کارمەندە ئافرەتانەی کاریان تێدا دەکەن نابێت جگە لە کاری خۆیان بۆ مەبەستی دیکە بەکاربهێنرێن".



زۆرترین کافێی گەشتیاری لە پارێزگای سلێمانی کراونەتەوە (فۆتۆ: ڕووداو)

جگە لە کافێ گەشتیارییەکان، جۆرێکی دیکە کافێ هەن کە بە کافێی میللی ناودەبرێن، زیاتر لە شەقامە سەرەکییەکانی ناو گەڕەکەکان هەن، ئەم کافێیانە لەلایەن قایمقامیەتی پارێزگاکان مۆڵەتیان پێدەدرێت، بۆ نموونە لە سنووری پارێزگای هەولێر نزیکەی 57 کافێی لەم جۆرە هەن.

نەبەز عەبدولحەمید، قائیمقامی قەزای ناوەندی هەولێر، دەڵێت: "مەرج و ڕێنمایی تایبەتمان هەیە بۆ پێدانی مۆڵەت بە کافێ میللییەکان. هەر کافێیەک لە مەرج و ڕێنماییەکان لابدات و ببێتە هۆی بێزارکردنی خەڵک سزای دەدەین".

پێشتر بەشێک لە کافێکان 24 سەعات کراوە بوون، بەڵام دوای ڕوودانی هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی لە کافێکان ئێستا کاتی کارکردنیان دیاری کراوە. نەبەز عەبدولحەمید دەڵێت: "لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارمانداوە کافێکان تەنیا تا سەعات یەکی شەو کراوە بن".

> بازاڕ ئازادە، حەزت لە کام کافێیە بڕۆ بۆ ئەوێ
>
> مەولەوی جەبار

بەشێک لە کافێ گەشتیاری و میللییەکان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیان کارمەندی ئافرەتیان داناوە، بەڵام ئەو ئافرەتانە زۆرجار لەگەڵ موشتەرییەکان بەرەڕووی کێشە دەبنەوە.

نەبەز عەبدولحەمید دەڵێ: "کارکردنی کارمەندی ئافرەت لە کافێکان شتێکی نایاسایی نییە و سیمایەکی شارستانی بەخشیوە بەکافێکان، هەندێک کافێ بەشێوەیەکی سەردەمیانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن. بەڵام خاوەنی هەندێ کافێ ئەم کارمەندە ئافرەتانە بەشێوەیەکی نادروست بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کڕیار بەکاردێنن، بەو هۆیەش چەند خاوەن کافێیەکمان سزاداون".

# بازرگانانی نەوت پێشبینی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەکەن



**کاردۆ کەمال***

ڕۆژی چوارشەممەی رابردوو لەکاتی مامەڵەکردنی بازاڕە داراییەکانی ئەمریکا، نرخی نەوت بەرزترین ئاستی لەمساڵدا تۆمار کرد، لەلایەکەوە نرخی نەوت پاڵپشتی لە کەمکردنەوەی خستنەڕووی نەوت وەرگرت لەلایەن ئۆپێکەوە، هەروەها کێشە جیۆسیاسیە نوێیەکانی هەر یەکە لە لیبیا، نەیجیریا و ڤەنزوێلا و بەردەوامبوونی گەمارۆ نەوتییەکانی ئەمریکا بۆ سەر کەرتی نەوتی ئێران فاکتەرێکی دیکە بوو بۆ گەیشتنی نرخی نەوت بە بەرزترین ئاستی لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا.

ئەوەی کە ئێستا هانی بازرگانانی داوە گرێبەستەکانی کڕینی نەوت زیاد بکەن، کەمبوونی خستنەڕووی نەوت نییە لە بازاڕدا، بەڵکو پلانەکانی سعودیە سەبارەت بە بازاڕی چین و خوڵقاندنی ترسێکی زۆر سەبارەت بە کەرتی نەوتی ڤەنزوێلا و لیبیا و ئێران.

لەگەڵ ئەوەشدا بەرزبوونەوەی نرخی نەوت هەمیشە بە سنووورداری دەمێنێتەوە، ئەوەمان بیرنەچێت کە زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا و گەیشتن بە 11.9 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێت بۆ سنووورداربوونی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، هەروەها لاوازبوونی گەشەی ئابووریی جیهان لەمساڵدا بە فاکتەرێکی دیکە دادەنرێت لەبەردەم دروستبوونی چەند ناوچەیەک بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت.

زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوت لەلایەن ئەمریکاوە سنوورێکی بۆ زیادبوونی ژمارەی سەکۆ نەوتییەکانی ئەمریکا دانا، ئەوەی کە جێگەی سەرنجە، بەپێی ڕاپۆرتێکی بیکەر هیوز بۆ خزمەتگوزاریی نەوت، لەگەڵ زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوت لە 24ی ئەم مانگەدا کۆمپانیای هەڵکۆڵەری سەکۆ نەوتییەکانی ئەمریکا، بەرهەمهێنانی نەوتی لە 4 سەکۆ ڕاگرت، بەم شێوەیەش ژمارەی سەکۆ نەوتییەکان بۆ 853 سەکۆ دابەزی.

سعودیە پێیوایە کە لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا هاوسەنگی زیاتر بۆ بازاڕی نەوت دەگەڕێتەوە، ئەم گەشبینییە لەلایەن سعودییەوە بووە هۆکارێک بۆئەوەی زۆرترین گرێبەستی کڕینی نەوت لە بازاڕە داراییەکاندا لەلایەن وەبەرهێنەران و بازرگانانی سعودیەوە ببینرێت، بووە هۆکاری ئەوەش کە کۆمپانیای ئارامکۆی سعودی هەنگاوێکی دیکە لە پلانەکانی وەبەرهێناندا بنێت بۆ دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوت.

سەردانی شازادە بن سەلمان بۆ چین و واژۆکردنی لێکتێگەیشتنی (MOU) بۆ دامەزراندنی پرۆژەی پیترۆکیمیایی لە باکووری چین بە خاڵێکی سەرەکی دادەنرێت کە کۆمپانیای ئارامکۆ لەگەڵ گرووپی کۆمپانیاکانی نۆرینکۆی چینی هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی سعودیە بخەنە سەر نەخشەی سەرەکیترین هەناردەکاری نەوت بۆ چین.

بەم شێوەیەش ئارامکۆ دەبێتە ڕکابەرێکی سەرسەختی رووسیا لە بازاڕی چین و بە بەردەوامی کار لەسەر فراوانکردنی چالاکییەکانی لەسەرتاسەری جیهان دەکات، پشکەکانی لە کۆمپانیا ئەمریکییەکان زیاد کردووە و بەبڕی 20 ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە پاکستان دەکات و وەبەرهێنانەکانیشی لە پاڵاوگە نەوتییەکانی هیندستان زیاد دەکات، ئەمە جگە لەوەی وەبەرهێنانەکانی لە گازی سروشتیدا زیاد کردووە.

لەلایەکی دیکەوە ڤەنزوێلا بە یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکان دادەنرێت بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت.



سعودیە پێشبینی دەکات لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا هاوسەنگیی زیاتر بۆ بازاڕی نەوت بگەڕێتەوە

(فۆتۆ: ڕووداو)

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڤەنزوێلای ناچار کرد پەنا بۆ رووسیا و ئەورووپا بەرێت تا بتوانێت بەرهەمە نەوتییەکانی دەستبکەوێ، کێشەکە لێرەدا نییە، بەڵکو لەوەدایە تا دێت قەرزەکانی سەر ئەو وڵاتە لە کڕینی بەرهەمە نەوتییەکان زیاد دەکات، ئەمەش کورتهێنانی بودجە زیاتر دەکات و دەنگی نارەزایەتی دژی مادۆرۆش زیاتر دەکات.

ئەگەرچی ڤەنزوێلا وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە نەوت و زۆرترین یەدەگی نەوتی جیهان لەو وڵاتەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی گەمارۆکانی ئەمریکا، ئەو وڵاتە ناتوانێت پەرە بە پاڵاوگەکانی بدات و نۆژەنیان بکاتەوە، ئەمەش ئەو وڵاتەی ناچار کردووە بەرهەمە نەوتییەکان لە دەرەوە هاوردە بکات، تەنانەت بۆ کارپێکردنی وێستگەکانی کارەباش.

بەپێی چاودێری دەریایی بەشی هەرە زۆری بەرهەمە نەوتییەکان لەلایەن هەریەکە لە کۆمپانیاکانی (Rosneft)ی رووسی و (Repsol)ی ئیسپانی و (Reliance Industries RELI.NS)ی هیندی و کۆمپانیا بازرگانییەکانی (Vitol) و (Trafigura) بە ڤەنزوێلا دەدرێت.

ئەمەش زیانێکی زۆری بە ڤەنزوێلا گەیاندووە، کەشتییەکانی گواستنەوەی دەریایی تێچووی گواستنەوەی نەوتیان بۆ ڤەنزوێلا بە بڕی 50 سەنت بۆ هەر بەرمیلێک زیاد کردووە، ئەمەش بڕێکی زۆرە بە بەراورد بە پێش گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر ئەو وڵاتە کە 15 — 20 سەنت دەبوو.

بەشێوەیەکی گشتی بازرگانانی نەوت پێشبینی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەکەن، بە تایبەتیش کە سعودیە هەموو رێگەیەک دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی هاوسەنگی زیاتر بۆ بازاڕی نەوت بگەڕێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر گەشەی بەکارهێنانی نەوتیش خاوبێت، گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ڤەنزوێلا و ئێران هاوکاری پلانەکەی سعودیە دەکەن بۆ ئەوەی بازاڕی نەوتی چین بە سعودیەوە ببەستێتەوە.

بەشێوەیەکی تەکنیکی لەسەر ئاستی هەفتانە، لە ئەگەری بەرزبوونەوەی نرخی خاوی تەکساس و شکاندنی ئاستی بەرگری 57.55 دۆلار و جێگیربوونی پێنوێنی هێزی رێژەیی لەسەرووی ئاستی 70، ئەوا چەندین گرێبەستی نوێی کڕینی نەوت لەدوای نرخی 57.55 دۆلارەوە دەبینین، هەر ئەمەشە نرخی یەک بەرمیل خاوی تەکساس دەگەیەنێتە 59 دۆلار.

*** شرۆڤەکاری بازاڕە داراییەکان لە کۆمپانیای ڤارین ئێفێکس**

## ئێران بە هەڕەشەی دەزانێ

# سعودیە و رووسیا بەرەو هاوپەیمانییەکی نەوتی



بە فەرمیکردنی رێککەوتننامەکەی ئۆپێک و رووسیا لە قازانجی نرخەکانی نەوتە

**ڕووداو- هەولێر**

ڕێککەوتنی رووسیا و سعودیە و لە بواری نەوتدا ئێرانی نیگەران کردووە، بە تایبەتیش پاش هەوڵەکانی ئەمدواییەی ریاز بۆ دروستکردنی دامەزراوەیەکی نوێ کە چاودێری بازاڕەکانی نەوت بکات و لە کاتی پێویستدا هەوڵی رێکخستنی نرخەکان بدات، دامەزراوەکە لەسەر بناغەی ئەو رێککەوتنە دەبێ کە زیاتر لە دوو ساڵە ئۆپێک و 10 وڵاتی دەرەوەی ئۆپێک لەسەری دەڕۆن.

هەفتەی رابردوو ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیا بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ شا سەلمان بن عەبدولعزیز، پاشای سعودیە کرد. بەپێی راپۆرتی کریملین "سەرکردەی هەردوو وڵات ستایشی ئاستی باڵای هاوکارییەکانیان کرد، بە تایبەتیش ئەو هاوکارییانەی لە بوارەکانی بازرگانی، ئابووری و وەبەرهێناندا هەن، لە کاتێکدا هەردوو وڵاتیش جەختیان لە بەردەوامی هاوکارییەکانیان لە بارەی دۆخی بازاڕە جیهانییەکانی هایدرۆکاربۆن کردەوە".

بەگوێرەی راپۆرتێکی سەرەتای ئەم مانگەی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، سعودیە دەیەوێ لەگەڵ 10 وڵاتە هاوپەیمانەکەی دەرەوەی ئۆپێک کە رووسیا سەرکردایەتییان دەکات هاوبەشییەکی فەرمی دروستبکات. بەرپرسانی ئۆپێکیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئێران و ژمارەیەک وڵاتی دیکە داوایان کردووە هاوبەشییەکە سنووردار بێ. پێکهێنانی هاوبەشییەکی فەرمی لە قازانجی نرخەکانی نەوتە، بەڵام ئێران نیگەرانە لەوەی ریاز و مۆسکۆ بەرژەوەندی ئەندامانی دیکەی ئۆپێک پشتگوێ بخەن.

ئێران و سعودیە نوێنەرایەتی دوو بەرەی سیاسی دژبەیەک دەکەن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بەگوێرەی راپۆرتێکی ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر) تاران و ریاز لە ناو ئۆپێکیش بەرگری لە دوو سیاسەتی جیاواز دەکەن. لە کۆتایی هەشتاکان هەتا ناوەڕاستی دەیەی پێشوو. سعودیەکان پشتگیرییان لەو سیاسەتە دەکرد کە ئۆپێک دەبێ ئاگای لە پشکەکانی خۆی بێ، بۆیەش بە باشی دەزانێ ئاستی بەرهەمهێنان بەرز بێ و نرخەکانی نەوتیش لە ئاستێک بێ کڕیارەکانی تووشی کێشە نەکات. ئێران بە پێچەوانەوە پشتگیری لە بەرهەمهێنانی کەم و نرخی بەرز دەکرد.

ژێرخانی نەوتی ئێران کۆنە و لەچاو ژێرخانی نەوتی سعودیە دواکەوتووە. سزاکانی ئەمریکاش ئاستی هەناردەی ئەو وڵاتەیان بۆ خوار یەک ملیۆن بەرمیل دابەزاندووە. راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئێران بەهۆی کەمیی هەناردە و نزمیی توانای بەرهەمهێنانی ناتوانێ دەنگێکی بەهێزی ناو هاوپەیمانێتییەکەی سعودیە و رووسیا بێ.

ئێران و رووسیا لە کێشە جیۆپۆلیتیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هاوپەیمانی گیانی بە گیانین، هەردوو وڵات چوار ساڵە شان بە شانی یەک بەرگری لە مانەوەی رژێمی سووریا دەکەن، بەڵام لە ژووری کۆبوونەوەکانی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی (کە بە ئۆپێک پلاس ناسراوە)، تاران متمانەی بە رووسیا نییە، ساڵی رابردوو پێش ئەوەی سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر دامەزراوە نەوتی و غازییەکانی ئێران رابگەیەنرێن، سعودیە و رووسیا ژێربەژێر رێککەوتبوون یەک ملیۆن بەرمیل بخەنە سەر ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتەکەیان. ئەو کات گوماندەکرا سزاکانی ئەمریکا لە ناکاو هەناردەی نەوتی ئێران بگەیەننە خاڵی سفر.

کێشەکانی نێوان سعودیە و رووسیا

رووسیا بە پێچەوانەی سعودیە بە مەرجێک لە رێککەوتنەکەی ئۆپێک پلاسدا بەشداری کردووە کە رێگەی پێبدرێ بەرەبەرە ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتەکەی کەم بکاتەوە. زۆربەی ئەو شارەزایانەش کە قسەیان بۆ (ئەلمۆنیتەر) کردووە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن رووسیا ئەوەندەی چاوی لە کاریگەرییە سایکۆلۆژییەکانی رێککەوتنەکەی ئۆپێک پلاسە، ئەوەندە حیساب بۆ پابەندبوون یان نەبوونی بەشدارانی رێککەتنەکە ناکات. بۆیەش دیار نییە ئاخۆ رووسیا لە بنەڕەتدا بۆی گرنگە پابەندی رێککەوتنەکەی لەگەڵ سعودیە بێ یان نا.

لە لایەکی دیکەوە رووسیا دەبێ دڵی کۆمپانیا نێوخۆییەکانیش رابگرێ و قایلیان بکات کە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان پێویستە. کۆمپانیاکانی نەوتی رووسیا دژی رێککەوتنی ئۆپێک پلاسن و پێیانوایە ئەو رێککەوتنە لەلایەکەوە پشکەکانی نەوتی رووسیا لە بازاڕەکانی جیهان کەمدەکاتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە رێگە بۆ پەرەسەندنی زیاتری کەرتی نەوتی ئەمریکا خۆش دەکات کە پێویستی بە نەوتی سەرووی 50 دۆلارە بۆ ئەوەی وەبەرهێنەر رابکێشێ.

بەپێی راپۆرتەکە لە دۆخێکی ئاوهادا رووسیا ناچارە هاوسەنگییەک لە نێوان داوای کۆمپانیاکانی خۆی و ئیلتیزاماتەکانی لەگەڵ ئۆپێک دروست بکات و لە زۆر حاڵەتدا چاوپۆشی لە پێشێلکارییەکانی 10 وڵاتەکەی ژێر هەژموونی خۆی بکات. ئاژانسی (بلومبێرگ) ئاشکرای دەکات کە لە کانوونی دووەمی ئەمساڵ 10 وڵاتەکەی دەرەوەی ئۆپێک بە رێژەی تەنیا 25% پابەندی رێککەوتنەکەی ئۆپێک پلاس بوونە، لە کاتێکدا ئەندامانی ئۆپێک بە رێژەی 86٪ پابەندی رێککەوتنەکە بوون.

ئەگەرچی سعودیە سوورە لەسەر ئەوەی بۆ پاراستنی رێککەوتنەکە و هاوسەنگکردنەوەی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان زیاتر لە پشکی خۆی ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتەکەی کەمبکاتەوە، بەڵام ئەم جیاوازییە گەورەیەی رێژەی پابەندیی لە نێوان وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک و 10 وڵاتەکەی دەرەوەی رێکخراوەکە لە درێژخایەندا درزی نێوان ئۆپێک و 10 وڵاتەکەی دیکە زیاتر دەکات، هەر ئەمەش ئەگەری دروستکردنی دامەزراوەیەکی نوێ لە نێوان ئۆپێک و رووسیا لاوازتر دەکات.

ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی لە سەرەتای 2017ەوە دەستیان بە جێبەجێکردنی رێککەوتنێک کردووە کە داوا لە هەردوو لایەن دەکات پێکەوە 1.8 ملیۆن بەرمیل نەوت لە بازاڕەکان کەم بکەنەوە. ئۆپێک 1.2 ملیۆن بەرمیل و رووسیا 600 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکی بەردەکەوێ. رێککەوتنەکە لە دوو ساڵی رابردوودا چەندین جار نوێکراوەتەوە. ڕۆژانی 17 و 18ی نیسان، ئۆپێک و رووسیا جارێکی دیکە لە ڤیەننا کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی تاوتوێی کاریگەریی دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنان بکەن.

لە ساڵانی رابردوودا ئەندامانی ئۆپێک هەوڵیان دەدا کێشە سیاسی و جیۆپۆلیتیکییەکانی نێوان وڵاتانی ئەندامی رێکخراوەکە کاریگەری لەسەر بڕیار و ئاراستەی کارکردنی ئۆپێک نەبێ. لەگەڵ قووڵبوونەوەی ململانێکان و تۆخبوونەوەی هێڵە سیاسییەکان لە ناوچەکە، ئەستەمە ئۆپێک بتوانێ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەو بێلایەنییە بپارێزێ.

حاڵی حازر سعودیە و رووسیا قازانجی خۆیان لەوەدا دەبینن نەوت لەسەرەوەی 50 دۆلار یاری بکات، بۆیەش لێدان لە بەرژەوەندییە نەوتییەکانی ئێران و دروستکردنی ناکۆکی لە ئەولەوییەتەکانی هیچکام لەو دوو وڵاتە نییە، تەنانەت رووسیا ئاماژەی بۆ ئەوەشکردووە ئامادەیە یارمەتی ئێران بدات بەهۆی سزاکانی ئەمریکاوە بازرگانییە نەوتییەکانی لەگەڵ بازاڕەکانی جیهاندا نەپچڕێ.

بەگوێرەی راپۆرتەکە، رێککەوتنەکەی سعودیە و رووسیا لە پراکتیکدا بە قازانجی ئێرانیشە کە بودجەی 2019ی وڵاتەکەی لەسەر نەوتی 54 دۆلاری داناوە، لە کاتێکدا ئێران لەگەڵ لیبیا و ڤەنزوێلا لەو وڵاتانەن کە لە رێککەوتەکەدا بەشدار نین، بەڵام سوودیش لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەبینن، بەفەرمیکردنەوەی رێککەوتنەکەی ئۆپێک و رووسیاش لە درێژخایەندا دەتوانێ یارمەتیدەری هەرسێ وڵات بێ بۆ ئەوەی نرخەکانی نەوت لە ئاستێکی بەرز راگرن.



## سیدی لەلای دلژەن باوی نەماوە

**ڕووداو- هەولێر**

دلژەن ڕۆنی، هونەرمەندی باکووری کوردستان، ئەلبوومێکی گۆرانی لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە بڵاوکردەوە و دەڵێت باوی بڵاوکردنەوەی گۆرانیی بە سیدی نەماوە. دلژەن ڕۆنی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێستا مۆدێلی سیدی و کاسێت بەسەرچووە، زیاتر بە میمۆری دیسک هەواداران گوێ لە ئەلبووم دەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەلبوومی گۆرانی لەڕێگای ئۆنلاین بڵاودەکرێتەوە و هونەرمەند لەم ڕێگایەوە دەتوانێت سوود لە داهاتی ئەلبوومەکەی وەربگرێت".

دلژەن ڕۆنی لە ساڵی 1981 لە جزیرێ لە دایکبووە، لەساڵی 2006 یەکەمین ئەلبوومی گۆرانی بڵاوکردووەتەوەو لە ساڵی 2012 ئەلبوومی دووەمی بڵاوکردووتەوە. ئەلبوومی سێیەمیشی لە ساڵی 2017 و دوایین ئەلبوومیشی لەساڵی 2019 بە ئۆنلاین بڵاوکردووەتەوە.

## فەتانەی وەلیدی لە نەخۆشخانەی دەروونی چۆن پێشوازی لە چیمەن کرد؟

# چیمەن ڕەحمانی، چیرۆکە خەمناکەکەی پشت گۆرانی "دڵی زار" ئاشکرا دەکات



قادرئەلیاسی
وەرگێڕ و گردوکۆی ئەم بابەتە بۆ سەر زمانی کوردی

هونەرمەند قادر ئەلیاسی، ڕۆژی 16ی ئەم مانگە (شوبات) لە ئەکاونتی خۆیەوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش و ناخ هەژێنەری بڵاوکردەوە. چیرۆکەکە لە بنەڕەتدا بە زمانی فارسی نووسراوە و نووسەرەکەشی هونەرمەندی لاو خاتوو چیمەن ڕەحمانی- یە. ئەمە چیرۆکی پشتی گۆرانی (دڵی زار)ی چیمەن ڕەحمانیە کە لە بنەڕەتدا خاتوو فەتانە وەلیدی لە ساڵی 1975 بە ناوی (لای لای) تۆماری کردووە. ئەمەی خوارەوە هەم چیرۆکی گۆرانیەکەیە، هەم چیرۆکی دیداری چیمەن ڕەحمانی لەگەڵ فەتانەی وەلیدی کە ئێستا لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی لە شاری سنە، دوایین ڕۆژەکانی تەمەنی بە سەختی تێدەپەڕێنێ.

### لە "لای لای" تا "دڵی زار"

خاتوو چیمەن ڕەحمانی، کچی هونەرمەندی کۆچکردوو "یەدوڵڵا ڕەحمانی" لە کۆتایی مانگی خەزەڵوەری 1397ی هـ (سەرەتای نۆڤەمبری 2018) ئاگاداری کردم کە گۆرانییەکی خاتوو فەتانە وەلیدی، دووبارەخوێنی کردووەتەوە و دەیەوێ بڵاوی بکاتەوە. منیش وێڕای پیرۆزبایی بەرهەمەکە، پرسیم: تۆ یەکەم کارت لاساییکردنەوە نەبووە، بۆچی ئەو توانایەت بۆ کارێکی دیکە کە نوێ بێ، نەخستۆتەگەڕ؟ چونکە تۆ تازە وەک دەڵێن "لە کڵ دەرچووی و خاوەنی دەنگ و شێوازی خۆتی".

لە وەڵامدا گوتی: "ئەم کارەی من چیرۆکێکی هەیە". بە وردی چیرۆکی پشتی بابەتەکەی بۆ گێڕامەوە و پاش گێڕانەوەکەش دووپاتی کردەوە کە لەگەڵ بەرهەمەکەدا، ئەو چیرۆکە یان سەربردەیە بە نووسراو بڵاودەکاتەوە. پاش ئەوەی بەرهەمەکەی بڵاوکردەوە، دوو نووسراوی بە زمانی فارسی، سەبارەت بە کارەکە نووسی و لە لاپەڕەی ئینستاگرامی خۆیدا بڵاوی کردەوە. ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە، وەرگێڕدراوی ئەو دوو نووسینەی "چیمەن ڕەحمانی"یە کە من وەک کەسێکی نزیک لە بنەماڵەی ڕەحمانی و هۆگرێکی هونەرمەندی نەمر مامۆستا "یەدوڵڵا ڕەحمانی"، بە پێویستم زانی ئەم بابەتە بکەم بە کوردی و بڵاوی بکەمەوە.

(1)

گۆرانی "دڵی زار"

لە سەردەمی تازە لاویمدا لە یەکێک لە کەناڵە کوردییەکان، بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆ بڵاودەکرایەوە کە لەودا خانمێکی بەساڵاچووی کەمێک شەمزاو بە دەنگێکی گڕ خەریکی وتنی گۆرانی بوو. لە باوکم، نەمر "یەدوڵڵا ڕەحمانی"م پرسی: "من ئەم خاتوونە ناناسم، کێیە؟ بۆچی لەم بەرنامەیەدا ئاوا لە گەڵی کەوتوونەتە گفتوگۆ"؟

باوکم وەڵامی دایەوە: "کچەکەم ئەم خانمە فەتانە وەلیدی- یە. لە گەنجیدا دەنگێکی زۆر خۆش و دڵنشینی هەبوو، زۆر زووش ناوبانگی دەرکرد. بەڵام سەدمەخابن لەو سەردەمەدا کە لەوپەڕی هەڵچوون و سەرکەوتندا بوو، بەهۆی کێشەی دەروونی و ڕەوانییەوە لەماڵەوە گۆشەگیر بوو، لە پڕێکا لە گۆڕەپانی هونەر کشایەوە. لەو کاتەدا کە گوێم دەدایە قسەکانی بابم، زیاتر لە بەرنامەکە ورد دەبوومەوە و بە کونجکۆڵییەوە درێژەم بە دیتنی بەرنامەکە دەدا.

لە بڕگەیەکی بەرنامەکەدا، کۆپلەیەک لە یەکێک لە گۆرانییەکان کە سەردەمی گەنجی گوتبووی، بڵاوکرایەوە.

لای لای دڵم لای لە باخی سینە
ئارام بنیشە، شادی بوینە

ئای ئەو دەنگە چەندە دڵنشین بوو! ئەو گۆرانییە و چارەنووسی فەتانە هزر و بیری داگیرکردم. لای خۆم بیرم دەکردەوە کە ڕۆژێ ئەم گۆرانییە بە دەنگی خۆم دەخوێنم و دەشچمە دیداری فەتانە. سەرەنجام دوای ساڵانێک دەرفەتم بۆ هەڵکەوت و توانیم ئەم کارە فرە جوانەی فەتانە بە دەنگی خۆم سەرلەنوێ تۆمار بکەمەوە. بە هێنانەگۆڕی ئەم بابەتە لەگەڵ بەڕێز شەهاب موتەقی فەڕ و پێشوازی ناوبراو لەم کارە، بڕیاری دووبارە تۆمارکردنەوەی درا. هەر لەو کاتەدا لەسەر پێشنیاری ناوبراو ڕێککەوتین کە کارەکە لە باری مووزیکەوە وەک سەردەمی فەتانە بمێنێتەوە و تا بۆمان بلوێ وەفادار بین بە ڕەسەنایەتی کارەکە، بەڵام بۆ مووزیکی هاودەنگ لەگەڵ دەنگی من، دابەشی نوێی بۆ بکرێتەوە.



> فەتانە پێیگوتم تۆ لە من باشتر گۆرانیی لای لای دەڵێیتەوە

هەر لە سەرەتای هەرمانەکەوە دەرکەوت بەشێک لە مێژووی نەنووسراوی ئەم بەرهەمە کە بەرهەمهێنەرانی گۆرانییەکەیە، دیار نییە. نە کەس ئاوازدانەری گۆرانییەکەی دەناسی و نە کەسیش دەیزانی شاعیری شیعری بەرهەمەکە کێیە؟ ئیتر ساڵی تۆمارکردن و بابەتی دیکەش با لەولاوە بوەستێ. ئەمە سڕ و ڕازێک بوو کە دەبوو لە سینگی فەتانەدا بۆی بگەڕێی.

لە سەردانێکمدا بۆ شاری سنە و بەنیازی دیدارنوێکردنەوە لەگەڵ بابەگەورە و دایەگەورەم، هەوڵم دا ڕێگایەک بۆ زانینی بارودۆخی فەتانە خانم و دیدارێک لەگەڵی بدۆزمەوە. گوایە زۆر نییە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە (1) و بۆ خۆیشی لە دۆخێکی باشدا نییە. بە هاوکاریی خاتوو سیمین چاپچی توانیم لەگەڵ کەسێک پێوەندی بگرم کە ئاگاداری ژیانی فەتانە و شێوەی دیدار لەگەڵ ئەو بوو. دوای پێوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەو کەسە، سەرەتا لە شێوەی هەڵسوکەوتی خەڵک بەرامبەر بە هونەرمەندان قسەی کرد و زۆر بە گلەیی، دڵگران و ناڕەحەت بوو. پێیوابوو منیش وەک خەڵکی دیکە تەنیا مەبەستم وەرگرتنی چەند وێنەی یادگاری لەگەڵ فەتانەیە. بۆیە لە یەکەم پێوەندیمدا، هیچ پێشوازییەکی لە دیدارەکە نەکرد. بەڵام دوای ناساندنی خۆم و مەبەست و ئامانجی دیدارەکە، سەرەنجام ملی دا لە ڕێکەوتێکی دیاریکراودا هاوڕێ لەگەڵ بنەماڵەی خۆیاندا بچینە دیداری فەتانە. ڕۆژی دواتر وێڕای بنەماڵەی بەڕێز یەحیا سەمەدی، لە شوێنێکی دوور و تەریککەوتوو چووینە دیداری. لەو شوێنە کە بۆ بیمارانی بەشی خەمۆکی و دەروونی تەرخان کرابوو، فەتانەش لەسەر ئەرکی بەڕێز سەمەدی و خوشکەکانی سەراڕۆیی دەکرا. کاتی پێ دانان لەسەر پێپلەکانەکان و وەسەرکەوتنم لە پلەکان بەرەو سەر، هەر ئەو خانمە بە ساڵاچوو و ژاکاوەم دیت کە لە تازە لاویمدا دیتبووم. ئەژنۆی لە باوەش گرتبوو، لە سووچێکی ژوورەکەدا دانیشتبوو سیگاری دەکێشا. بارودۆخێکی خەمناک و قورس دەورەیان دابووم. بە تەواوی دۆش دامابووم،

> فەتانە داوای لێکردم گۆرانییەکەی بە کاسێت بۆ بنێرمەوە

نەمدەزانی چ بڵێم؟ دوای ساتێک بێدەنگی، چوومە پێشەوە و بە قورگێکی گریاناوی گوتم: فەتانە گیان سڵاو...

تۆزێک لە پەنادەستی دانیشتین. کە سیگارەکەی تەواو بوو، بە نیازی چوونە ژوورەوە هەستا. لەگەڵ ئەوەی هەوڵم دەدا زاڵ بم بەسەر هەڵسوکەوتمدا، بەڵام بە ڕادەیەک تووشی هەژان ببووم نەمدەتوانی بکەومە دوای. لە پشتی سەرییەوە کە تەفرنجم دەدا، ئادگاری لاوی و دەنگ و هونەرەکەی بەردەوام دەهاتەوە بیرم. ئاخرەکەی هێزم وەبەرخۆدا و خۆم کۆکردەوە و چوومە ژوورەکەی و لە پەنادەستیدا دانیشتم. تەفرنجێکی دام و بە شێوازێکی منداڵانە بەڵام بە دەنگێکی ماندوو و گڕ ڕووی تێکردم و گوتی:

- چەندە جوانی، لە خودا بە زیاد بێ.

منیش لە وەڵامدا گوتم:

- چاوەکانت جوان دەبینن. دیارییەکانم کردەوە و پیشانم دا. زۆر گەشایەوە. دەتگوت ناخی منداڵیی فەتانە لە قاپیلکێکی ماندوو و پووترکاودا دیلە و دەرفەتی فڕینی نییە.

ڕێزدار سەمەدی پرسی:

- دەتەوێ شتێک بۆ فەتانە بچڕی؟

گوتم: بەڵێ و بە ئەسپایی دەستم کرد بە گوتنەوەی گۆرانییە بەناوبانگەکەی.

لای لای دڵم لای لە باخی سینە
ئارام بنیشە، شادی بوینە

بە بیستنی دەنگی من، سەری بەرز کردەوە و بە بزەیەکی شیرین و لەگەڵ بەرقێک کە لەنێو چاوەکانیدا دەبریسکایەوە، سەیری منی کرد و لە سەرەتای دێڕی "تۆ بۆچی ڕیسوا بی- مەجنوونی شەیدا بی؟"، دەستی کرد بە هاودەنگی لەگەڵ من.



بەڕاستی هەستێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو. دەتگوت خەریکم لەگەڵ بەشێک لە ڕووداوە مێژوویی و ئەفسانەییەکاندا تێکەڵ دەبم. دوای خوێندنی چەند کۆپلە لە گۆرانییەکە، پرسیم:

- فەتانە گیان، دەزانی ئەم گۆرانییە هی کێیە؟

گوتی: بەڵێ، هی خۆمە.

پرسیم: شیعرەکەی؟

گوتی: عەباس کەمەندی (2).

دیسان سەبارەت بە ئاهەنگەکە و ئاوازدانەرەکەی پرسیم: ئەزانی کێ ئەو ئاوازەی داناوە؟

گوتی: حەسەن کامکار (3).

چ وەڵامێک لەوە زیاتر دەیتوانی پڕ بە پێستی ئەو پرسیارانە بێ کە ساڵانێکە بێ وەڵام ماونەتەوە؟ لە ژێری لێوەوە دیسان چەند بەیتێکمان پێکەوە گوتەوە کە وەک جاری پێشوو لە هەمان شوێنی گۆرانییەکەدا دەستی پێکردەوە و لە گەڵمدا خوێندی. پاشان ڕووم کردە فەتانە و گوتم: ئەم گۆرانییە تۆ وتووتە، ڕێگەم دەدەی منیش دووبارە بیڵێمەوە؟ گوتی: بەڵێ، بەڵێ. بێگومان تۆ لە من باشتر دەیخوێنیتەوە. لە وەڵامدا گوتم: "تۆ گەورەیی دەنوێنی. دوای ئەوەی تۆمارم کرد، نموونەیەکت بۆ دێنم".

گوتی: "بێژە بە بەڕێز سەمەدی لە ڕووی کاسێت بۆم تۆمار بکا و بۆم بێنێ". وادیار بوو ئەو نەیدەزانی کە ساڵانێکە ئیتر مووزیک لەسەر کاسێت تۆمار ناکرێ و لە ماڵاندا کاسێت پەیدا نابێ!

بەڵێ، بەڕاستی بیری مرۆڤ دەتوانێ خێراتر لە کات و شوێن لە جووڵەدا بێ و بەوەی بیری لێدەکاتەوە، بگا. ئەمە بوو بەسەرهاتی ئەو بەرهەمە کە دواتر دەیبیستن و گوێی لێدەگرن. هیوادارم ئێمەش ڕۆژێ بگەینە ئەو ئاستە کە بە کردەوە نرخی سامانە نەتەوەییەکانی خۆمان بزانین.

❊❊❊

(2)

لە درێژەی نووسراوی یەکەممدا بۆ دۆزینەوەی بەشە ناڕوونەکانی گۆرانی "دڵی زار" دەستم بە کۆمەڵێک زانیاری نوێ گەیشت کە هەم گرینگ بوو، هەم شیاوی بڵاوکردنەوە؛ کە لێرەدا دەمەوێ خوێنەرانی لێ بێبەش نەکەم:

دوای تۆمارکردنی ئاهەنگی "دڵی زار"، بەڕێز زانیار حوسەینی کە بۆ خۆی پسپۆڕ و ڕۆژنامەنووسی ئەو بوارەیە، پێوەندی لەگەڵ گرتم و کۆمەڵێک بەڵگەی بۆ ناردم کە پیشان دەدا کێ بوون ئەو کەسانەی لە بەرهەمهێنانی ئەم کارەی فەتانەدا ڕۆڵیان هەبووە. بەڵگەکان ئەوەندە بەهێز بوون کە ئیتر جێی هیچ شک و گومانێکیان بۆ ناسینی بەرهەمهێنەرانی بەرهەمەکە نەدەهێشتەوە.

لەو بەڵگەنامەیەدا هاتووە کە ناوی گۆرانییەکە "لای لای"یە. منیش لەگەڵ سەلماندنی ناوی ئەسڵی گۆرانییەکە، ڕامگەیاند: چونکە کارەکەی من بۆ ڕێزگرتن لە فەتانەیە و دووبارەکراوەیە، ئەو مافە بە خۆم دەدەم کە ناوی "دڵی زار"ی لەسەر دابنێم. ئەم

> "دڵی زار" پیشاندەری ژیانی ئێستای هونەرمەند فەتانەیە

ناوەش بە شێوەیەک پیشاندەری ژیانی ئێستای هونەرمەند فەتانەیە.

لە بەڵگەنامەکەدا جگە لە ناوی گۆرانییەکە، دابەشکاری مووزیکی بەرهەمەکە هاتووە کە ناوی "گریشا میکائیلی زادە" یە (4). لە بەڵگەکەدا ناوی ئاوازدانەرەکە نەهاتووە کە سەرەڕای ئەوەی فەتانە و کەسانی دیکە بە کاری مامۆستا حەسەن کامکاری دەزانن، بەڵام دوور نییە گریشا خاوەنی ئەو ئاوازە بووبێ. دیارە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە گریشا بۆ خۆی لە قوتابیانی مامۆستا کامکار بووە.

هەروەها وەک لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە: ئەم بەرهەمە ڕۆژی شەممە، 14ی بەفرانباری 1353ی هـ (1975/1/4) تۆمار کراوە. هەڵبەستی گۆرانییەکەش هی مامۆستای کۆچکردوو "عەباس کەمەندی"یە.

لەگەڵ ڕێز و سپاس
چیمەن ڕەحمانی

(1) محەممەد شەریف وەلیدی، باوکی فەتانە هەم ژەنیاری ڤیولۆن بوو، هەم دەنگبێژێکی سەردەمی خۆی بوو. هەر ئەویش بوو فەتانەی گەیاندە ئەو پلەیە لە هونەری کوردی. بەداخەوە لە ڕێکەوتی 2ی خەرمانانی 1395 ی هـ (2017/8/24) لە نەخۆشخانەی تەوحیدی شاری سنە کۆچی دوایی کرد. فەتانە وەلیدی، لە ساڵی 1332ی هـ (1954) لە دایک بووە. خاوەنی دەیان گۆرانی کوردییە کە (لای لای) یان بە ناوی ئێستای "دڵی زار" یەکێک لەو کارانەیە. ئێستا لەگەڵ برایەکیدا لە نەخۆشخانەی بەشی نەخۆشە دەروونییەکان ژیانی پڕ لە ژان بەسەر دەبا.

(2) عەباس کەمەندی لەدایکبووی 1331ی هـ (1952)ی شاری سنەیە. ئەم مرۆڤە بەهرەمەندە خاوەنی چەندین هونەری وەک گۆرانیبێژ، ئاوازدانەر، شاعیر، نووسەر، شانۆکار و دەرهێنەری فیلمی شانۆ و وێنەکێش بوو. خاوەنی سەدان بەرهەمی گۆرانی و هەڵبەست و شانۆنامە و وێنە و تابلۆی ڕەنگاوڕەنگە. دوای ساڵانێک تێکۆشان، لە تەمەنی 62 ساڵیدا واتە لە جۆزەردانی 1393ی هـ (مارسی 2014) کۆچی دوایی کرد.

(3) حەسەن کامکار، باوکی کامکارەکان ساڵی 1302ی هـ (1923) لە شاری سنە لە دایک بووە. لە ژیانی هونەری خۆیدا توانیویەتی وێڕای بەرهەمهێنانی 400 بەستەی گۆرانی و گردوکۆی دەیان بەرهەمی فۆلکلۆری کوردی، هونەرستانی مووزیکی کوردستان و چوار تیپی مووزیک دامەزرێنێ کە تیپی خانمان و تیپی منداڵان دوو لەو چوار تیپە بوون. هەوڵ و ماندووبوونی مامۆستا کامکار وای لە شاری سنە و دەوروبەری کرد کە هونەری گۆرانی و مووزیک بکەن بە بەشێک لە پێویستی ژیان و بە چاوی ڕێزەوە سەیری بکەن. جگە لەو کارانەی سەرەوە، لە ژێر چاودێریی ئەودا بوو کە تیپی کامکارەکان پێگەیشتن و باڵایان کرد. ساڵی 1371ی هـ (1992) ماڵاوایی لە ژیان کرد.

(4) گریشا میکایلی زادە، خەڵکی تاجیکستانە و ساڵی 1308ی هـ (1929) لە شاری دووشەنبە، پێتەختی ئەو وڵاتە لە دایک بووە. بنەماڵەی ناوبراو ساڵی 1314ی هـ (1935) هاتوونەتە ئێران و لە شاری کرماشان و دواتر لە سنە گیرساونەتەوە. وەک قوتابی مامۆستا کامکار بووە بە ژەنیاری ئامێری ڤیولۆن و دەیان کاری جوانی لە بواری مووزیک و گۆرانیدا لە دوای خۆی بەجێهێشتووە. لە تەمەنی 70 ساڵیدا و لە سەرەتای بەهاری 1378ی هـ (1999) کۆچی دوایی کردووە.



## 250 داعشی کوشتووە

# قەناسێکی کورد لە ئەورووپا یادەوەرییەکانی خۆی دەنووسێتەوە

**رووداو- هەولێر**

لە هاوینی 2014، داعش بە 10 هەزار چەکدار و چەکی قورس و پێشکەوتووەوە گەمارۆی کۆبانێیان دا، 2500 شەڕڤان و خۆبەخشی یەپەگە بە چەکی کۆن لە بۆسەدا بوون بۆیان و دەیانزانی تاکە ڕێگە بۆ ڕێگری لە پێشڕەویی داعش ئەوە بوو دانە دانە چەکدارەکانیان لە زەوی بدەن. ئازاد جودی لە کتێبێکدا بەناوی :"تەقە لە دوور: ژیانی من وەکو قەنناسێک لە شەڕی دژی داعشدا" باسی تیمی 17 قەنناسی یەپەگە دەکات کە نۆ مانگ شەڕی مان و نەمانیان لەگەڵ دوژمندا کرد.

دە ساڵ پێش هێرشەکەی کۆبانێ، ئازاد لە ئێران خزمەتی سەربازیی زۆرەملێی کردبوو. تەمەنی 19 ساڵ بوو کە بیری لەوە دەکردەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان ناچاری بکەن تەقە لە خەڵکی خۆیشی بکات، بۆیە بڕیاری دا واز لە سەربازی بهێنێ و بەرەو دەرەوەی وڵات رابکات، دواجاریش خۆی لە یۆکشیەر لە بەریتانیا بینییەوە.

بەریتانیا دەرگای ئاشنابوون بە بۆچوونەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ی لێکردەوە. ئەم پابەندییە بە پەکەکە لە ساڵی 2013 پەلکێشی ڕۆژئاڤای کوردستانی کرد.

"تەقە لە دوور" چیرۆکی هەڵکۆڵین و کونکردنی خانووبەرە چۆڵەکانی کۆبانێیە، ڕەنگە ئەوە تاکە ڕێگەی هاتوچۆی قەنناسەکان بووبێ، بەبێ ئەوەی داعش بیانبینێ. ئازاد دەڵێت 250 داعشی کوشتووە. گرەیمی وۆد کە لە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ) ناساندنێکی بۆ کتێبەکە کردووە، لەبارەی ژمارەکەوە دەڵێت: "ژمارەکە بەرزە، بەڵام ڕێی تێدەچێ، چونکە کریس کیڵ، ئەندامی هێزی دەریایی ئۆپەراسیۆنی تایبەت 160 کوژراوی پشتڕاستکراوەی هەبووە. ئازاد باس لەوە دەکات کە هەندێک لە هاوسەنگەرەکانی هەتا 500 داعشیشیان کوشتووە، بەڵام پشتڕاستکردنەوەی ئەوە کارێکی ئاسان نییە.

وۆد لە بەشێک لە ناساندنەکەیدا وەسفی زمانی گێڕانەوە و نووسینی ئازاد دەکات کە بە پێچەوانەی زۆربەی بیرەوەرییەکانی جەنگ "لووتبەرزیی پیاوانە"ی تێدا نییە، ئەمەش ڕەنگە بۆ "کۆرسە فیمینیستییەکانی مەشق و ڕاهێنان" بگەڕێتەوە. وەسفەکانی شەڕ و کەمینی قەنناسەکان سادەن و زۆر بە کەمی کەڵک لە زمانی میتافۆر وەرگیراوە.

ئازاد پێیوایە "سەربازێکی بەوەج بە ڕاهێنانێکی یەک کاژێری فێری بنەڕەتەکانی نیشانشکێنی دەبێ". بەڵام لە بەشە جیاجیاکانی کتێبەکەیدا باسی تەکتیکەکانی خۆشاردنەوە و تایبەتمەندییەکانی هەرکام لە چەکە نیشانشکێنەکان دەکات و پێیوایە چەکی بەرێت ئێم 82 چەکێکە کە گولـلەکەی هێندەی گێزەرێکە و دەتوانێ قاچی کەسێک بپەڕێنێ. ئازاد پاش ماوەیەک بە "پەنجەی دۆشاومژەی پاک و سپی و نەرمی شەڕڤانەکاندا دەیزانی ئەو شەڕڤانە نیشانشکێنە یان نا.

نیشانشکێنەکان دوای ماوەیەک دیمەنەکانی مردن و کوشتن بەشێوەیەکی سەیر لەلایان ئاسایی دەبێتەوە. بیرەوەرییەکانی ئازاد پڕن لە بە زەویدا کەوتنی یەک لە دوای یەکی کوژراوان، بە جۆرێک وەک گرەیمی وۆد باسی دەکات "دیمەنەکان ئەوەندە ڕاستەقینەن، کوژرانی تیرۆریستێکیش وەکو تراژیدیا دەردەکەوێ".

> "پڕوپاگەندەی ئۆجەلانیستی تاکە خاڵی لاوازی کتێبەکەی ئازادە"


نیشانشکێن بەهۆی دووربینە بەهێزەکەی سەر چەکەکەی دیمەنی بەرکەوتن، فیچقەی خوێن، ڕوخساری مەرگ لێنیشتووی قوربانییەکەی دەبینێ، بێ ئەوەی ئامانجەکە بزانێ کێ و لە کوێوە تەقەی لێدەکات، بەڵام یەکێک لە جارەکان ئازاد دوو گولـلە بە پیاوێکەوە دەنێ، هەر گولـلەیەک بۆ لایەکی سینگی، پیاوەکە بە برینەوە وەردەسووڕێ و وەک بڵێی سەیری ناو چاوی بکوژەکەی خۆی بکات. ئازاد لە وەسفی ئەو ساتەدا دەنووسێ "خۆی تێکنەدا و ڕەنگی ترس بە دەموچاوییەوە نەبوو، لەو لەحزەیەدا وانەی کەرامەت لە جیهادییەکەوە فێر بووم"، دوای ئەو لەحزە کورتە، ئازاد گولـلەیەکی دیکەی بە تەوێڵی جیهادییەکەوە نا.

نیشانشکێنە ڕۆژهەڵاتییەکەی یەپەگە سەرەتا بۆ کاری مرۆیی ڕووی لە ڕۆژئاڤا کردبوو، بەڵام دۆخی شڵوقی ناوچەکە ئامانجەکەی گۆڕی. لەکاتی شەڕەکەدا دۆخی شەڕڤانان و دانیشتووانی کۆبانێ هێندەی دیکە ئاڵۆز بوو: "سەرەتاییترین کەلوپەلمان نەبوو، هەرچیمان لە مەتبەخی ماڵە چۆڵکراوەکان دەستکەوتبا دەمانخوارد، چەکەکەی بەردەستمان کلاشینکۆفی 40 ساڵە بوو، تەنیا چەند خەشابە گولـلەیەکمان پێبوو". ئەمە وەسفی دۆخی کۆبانێیە کاتێک لەلایەن داعشەوە گەمارۆ درابوو.

ئازاد شانازی بە کوشتنی ئەو ژمارە زۆرەی داعشەوە ناکات، لە بەشێک لە کتێبەکەشیدا هاتووە "زۆرجار پرسیارم لێکراوە چەند داعشمان کوشتووە، هەرگیز وەڵامی ئەو پرسیارەم نەداوەتەوە، چونکە تەنیا مرۆڤێکی لاواز خۆی بە پێوانەی کوشتارەکانی دەپێوێ. تەنیا گەمژەیەک هەوڵدەدات ئەو هەموو قین، زیان، قوربانی و خۆشەویستییەی ناو شەڕ لە کۆمەڵێک ژمارەدا کورت بکاتەوە".

بەو حاڵەشەوە ئازاد باسی ژمارەی داعشە کوژراوەکانی دەستی هاوسەنگەرەکانی دەکات و دەنووسێ :"ئەگەر ئەو کێشەیە بەلاوە بنێین، ئەوە با بڵێم لە هەشت مانگی یەکەمدا نیشانشکێنەکانی ئێمە ئەوانیان تەخت کرد، هەردەم 500ی کوشت، هەیری 350 و منیش 250م لێ کوشتن، واتە بە هەرسێکمان زیاتر لە هەزارمان بەردەکەوێ".

وۆد پێیوایە تاکە خاڵی لاوازی "تەقە لە دوور" پابەندیی لەڕادەبەری نووسەرە بە ئۆجەلانەوە کە لە کتێبەکەی ئازاد جودیدا بە "ئاپۆ" ناوی دەبردرێ. جەخت لەوەش دەکاتەوە کە "ڕۆژئاڤا هاوپەیمانی ئێمەیە لەدژی داعش، نیشانشکێنەکانی خوشک و برای هاوخەباتی ئێمەن، بەڵام دووبارەکردنەوەی خۆشباوەڕانەی پڕوپاگەندەی ئۆجەلانیستی خاڵی فەشەلی ئەو کتێبەیە کە لە ڕووەکانی دیکەوە سەرنجڕاکێشە و لە بیری مرۆڤ ناچێتەوە".



ئازاد بۆ کاری مرۆیی ڕووی لە کۆبانێ کردبوو، کەچی لەوێ بوو بە نیشانشکێن

## یەکەمین تەلەڤزیۆنی ئەهلیی کوردییە لە سوێد

# یۆرۆکورد لە سوێدەوە دەستی بە پەخش کرد

**رووداو- ستۆکهۆڵم**

سەرەتای ئەم مانگە، پەخشی ئەزموونی کەناڵی یۆرۆکورد لە سوێد دەستپێکرد و لە داهاتوویەکی نزیکیشدا ڕۆژانە هەشت کاژێر پەخشی خۆی دەکات. یۆرۆ کورد وەک یەکەمین کەناڵی ئەهلی و کولتووری کوردی تاراوگە لە سوێد، خۆی ناساندووە.

"لە دەرەوەی ئاین و ئایدیۆلۆژی حزبی و مەزهەبی و سیاسەتین و تەنیا بایەخ بە کولتوور و ئەدەب و وەرزش دەدەین". ئەمە گوتەی بەڕێوەبەری کەناڵەکەیە بۆ (رووداو).

شوان عەبدوڵڵا میدیاکاری کوردی دێرینی سوێد، خاوەنی بیرۆکە و دامەزرێنەری یۆرۆ کورد دەڵێت "تەلەڤزیۆنەکەی ئێمە هەوڵدەدات ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە لە نێوان ڕەوەندی کوردی و میدیای ئەورووپیدا هەیە".

ئەو کە بە شوان کەرکووکی ناسراوە، لە شاری کەرکووک لەدایکبووە. نزیکەی 20 ساڵە لە سوێد دەژی، ئاماژە بەوە دەدات کە کەناڵەکە دەنگ و ڕەنگی چوار پارچەکەی کوردستانیش دەبێت و دەڵێت "چالاکی کورد لە ئەورووپا و سوێد بە تایبەت، هەواڵە کولتووری و هونەرییەکان بە بینەری کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و دنیا دەناسێنین".

لەگەڵ ئەوەی پێشتر کەناڵی ناوخۆیی تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆیی کوردی لە سوێد هەبوون و تەنانەت ڕادیۆیەکی ڕۆژانەی نیو کاژێری دەوڵەتیش بە زمانی کوردی لە سوێد هەبوو، بەڵام وەک دامەزرێنەری ئەم تەلەڤزیۆنە دەڵێت: "یۆرۆکورد تەواو جیاوازە لە هەوڵەکانی پێشوو، وەک ئەوانیش کاتی نابێت".

جیاوازی یەکەم بەڕای بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنەکە تەکنیک و مەودای پەخشە "ئەوانەی پێشتر لەڕووی جوگرافیا سنووردار بوون و بۆ یەک شار، یان کەمتر بوون. جیاوازی دووەمیش پەیامی کەناڵەکەیە کە ئەوانەی پێشتر هەبوون، یان حیزبی و سیاسی، یان دەوڵەتی و هەواڵئامێز بوون، بەداخیشەوە بەردەوام نەبوون".

شوان کەرکووکی ئاماژە بە چۆنیەتی پەخشی کەناڵەکەیان دەدات و دەڵێت :"کەناڵەکەی ئێمە، وەک کەناڵێکی جیهانیی ئاسمانییە لە ڕێگەی وێب، هەروەها لە ڕێگەی ئینتەرنێت و سەتەلایت لەگەڵ سیستمەکانی I.Star دەگاتە هەموو جیهان، لە داهاتووشدا بۆ ماوەی دیاریکراو و بەشێوەی جیاواز لە ناوخۆی سوێد پەخشی ناوخۆیی هەفتانەی دەبێت".

سەبارەت بە هەنگاوەکانی داهاتووی کەناڵەکەش، کەرکووکی گوتی:"بەپێی توانا و فراوانبوونی کەناڵەکە بیر لەوە دەکەینەوە لە گروپەکانی نایلسات و ئەوانی دیکە، پەخشی کەناڵەکە فراوان بکەین".

لەگەڵ ئەوەی لە بەرنامەی تەلەڤزیۆنەکەدا هەیە پاڵپشتیی دەوڵەتی سوێد بەدەست بهێنن، بەڵام کەرکووکی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوە کاریگەری لەسەر ناوەڕۆکی کەناڵەکە نابێت و هەر وەک کەناڵێکی کولتووری دەمێنێتەوە "یۆرۆ کورد، وەک چالاکیی فەرهەنگی و لە ڕێگەی ڕێکخراوێک پاڵپشتی حکومەتی سوێد وەردەگرێت، بەڵام ئەمە لە چوارچێوەی پاڵپشتیی کولتوور و چالاکییە فەرهەنگییەکانە و مانای ئەوەی نابێت کە کەناڵەکە تەرویج بۆ دەوڵەتی سوێد بکات".

گۆرانی و مۆزیک و کۆنسێرتی هونەرمەندانی کورد، شانۆ و دراما و بەرهەمە فەرهەنگییەکانی تاراوگە، هەواڵی هونەری و ڕۆشنبیریش بەتایبەت لە سوێد، بەرنامە و کاری سەرەکی کەناڵەکە دەبن. شوان لەبارەیەوە دەڵێت :"تیمی تایبەت و کەسانی شارەزا بەرنامەکان ڕێکدەخەن و زۆربەشیان سەرەتا وەک خۆبەخش بۆ سەرخستنی هەوڵەکە کارمان لەگەڵ دەکەن".

جگە لەو بەرنامانەش، کەناڵی یۆرۆ کورد، بەشێک لە هەواڵ و بەرهەمە میدیاییەکانی سوێد بە زمانی کوردی بڵاودەکاتەوە. لەوبارەیەوە شوان گوتی: "بەهۆی کار و کەمیی کات و ئەو خەسڵەتە تایبەتەی ئێستا لە ژیانی کوردی تاراوگە هەیە، بۆشاییەک لە نێو میدیا و کوردی تاراوگەنشین دروست بووە، بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین لەو ڕێگەیەوە ئەم بۆشاییە کەم بکەینەوە و ببینە پردێک لە نێوان خێزانی کورد و میدیای سوێدی، وەک سەرەتا ئەگەر هەوڵەکەش سەرکەوتوو بوو، ئەوە بۆ هەموو میدیای ئەورووپی هەمان کار دەکەین، بێگومان ئەوەش بەپێی بەرنامە و کۆنتراکتی تایبەت دەبێت و ئێستا تەنیا لەگەڵ چەند میدیایەکی سوێدی هەمانە".

سەهەند کەمال، ڕۆژنامەنووس و میدیاکاری کورد لە سوێد، لەبارەی ئەم تەلەڤزیۆنەوە بە (رووداو)ی گوت :"هەوڵێکی دڵخۆشکەرە و سەرەتایەکی باشە، ئەگەر بە دەردی کەناڵ و ناوەندە میدیاییە کوردییەکانی دیکە نەچێت".

> خۆمان بە ئەڵتەرناتیف و رکابەری هیچ کەناڵێک نازانین
>
> بەڕێوەبەری کەناڵەکە

گوتیشی: "لە ئەورووپا چەند جۆرێک ناوەندی میدیایی کوردی هەبووە، بەشێکیان دەوڵەتین، بۆ نموونە زایەڵەی جاران کە ئێستا وەک وێب ڕادیۆی فەرمی سوێد کار دەکات، یان تەلەڤزیۆنی ناوخۆیی (ئامێز) کە هەر زوو نەما. ئەوی دیکەش حیزبییەکانن کە دیارترینیان کەناڵەکانی پەکەکەیە، ئەمانە نەبوونەتە ئاوێنەی نەتەوەیەکی ئەورووپی، لە کاتێکدا دەیان هەوڵی تورکی و عەرەبی و ئیسرائیلی هەیە کە هێندەی حیزب، یان ناوەندی گەورەی لێکۆڵینەوە کار دەکەن، هەیانە لە ئاستی دەوڵەت کار دەکات".

سەبارەت بە سەرکەوتنی یۆرۆکورد، سەهەند دەڵێت :"ئەستەمە سەرەتا هەوڵێکی وەک یۆرۆ کورد، بەو کارە گەورانە بەراورد بکەین کە کۆمپانیای گەورە و ناودار و بگرە دەیان دەوڵەتی لە پشتە، بەڵام پێموایە هیچ نەبێت، هەوڵێکی جیاوازە لەوانەی پێشتر".

سەهەند پێیوایە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرمایەدارانی کورد لە تاراوگە یارمەتی کەناڵەکە بدەن، دەکرێ کەناڵەکە ببێ بە لۆبیکار بۆ کورد.

شوان ڕەتیکردەوە کە خۆیان بە بەدیلی کەناڵەکانی دیکە دابنێن و گوتی: "ئێمە ئەڵتەرناتیفی هیچ یەک لەو ناوەند و کەناڵانە نین، بوونی ڕۆژنامەی پەیامی کورد لە ئەڵمانیا، ڕادیۆی زایەڵە و تەلەڤزیۆنی ئامێز لە سوێد، کورد یەک لە پاریس، ئەمانە و دەیانی دیکە، هەمووی هەوڵی زۆر باشی کوردی تاراوگە بوون، ئێمە سوود لە ئەزموون و توانای ئەوان وەردەگرین و تەواوکەری پەیامی ئەوان دەبین، بەڵام خۆمان بە ڕکابەری هیچ کەناڵ و ناوەندێکی میدیایی نازانین".


شوان کەرکووکی، دامەزرێنەری یۆرۆکورد (فۆتۆ: رووداو)

## لە چەمچەماڵ کچێک خۆی دەکوژێت



**ڕووداو- چەمچەماڵ**

قائیمقامییەتی قەزای چەمچەماڵ ڕایگەیاند، لە گوندی خەربەندەلووی سەر بە شارۆچکەی ئاخجەلەر کچێکی تەمەن 21 ساڵ بە گوللە خۆی کوشت. قائیمقامییەتی قەزای چەمچەماڵ لەبارەی ڕووداوەکە دەڵێت "ئێوارەی ڕۆژی 2019/2/24 لە گوندی خەربەندەلووی سەر بە شارۆچکەی ئاخجەلەر لە سنووری قەزای چەمچەماڵ کچێک بەناوی (ک.ئـ.م) تەمەن 21 ساڵ بە گوللەیەک خۆی کوشت". وەک لە هەواڵەکەدا هاتووە "کچەکە کاژێر 5:00 گەیێندراوەتە نەخۆشخانەی شەهید پێشڕەو، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە نەخۆشخانەکە مردبوو". بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیس، کچەکە بە دەمانچە خۆی کوشتووە، لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە.

# ژنێک لەلایەن خوشک و براکانییەوە دەخنکێنرێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

خوشک و براکانی دەچنە لای میدیا بۆ ئەوەی قەناعەتی پێ بهێنن کە بگەڕێتەوە ماڵی خۆیان و لەگەڵ دایکی بژی، بەڵام میدیا ڕازی نابێت، پاشان لەلایەن دوو برا و خوشکێکییەوە دەخنکێنرێ.

دایکیان ڕەتیدەکاتەوە کە میدیا خنکێنرابێ و دەڵێت: "ئەوان چووبوون میدیا بهێننەوە لای من، بەڵام ئەو دەریکردبوون".

شەوی 2019/2/9 ئافرەتێکی تەمەن 30 ساڵ بەناوی میدیا ئەحمەد، دایکی سێ منداڵ، لەنێو ماڵەکەیدا لە قەزای دووزخورماتوو لەلایەن دوو برا و خوشکەکەیەوە خنکێنرا. پۆلیس دەڵێت تۆمەتبارەکان هەڵاتوون بۆ کەلار.

عەمید حوسێن عەلی، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای دووزخورماتوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کاژێر 10ی بەیانی ڕۆژی 2019/2/9 لەلایەن منداڵێکی تەمەن 10 ساڵان ئاگادار کراینەوە کە شەو خاڵەکانی و پوورێکی هاتوونەتە ماڵیان. ئەو شەو خەوتووە و بەیانییەکەی کە بە ئاگا هاتووە، دایکی بە خنکێنراوی بینیوە".

پۆلیس لەسەر قسەی منداڵەکە دەچنە ماڵەکە و تەرمی ژنەکە دەبەن بۆ پەیمانگەی دادپزیشکی کەرکووک. عەمید حوسێن دەڵێت: "پشکنین بۆ تەرمەکە کرا، دەرکەوت خنکێنراوە".



میدیا دەیویست لەگەڵ سێ منداڵەکەی بژی و نەگەڕێتەوە بۆ کەلار

میدیا هەشت مانگ لەمەوبەر لە هاوژینەکەی جیابببووەوە، لەگەڵ سێ لە منداڵەکانی بە تەنیا دەژیان. بەڕێوەبەری پۆلیسی خورماتوو لەبارەی تۆمەتبارەکان گوتی: "لە کامێرای چاودێری دراوسێکەیان دەرکەوتووە کە شەوێ خوشک و براکانی سەردانیان کردووە. دوای ئەوەی ئافرەتەکەیان خنکاندووە، کاژێر یەکی شەو لە ماڵەکە ڕۆیشتوون. ئەوان خەڵکی کەلارن و هەڵاتوون بۆ ئەوێ. هەوڵدەدەین بە زووترین کات دەستگیریان بکەین".

بەڵام حەلیمە عەلی کە دایکی میدیایە، ڕەتیکردەوە کوڕەکانی و کچەکەی میدیایان خنکاندبێ. حەلیمە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەوان چووبوون کچەکەم بهێننەوە کەلار، بەڵام ئەو ڕازی نەبووە لەگەڵیان بێت. هەر بەو شەوە ئەوانی لە ماڵەکەی دەرکردووە و پێیگوتبوون: ئێوە هیچی من نین. نە ئێوە من دەناسن نە من دەتانناسم. دواتر ئەوان هاتنەوە کەلار و ئێستاش لە ماڵی خۆیانن".

حەلیمە باسی ژیانی کچەکەی کرد و گوتی: "میدیای کچم 11 ساڵ بوو شووی کردبوو. خاوەنی سێ منداڵ بوو، سەرەتا هیچ کێشەیەکی لەگەڵ مێردەکەی نەبوو، بەڵام دواتر کێشە کەوتە نێوانیان، زوو زوو دەتۆرا و دەهاتەوە ماڵەوە".

میدیا هەموو جارێک لەسەر بەڵێنی مێردەکەی دەگەڕایەوە، بەڵام زۆری نەدەبرد دیسان بەشەڕ دەهاتنەوە. دواجار میدیا ناگەڕێتەوە ماڵی باوکی، ئەمجارەیان هەر لە دووزخورماتوو خانوویەک بە کرێ دەگرێ و لەگەڵ سێ منداڵەکەی دەچنە نێو خانووەکە.

> **پۆلیس:**
> **میدیا بە دەست خنکێنراوە و سەرین خراوەتە سەر دەمی**

دایکی میدیا دەڵێت: "میدیا لەگەڵ منداڵەکانی لە خانوویەکدا بوون، براکانی چوون بیهێننەوە لای من، بەڵام ڕازی نەبوو. دوای مانگێک گەڕایەوە لای مێردەکەی، ماوەیەکی زۆر هیچ کێشەیان نەبوو، زۆر دڵم خۆشبوو، بەڵام ئەوە تاسەر نەبوو، دیسان تۆرا. ئیدی مێردەکەی بڕیاری دا لێی جیاببێتەوە. هەشت مانگ لەمەوبەر جیابوونەوە".

دوای ئەوەی مێردەکەی لە میدیا جیا دەبێتەوە، کەسوکاری میدیا هەوڵدەدەن میدیا بگەڕێتەوە لای ئەوان. وەک دایکی میدیا گوتی: "کوڕەکانم چوون بۆ لای بۆ ئەوەی ڕازی بکەن بگەڕێتەوە لای ئێمە، بەڵام ڕازی نەبوو، تەنانەت دەریکردن لە ماڵەکەی، ئەمجارەیان خۆم چووم، پێیگوتم من ناگەڕێمەوە لای ئێوە، کەستانم ناوێت لەگەڵ منداڵەکانم لەو ماڵە دەبم، منیشی لە ماڵەکەی خۆی دەرکرد".

پێشتر میدیا سکاڵای لەسەر براکانی تۆمار کردبوو بە تۆمەتی ئەوەی لەژێر گوشاردا بردوویانەتەوە بۆ کەلار، براکانی بەو هۆیەوە دەستگیرکران، بەڵام دواتر سکاڵاکەی کشاندەوە.

دایکی میدیا بۆ دوایینجار دوو لە کوڕەکانی و کچێکی دەنێرێ بۆ لای میدیا بۆ ئەوەی بیگەڕێننەوە کەلار. حەلیمە گوتی: "شەو گەڕانەوە گوتیان لەگەڵمان نەهاتەوە، بەیانی پۆلیس پەیوەندی پێوەکردم گوایە میدیایان خنکاندووە، بەڵام منداڵەکانی من دەستیان لەو ڕووداوەدا نییە. ئەو لە ژیانی خۆی بێزار بوو، بۆیە خۆی خنکاندووە".

وا دەردەکەوێ کە دایکی میدیا خەریکە تاوانی کوشتنی کچەکەی پەردەپۆش دەکات. عەمید حوسێن دەڵێت: "لە پشکنین دەرکەوتووە کە میدیا بەدەست خنکێنراوە و سەرین خراوەتە سەر دەمی".

> **دایکی میدیا:**
> **کچەکەم خۆی خنکاندووە**

# 40 هەزار دۆلاری لێ برد و ڤیدیۆکانیشی بڵاوکردەوە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

پەری دوای تەواوکردنی زانکۆ، لە کۆمپانیایەک دادەمەزرێ، چەندین خوازبێنی دێت، بەڵام ئەو بە پاساوی تەواوکردنی خوێندنی ماستەرخوازبێنییەکان ڕەتدەکاتەوە. تا دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی دوکاندارێک کە گیرفان و جەستەی ڕووت دەکاتەوە.

پەری، 26 ساڵ، دانیشتووی یەکێک لە کۆمەڵگاکانی دەوروبەری هەولێر، چیرۆکی هەڵخەڵەتاندن و ئابڕووبردنی خۆی لەلایەن دووکاندارێکەوە بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی: "من بەنیازی خوێندنی ماستەر بووم، بەڵام ئاسۆ کە دووکانی گوڵفرۆشی هەبوو لە نزیک ئەو کۆمپانیایەی کارم تێدا کرد، بە قسە بەهەشتی بۆ دروستکردم. ڕۆژانە کە دەڕۆیشتمەوە گوڵێکی لەسەر ئۆتۆمبێلەکەم دادەنا، منیش ئەوەم لە کەس نەبینیبوو، بۆیە هەستم کرد شایانی خۆشویستنە".

بۆ ماوەی مانگێک بەس بە تەلەفۆن قسە دەکەن، دواتر ئاسۆ داوای چوونە دەرەوەی لێدەکات. پەری دەڵێت: "کە یەکەمجار چووینە دەرەوە، تەنانەت دەستیشی نەگرتم، هێندە خۆی بە شەخسیەت دەردەخست. بۆیە دووەمجار کە چووینە دەرەوە، خۆم دەستم گرت. پەیوەندییەکە هێندە بەهێز دەبێ تا دەگاتە ئاستی پەیوەندیی جەستەیی.

پەری و ئاسۆ شەش مانگ بە یەکەوە دەبن. لە ناکاو ئاسۆ ون دەبێ "هەفتەیەک ئاسۆ دیار نەما. شەوێک نامەیەکی نارد و گوتی نێوان من و تۆ تەواو. تا بەیانی گریام وەڵامی نامە و تەلەفۆنی نەدامەوە، بەیانی کە چووم بۆ کۆمپانیا بینیم دوکانەکەی کراوەتەوە، یەکسەر چووم باوەشم لێدا. ئاسۆ زۆر گۆڕابوو، سەروریشی هێشتبووەوە و خەمبار بوو. پێیگوتم لەگەڵ هاوڕێیەکم بەنیازی گەورەکردنی ئەم دووکانە بووین، پارەیەکی زۆرم قەرز کرد، بەڵام هاوڕێکەم فێڵی لێکردم، پارەکەی برد و ڕۆیشت، ئێستا لەگەڵ خاوەن قەرزەکان تووشی کێشە بووم".

پەری کە چەند پارچە زێڕێکی پێوە بووە، هەر لەوێ لە مشتی ئاسۆی دەکات و پێیدەڵێت بیفرۆشە و قەرزەکانتی پێ بدەوە، بەڵام ئاسۆ لێی توورە بووە و پێی گوتووە لە زیندان بڕزێم شتی وا قبوڵ ناکەم "سوێندم بە گۆڕی باوکی خوارد، ئەگەر قبوڵی نەکات خۆم دەکوژم، بۆیە قبوڵی کرد".

پەیوەندی پەری و ئاسۆ بە قسەکردن ناوەستێ و چەندینجار ئاسۆ شەوانە خۆی وا دەنوێنێ کە سەرخۆشە و پێیدەڵێت جەستەی خۆتم پیشان بدە، پەری خۆی بۆ ڕووت دەکاتەوە، دوو ساڵ بەم جۆرە پەیوەندییان بەردەوام دەبێت. پەری دەڵێت: "لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا جگە لە چەند پارچە ئاڵتوونێک، چل هەزار دۆلاریشم پێدا، بەڵام دواتر بە خەبەر هاتمەوە کە فێڵم لێدەکات. زۆربەی جار تەلەفۆنەکەی مەشغوڵ بوو، دەیگوت کەسوکارم لە دەرەوەن و قسەیان لەگەڵ دەکەم".

پەری خۆی کۆدەکاتەوە، لە شەوی سەری ساڵی ئەمساڵدا بە ئاسۆ دەڵێت "دەمەوێ ماستەر بخوێنم و پێویستم بە پارەیە. ئەو پارەیەی بە قەرز پێمداوی بمدەوە. ماڵی باوکم هەستیان بە دیارنەمانی پارە کردووە و لێم دەپرسن کوا مووچەی چەند ساڵەت؟ بەڵام ئاسۆ پێیگوتم خۆ بە زۆر پارەم لێ وەرنەگرتووی. منیش توورەبووم و پێمگوت دەزانم تۆ درۆت لەگەڵ کردووم و تەنیا پارەت لێ کێشاومەتەوە، بۆیە سکاڵات لەسەر تۆمار دەکەم".

پەری دەڵێت چەند خولەکێکی کەم دوای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە، ئاسۆ کۆمەڵێک گرتە ڤیدیۆی ڕووتی خۆی بۆ ناردووەتەوە و پێیگوتووە "بڕۆ بۆ پۆلیس و منیش ئێستا ڤیدیۆکانت بڵاودەکەمەوە".

پەری گوێ بە هەڕەشەکانی ئاسۆ نادات و سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات و پۆلیس ئاسۆ لە نێو دووکانەکەیدا قۆڵبەست دەکەن. ئاسۆ مانگێک لە زیندان دەبێ و زۆر لە پەری دەپاڕێتەوە کە سکاڵاکەی بکێشێتەوە، بەڵێنی پێدەدات لە ماوەی 10 ڕۆژدا 40 هەزار دۆلارەکەی بداتەوە. پەری سکاڵاکەی دەکێشێتەوە و ئاسۆ ئازاد دەکرێ، بەڵام یەکسەر دەڕوات بۆ ئەورووپا و ڤیدۆکانی پەریش بڵاودەکاتەوە.

پەری یەکسەر پەنا بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەبات و دەڵێت: "یەکسەر تیمێکیان بۆ کەیسەکەی من پێکهێنا. ئاسۆ لە دوو ئەکاونت ڤیدیۆکانی منی دابەزاند، بەڵام لە ماوەی نیو کاژێردا ئەو تیمە توانییان بیسڕنەوە و کەمتر لە سەد کەس ڤیدیۆکانی بینیبوو".

ئاری ڕەفیق یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕۆژانە لە ڕێگەی هێڵی گەرمی 119 دەیان ئافرەت پەیوەندی دەکەن، زۆربەشیان هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆیان لێدەکرێ".

# بووە قوربانیی کێشەی براکەی



خۆشی بەهۆی هاوڕێیەکییەوە، ئاڵوودەی مادەی هۆشبەر بوو

**ڕووداو- هەولێر**

براکەی ئافرەتێکی هەڵگرت. ئەم بووە قوربانیی سوڵحی براکەی و دوور لە ویستی خۆی بە شوو درا، بەڵام لەلای مێردەکەی هەڵات، لەم ڕۆژانەدا لەلایەن کەسوکارەکەیەوە دۆزرایەوە و تەقەی لێکرا. ئێستا لە نەخۆشخانە لەژێر چاودێریی پزیشکدایە.

خۆشی ژنێکی تەمەن 32 ساڵە، بەبێ ئەوەی پرسیاری لێ بکەی، بە ڕەنگیدا دەزانی ئاڵوودەی ماددەی هۆشبەرە. ئەو بەدەم ئازاری برینەکانییەوە، چیرۆکی ژیانی خۆی گێڕایەوە و گوتی: "تەمەنم 16 ساڵ بوو، براکەم کچێکی هەڵگرت، دواتر سوڵح کرا و من لە برایەکی براژنەکەم مارە کرام".

خۆشی دەگوزارێتەوە، زۆر نابا دووگیان دەبێ، بەڵام وەک خۆی دەڵێ مێردەکەی گوێی بەوە نەداوە دووگیانە، زووزوو لێیداوە. خۆشی دەڵێت: "چەندینجار ماڵی باوکمم ئاگادار کردەوە کە ئەو پیاوە لەگەڵم خراپە، بەڵام ئەوان دەیانگوت دەتەوێ تووشی دوژمنداریمان بکەی".

خۆشی سێ منداڵی هەبوو، کاتێک کچێکی بەناوی شیلان ناسی، بە تەواوی ژیانی وێران کرد. خۆشی دەڵێت :"ئەو لە من بەدبەختتر بوو، هاوژینەکەی خیانەتی لێکردبوو. پێیگوتم چارەی تۆ تەنیا ئەو دەرمانەیە، هێشتا لەلای مێردەکەم بووم کە فێری کێشانی ماددەی هۆشبەر بووم".

شیلان ساڵ و نیوێک لەمەوبەر دەستگیر دەکرێ، پاشان خۆشی. کاتێک ماڵی باوکی بەمە دەزانن، حاشای لێدەکەن. ئەو دەڵێت :"هەشت مانگ لە زیندان بووم کەس سەردانی نەکردم".

خۆشی دوای ئازادبوونی شوێنێک نابێ ڕووی تێبکات، لە عەنکاوا دەچێتە کافتریایەک و داوای ئیشیان لێدەکات. دەڵێت: "زۆرم برسی بوو داوای نانم کرد، شۆربایەکیان بۆ هێنام. پێیانگوتم بچۆرە ژووری دواوە قسە لەگەڵ دادەکەت بکە. ژنێکی قەڵەوی قژ زەرد دانیشتبوو، هەندێک کچ لە چواردەوری بوون، بە بێزەوە سەیری منیان دەکرد. ژنەکە پێیگوتم هەستە جوان خۆت بشۆ و با مکیاژت بۆ بکەن. منیش پرسیم بۆچی؟ گوتی ئەی خۆ هۆتێل بەلاش نییە، ئێوارە موشتەری دێت. پێمگوت: تۆ هەڵەی، من لەشفرۆش نیم".

خۆشی ناتوانێ بگەڕێتەوە ماڵەوە، بۆیە هەوڵی پەیداکردنی کارێک دەدات. ئافرەتێکی دەوڵەمەند دەناسێ و داوای لێدەکات لە ماڵەکەی کار بکات. خۆشی دەڵێت :"شەش مانگ بە پارەیەکی زۆر کەم ئیشم کرد. ژنەکە کاری وەهای پێدەکردم مەگەر بە کۆیلە بکرێ، دەچووم بۆ تەوالێت دەیگوت وەرە بمسڕەوە. ئیدی ماڵەکەم جێهێشت".

خۆشی ڕەتیکردەوە لەو ماوەیەی لە دەرەوە بووە، لەگەڵ هیچ پیاوێک خەوتبێ، چونکە بە گوتەی خۆی بەهۆی ڕەفتاری باوک و براکانییەوە پیاوی لەبەرچاو کەوتووە، بەڵام مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ ئازاد کردووە.

ئازاد ئەو کوڕە بووە کە شەش مانگ لەمەوبەر لە دەرمانخانەیەک ناسیویەتی و شوقەیەکی بۆ بە کرێ گرتووە. خۆشی دەڵێت: "کوڕێکی زۆر عاقڵ بوو، ڕۆژێک هەندێک کریستاڵم دەرکرد بیکێشم، پێیگوتم ئەگەر دەتەوێ هاوڕێیەتیمان بەردەوام بێ، دەبێ واز لەمانە بهێنی".

هەروەها دەڵێت :"ئازاد بەمدوایییە لەلای من دەژیا، بەڵام کوڕێکی هێندە بە ڕەوشت بوو دەستی لە دەستم نەدا، ئەو بەهۆی لەدەستدانی براکەیەوە خووی بە مەشروب و چوونە دیسکۆ گرتبوو".

خۆشی خاوەنی چوار برا و حەوت خوشکە، بەڵام دەڵێت یەکێک لە خوشکەکانی بەهۆی هەڵسوکەوتە خراپەکانی مێردەکەی، خۆی سووتاندووە. خۆشی لەگەڵ یەکێک لە خوشکەکانی پەیوەندی دەمێنێ و جاروبار هاوکاری کردووە "خوشکەکەم بەزەیی پێدا دەهاتمەوە، چەند جارێک هاوکاری کردووم و دەیگوت بەس تووشی بەدڕەوشتی و هاوڕێی خراپ مەبە، بۆیە وازم لە هەموو شتێک هێنا".

لەو ڕۆژانەدا خۆشی پەیوەندی بە خوشکەکەیەوە دەکات و داوای هەندێک پارەی لێدەکات. ئەویش پێیدەڵێ پارەم نییە، بەڵام دەخیلەی منداڵەکانت بۆ دەشکێنم. وا بڕیار بووە خوشکەکەی پارەکەی بۆ لە ژێر تەنەکەی خۆڵی بەر دەرگاکەیان بۆ دابنێ. شەو خۆشی و ئازاد دەچن پارەکە بهێنن، بەڵام هەر کە دادەبەزن تەقەیان لێدەکرێ. خۆشی دەڵێت: "دوو کەس تەقەیان کرد، یەکێکیان براکەم بوو، من بە دوو فیشەک بریندار کرام و ئازادیشیان دەستگیر کرد و لەگەڵ خۆیان برد".

ئازاد سەر و لووت شکاوە، ئەو نکۆڵی لەوە کرد کە پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ خۆشی هەبووبێ و گوتی :"شەش مانگ لەمەوبەر برا گەورەکەم بە شێرپەنجە مرد، ئاڵوودەی مەی خواردنەوە بووم و زۆریش هەستیار بووم، خۆشیم بینی بەزەییم پێداهاتەوە و جێگایەکم بۆ دابین کرد".

سەبارەت بە دەستبەسەرکردنی لەلایەن کەسوکاری خۆشییەوە، ئازاد گوتی :"پێمگوتن بە هەڵە لە من گەیشتوون، بەڵام منیان برد بۆ ماڵی باوکی خۆشی و زۆریان لێدام. پاشان جلەکانیان لەبەر داکەندم و وێنەیان گرتم، دەیانگوت قسە بکە چیت لەگەڵ خۆشی کردووە. منیان ڕادەستی پۆلیس کرد و تۆمەتی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەریان دایە پاڵم، بەڵام من لە ژیانمدا ماددەی هۆشبەرم بەکارنەهێناوە".

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "شەوی 2019/2/20 تەقە لە ژن و پیاوێک کرا، دوای ئەوەی پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە، ئافرەتەکە گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانە، گەنجەکەش ڕادەستی پۆلیس کرا". گوتیشی : "ڕووداوەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە و تۆمەتبارەکانیش کەسوکاری کچەکەن، بەڵام هەڵهاتوون".



## ژنکوژێک دەستگیر دەکرێ

**رووداو – سلێمانی**

هێزەکانی پۆلیسی سلێمانی کەسێکیان دەستگیرکرد کە تۆمەتبارە بە کوشتنی هاوژینەکەی.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بڵاوی کردەوە، هێزەکانی بنکەی پۆلیسی بەختیاری تۆمەتبارێکیان دەستگیرکرد کە ساڵی رابردوو هاوژینەکەی خۆی کوشتووە. رۆژی 17 نیسانی 2018 ئافرەتێکی تەمەن 45 ساڵ بەناوی (ش،ر،ئا) لەگەڕەکی زەرگەتەی شاری سلێمانی لەلایەن هاوژینەکەیەوە کوژراوە، بەڵام هاوژینەکەی هەڵات. پۆلیس دەڵێت :"دوای گەڕان و پشکنین و چاودێریی چەند ناوچەیەک کە گومان دەکرا تۆمەتبار خۆی تێدا حەشاردابێ، رۆژی 20-2-2019 هێزەکانی بنکەی پۆلیسی بەختیاری توانییان تۆمەتبار (ئا.ف.س)، تەمەن 51 ساڵ، دەستگیر بکەن .



**حوسامەددین سەرداری**

مافپەروەر

# مافی ژن بە داوای جیابوونەوە نافەوتێ

لە لاپەڕە 12ی ژمارە (543)ی هەفتەنامەی (رووداو)ی ئازیزدا کە رۆژی 2019/2/18 دەرچووە، بابەتێکم خوێندەوە بە ناونیشانی (بۆ جیابوونەوە بوختانی بە هاوژینەکەی کرد) . سەرەتا دەستخۆشی لە تریسکە خان ئامادەکاری بابەتەکە دەکەم، هیوادارم بەردەوام بێت لە بڵاوکردنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی. لە نووسینەکەدا هاتووە: خەندە کە ناوێکی خوازراوی ژنێکە دەڵێت "مێردەکەم بۆیە ئەشکەنجە و ئازاری دەدام تاوەکو داوای جیابوونەوە لە دادگا بکەم بۆ ئەوەی بڵێت تۆ داوای جیابوونەوەت کردووە و هیچ شتێکت ناکەوێت".

منیش دەڵێم ئەم وتەیەی خەندە خان هەڵەیە و راستییەکەی ئەمەی خوارەوەیە:

هەر ئافرەتێک ئەگەر توندوتیژی بەرامبەر کرا بۆی هەیە یەکەمجار سکاڵا لە دادگای لێکۆڵینەوە تۆمار بکات و راپۆرتی پزیشکی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن وەربگرێت، تێیدا ئاماژە بە باری تەندروستی ژنەکە لە ئاکامی توندوتیژییەکە بکات دواتر هەوڵ بدرێت لە کاتی سکاڵاکە (سوڵح) بکرێت و بەڵێننامە لە هاوسەرەکە وەربگیرێت کە دووبارە توندوتیژی دژی هاوسەرەکەی نەکات. دۆسیەی لێکۆڵینەوە لەسەر داوای ژنەکە دادەخرێت. بەڵام لە ئایندەدا وەکو بەڵگە لە کاتی دووبارەبوونەوە بۆ داوای جیابوونەوە لە دادگای باری کەسی پێویست دەبێت. کە داوای جیابوونەوەشت تۆمار کرد هەموو مافەکانت بەپێی شەرع و یاسا بەدەستدێنی.

یاسای باری کەسی لە چەندین مادەدا ماف دەداتە ژن کە داوای جیابوونەوە بکات، بۆ زیاتر ئاشنابوونی ژن و پیاو و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری یاسایی تاکەکان، بە باشم زانی لێرەدا بڵاویان بکەمەوە.

1- مادە (40)ی یاساکە رێگە دەدات بە ژن و مێرد داوای لێکجیابوونەوە بکەن لەبەر یەکێک لەم هۆکارانە: زیانگەیاندن بە بەرامبەر یان منداڵەکانی، ئاڵوودەبوون بە مادەی هۆشبەر و سەرخۆشکەر، قومارکردن لە ماڵی هاوسەری، ناپاکی هاوسەری، گرێبەستی هاوسەرگیری پێش تەمەنی 18 ساڵی و بەبێ رەزامەندی دادوەر کرابێ. ئەگەر مێردەکە ژنی دووەمی بەبێ رەزامەندی دادگا هێنابێت. لەم حاڵەتانەدا ژنەکە دەتوانێ داوای هەموو مافەکانی بکات.

2- مادە (41)ی یاساکە رێگە دەدات بە ژن و مێرد داوای لێکجیابوونەوە بکەن ئەگەر ناکۆکی لە نێوانیاندا هەبوو، ئەو کاتە دادگا هەوڵ دەدات لە رێگەی ناوبژیوان (حکم) ئاشتیان بکاتەوە. ئەگەر ئاشت نەبوونەوە و سەلمێنرا لایەنێک کەمتەرخەمی هەیە، بەگوێرەی رێژەی کەمتەرخەمییەکە تەنیا مارەیی پاشەکییەکەی کەمدەکرێتەوە و مافەکانی دیکەی وەردەگرێت.

3- لە مادە (43)ی یاساکەدا تەنیا ماف دراوەتە ژن بۆ داوای جیابوونەوە لە کاتی لە ئارادابوونی یەکێک لەم هۆکارانە: ئەگەر مێردەکە 3 ساڵ یان زیاتر بەند بکرێ. ئەگەر بەبێ هۆیەکی رەوا ژنەکەی بۆ ماوەی پتر لە ساڵێک جێهێشت. ئەگەر دوای گرێبەستی هاوسەرگیری لە ماوەی 2 ساڵ داوای گواستنەوەی ژنەکە نەکات. ئەگەر مێردەکەی نەزۆک بێت. ئەگەر مێردەکە نەخۆش بێ و بە جۆرێک نەتوانێ سەرجێیی لەگەڵ ژنەکە بکات و بێ هیوا بێت لە چارەسەرکردنی، ئەگەر مێردەکە بژێوی ژنەکەی نەدات.

بۆ زانیاری زیاتر ژنی تەڵاقدراو یان لێکترازاو دەتوانێ داوای ئەم مافانەی خۆی بکات:

1- مارەیی پاشەکی.
2- ئەو زێڕەی لە ژنەکەی فرۆشتووە.
3- بژێوی عیددەی خۆی کە 3 مانگە.
4 - بژێوی خۆی تا رۆژی تەڵاقەکە یان لێکجیابوونەوەکە.
5- بژێوی منداڵەکانی تا ئەو کاتەی خوێندن تەواو دەکەن یا دەبنە خاوەن دەرامەت.
6- ئەو کەلوپەلانەی ژنەکە لە کاتی جیهازکردن بە پارەی خۆی کڕیویەتی.
7- لە حاڵەتی تەڵاقدا مانەوە بۆ ماوەی 3 ساڵ لەو خانووەی کە تێیدا دەژین ئەگەر بە ناوی هاوسەرەکەی تۆمار کرابێت و پیاوەکە وەدەردەنرێت.

داواکارم لە خولی تازەی پەرلەمان یاسای جێبەجێکردن هەموار بکات، بە جۆرێک ژن بتوانێت مافەکانی لە ماوەیەکی کورتتردا وەربگرێ.

## پێش کوژرانی قسەی بۆ (رووداو) کردبوو

# هەژار پێش گەڕانەوەی بۆ لای هاوژینەکەی، کوژرا

**دیمەن بورهان**

**رووداو- هەولێر**

هەژار بەگریانەوە شەکوای حاڵی خۆی دەکرد و دەیگوت ماڵی باوکم و خەزوورم ژن و ژیانیان لێ سەندم، تەنیا هەڵەی هەژار بەلای کەسوکارەکەیەوە ئەوە بوو کە ئەلکحولی دەخواردەوە، بەڵام ئەو دەیگوت "زیانم بۆ کەس نییە، خۆم نەبێ".

کێشەی هەژار ئەو رۆژە دەستیپێکرد کە ژنبرایەکی ئەوی بینیبوو دەیخواردەوە، دواتریش هەر بە دەستی ژنبراکەی کوژرا.

هەژار کەریم تەمەن 32 ساڵ، بەهۆی کێشەی خێزانییەوە نەک ژنەکەی لەدەست دا، بەڵکو گیانی خۆشی لەسەر دانا. ئەو 11 ساڵ پێش ئێستا لە رێگەی هاوڕێیەکییەوە بە ناوی (س. ص) کچێکی ناسی کە خوشکی هاوڕێکەی بوو، پاشان هاوسەرگیرییان کرد. هەژار و هاوژینەکەی (ئا.ص) دەبنە خاوەنی سێ منداڵ. بەڵام دواتر بە پاساوی ئەوەی هەژار مەی خواردووەتەوە، برایەکی هاوژینەکەی بەناوی (ئا.ص) لە یەکیان جیادەکاتەوە.

هەژار سێ رۆژ بەر لەوەی بکوژرێ قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی :"منداڵ بووم، دایکم مرد، هەر جارە و ماڵێک منی بەخێودەکرد تا لەسەر پێی خۆم وەستام و ژنم هێنا. لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانم هیچ کێشەیەکمان نەبوو. تەنیا دەستێوەردانی خێزانەکانمان نەبێت. ماڵی باوکم پێشتر پێیان خۆش نەبوو من ئەو ژنە بهێنم، برایەکی هاوژینەکەشم کە منی بینیبوو مەی دەخۆمەوە، کێشەی بۆ دروستکردین و ناچاری کردین لە یەکدی جیاببینەوە".

هەژار و هاوژینەکەی دوای ساڵ و نیوێک کێشە و زیزبوون، بڕیار دەدەن بگەڕێنەوە لای یەکدی. رۆژی 2019/1/20 دەچنە دادگا، لەوێ دادوەر پێیاندەڵێت کە دەتوانن بگەڕێنەوە لای یەکدی. هەژار گوتی: "داوەر پێیگوتین یەک تەڵاقت کەوتووە، سبەی بڕۆن بۆ لای لیژنەی فەتوا، ئەوەی بۆ منتان باس کردووە بۆ لێژنەکەشی باس بکەن. دادوەر هەر لەوێ بەڵێننامەیەکی پێ نووسین و مۆرمان کرد، ئەو ژنبرایەم (س.ص) کە سەرەتا پێکەوە کارمان دەکرد، زۆر هاوکارم بوو، لەگەڵ مامێکی خۆم بۆ ئەوەی کێشەکەم بۆ چارەسەر بکەن، بەڵام (ئا.ص) کە ئەویش ژنبرامە هەڕەشەی لێکردین کە نابێ بچینەوە لای یەکدی، بەس ئێمە گوێمان بە هەڕەشە نەدا و گەڕاینەوە لای یەکدی".

لەو ماوەیەی هەژار و هاوژینەکەی جیاببوونەوە، منداڵەکان هەر ماوەیەک لەلای یەکێکیان بوون، دواجار هەژار دەیانهێنێتەوە لای خۆی و چاوەڕێ دەکەن بەیانی بێت و بچن بۆ لای لیژنەی فەتوا، بەڵام برای ژنەکەی لە کاژێر حەوت و نیوی ئێوارەدا هەڵدەکوتێتە سەریان، چەند گوللەیەک لە هەژار دەدات و هەڵدێ ، پۆلیسی بەحرکە کاتێک دەگاتە سەر رووداوەکە، هەژار هێشتا نەمردووە و دەڵێت کە (ئا،ص)ی ژنبرام تەقەی لێکردم.

(رووداو) چەند جارێک بە تەلەفۆن پەیوەندی بە هاوژینی هەژار و ماڵی خەزووری هەژارەوە کرد، بەڵام بەردەست نەبوون.

کەریم خالید کە باوکی هەژارە بە (رووداو)ی گوت :"کوڕەکەم کێشەی خواردنەوەی مەشروبی هەبوو، لەگەڵ برای هاوژینەکەی کێشەیان هەبوو، چەندینجار سوڵحم کردووە بۆی ، بەڵام دواجار بەدەستی برای هاوژینەکەی کە خۆی لە سەرەمەرگدا ناوی هێناوە کوژرا. من سکاڵام لەسەر برای هاوژینەکەی تۆمار کردووە. بڕیاری منیش بڕیاری یاسایە".

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئێوارەی رۆژی 2019/1/20 گەنجێک بەناوی هەژار کەریم کە کێشەی لەگەڵ برای هاوژینەکەی هەبوو، بە دەستی ئەو لە ماڵەکەی خۆیدا کوژرا. دوای رووداوەکە تۆمەتبار هەڵاتووە و پۆلیس فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکردووە".

سەبارەت بە کێشەی هەژار لەگەڵ ماڵە خەزوورانی، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتی "چەند جارێک لەلایەن باوک و برا و هاوژین و برای هاوژینی سکاڵا لەسەر هەژار تۆمار کراوە، بە تۆمەتی ئەوەی ئاڵوودەی مەی خواردنەوە بووە و ئەمەش کاری کردووەتە سەر دەروون و ژیانی خێزانی. جارێکیش بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی دەستگیرکراوە".



هەژار لە سەرەمەرگدا گوتوویەتی ژنبراکەم تەقەی لێکردم

### خێزانەکان وازناهێنن

بەقسەی بورهان عەلی فەرەج، سکرتێری رێکخراوی یەکێتی پیاوانی کوردستان، زۆرترین سکاڵا کە چووبێتە لای ئەوان لەبارەی بێبەشکردنی باوک بووە لە بینینی منداڵەکانی لەلایەن هاوژین یان کەسوکاری هاوژینەکەی، دوای ئەویش دەستێوەردانی خێزانەکانە لە ژیانی ژن و مێرد.

بورهان عەلی فەرەج دەڵێت: "ساڵی رابردوو 517 پیاو سکاڵایان لەلای ئێمە تۆمار کردووە کە 167 سکاڵا بەهۆی دەستێوەردانی کەسوکار بووە لە ژیانی ژن و مێرد. ئەم ئامارە دەریدەخات کە دەستێوەردانی خێزان هەڕەشەیەکی چەند گەورەیە بۆ سەر ژیانی خێزانەکان".

# رۆژێک پێش شووکردنی خۆشەویستەکەی، خۆی کوشت

**تریسکە شێرزاد**

**رووداو- هەولێر**

خەلیل هەموو هەوڵێکی لەگەڵ ماڵی باوکی ئەو کچە دا کە خۆشیدەویست، بەڵام رازی نەبوون کچەکەیان شوو بە خەلیل بکات و لە جیاتی ئەو لە ئامۆزایەکی خۆی مارە کرا. دوای ئەوە خەلیل بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

شەوی 2019/2/13 گەنجێکی تەمەن 36 ساڵ بە ناوی خەلیل محێدین، دانیشتووی گەڕەکی یەکی حوزەیرانی شاری کەرکووک کە پۆلیس بووە، دوای ئەوەی دەزانێت کەسوکاری ئەو کچەی خۆشیدەویست کچەکەیان بەشووداوە، گوللەیەک لە خۆی دەدات و دەمرێ.

دوای رووداوەکە پۆلیس تەرمەکەی دەگوازێتەوە بۆ دادپزیشکی و برا گەورەی خەلیلیش دەستبەسەر دەکەن. سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی عەدالە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی گوت: "برای خەلیل بە مەبەستی لێکۆڵینەوە دەستبەسەرکراوە و دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوە ئازاد دەکرێ".

سەبارەت بە هۆکاری خۆکوشتنی خەلیل، براکەی لە ئیفادەی پۆلیسدا دەڵێت: "براکەم هیچ کێشەیەکی نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت پێشتر چووبووە داوای کچێک، باوکی کچەکە رازی نەبوو بیداتێ، ئەگەرنا هیچ کێشەیەکی نەبوو. بۆیە پێموایە براکەم لەبەر ئەوە خۆی کوشتبێ".

باوکی خەلیل چەند ساڵێک لەمەوپێش مردووە. خەلیل لەگەڵ دایکە بەساڵاچووەکەی دەژیا. ئەو کەوتبووە داوی خۆشەویستی کچێک، بڕیاریاندابوو هاوسەرگیری بکەن، بەڵام باوکی کچەکە بە هاوسەرگیرییەکە رازی نەبووە و بە خەلیلی گوتووە کچ نادەم بە بێگانە".

(ە.ئە) کە دراوسێ و هاوڕێی خەلیلە، بە (رووداو)ی گوت :"خەلیل چەند ساڵێک بوو پەیوەندی لەگەڵ ئەو کچە هەبوو، ماوەیەک لەمەوبەر دایکی نارد بۆ خوازبێنی کچەکە، بەڵام ماڵی باوکی کچەکە وەڵامیان بۆ ناردنەوە و گوتیان کچەکەمان نادەین بە کوڕەکەتان".

خەلیل کۆڵ نادات و دووبارە دایکی دەنێرێتەوە بۆ خوازبێنی کچەکە، بەڵام هەمان وەڵامی پێشوو وەردەگرێتەوە.

وەک (هە) باسی دەکات، خەلیل تەواو بێئومێد بووبوو، بەڵام باوکی کچەکە هەر قەناعەتی نەهات خەلیل ببێتە زاوای. (هە) گوتی :"خەلیل ئارامی لەبەر بڕابوو، ئەمجارەیان خۆی چوو بۆ خوازبێنی کچەکە و بە باوکی کچەکەی گوت: من و کچەکەت یەکدیمان خۆشدەوێ، بۆچی دوودڵ لە یەکدی دەکەی، بەڵام باوکی کچەکە لێی تووڕە بووبوو، لە ماڵەکەی دەریکردبوو".

گوتیشی: "دوای ئەوە خەلیل بە تەواوی بێ ئومێد بوو، بەردەوام بە خەمباری دەمبینی".

خەلیل بەتەواوی دادەبڕێ، کار و پیشەی تەنیا چوون بۆ دەوام و گەڕانەوە بۆ ماڵەوە بووە. بڕیار دەدات جارێکی دیکە دەست بە هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی دەدات و بۆ جاری سێیەم دایکی دەنێرێتەوە ماڵی باوکی کچەکە.

(هە) گوتی: "کەسوکارەکەی زۆریان بە خەلیل گوت ئیتر وازبێنێ و داوای کچێکی دیکە بکات بۆی بخوازن، بەڵام ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی تەنیا ئەو کچە ببێتە هاوژینی، بۆیە جارێکی دیکە دایکی ناردەوە بۆ داوای کچەکە".

خەلیل چاوەڕێ بووە دایکی هەواڵێکی خۆشی بداتێ، بەڵام پێیدەڵێت دیسان رازی نەبوون.

(ە) باسی دوایین دیداری نێوان خۆی و خەلیل دەکات و دەڵێت :"دوو هەفتە لەمەوبەر خەلیلم بینی، زۆر خەمبار دیار بوو، گوتی: خۆشەویستەکەم لە ئامۆزاکەی مارە کراوە، نازانم چی بکەم، خەریکە شێت دەبم".

هەتا رۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیری خۆشەویستەکەی نزیکتر دەبێتەوە، خەلیل زیاتر دەڕووخێ، کەس باوەڕی نەدەکرد خەلیل پەنا بۆ خۆکوشتن ببات.

(ە) گوتی: من لە ماڵەوە بووم، سەعات 10ی شەو بوو دەنگی تەقە هات. رامکردە دەرەوە، گوتیان دەنگی تەقەکە لە ماڵی خەلیل بوو. کە چووینە ژوورەوە دایکی دەگریا و دەیگوت کوڕەکەم رۆیشت، کوڕەکەم خۆی کوشت".

(ە) پێیوایە خەلیل تەنیا لە پێناو خۆشەویستەکەی دەستی چووەتە گیانی خۆی.

(ە) گوتی "ئەو شەوەی خەلیل خۆی کوشت، بەیانییەکەی ئاهەنگی گواستنەوەی خۆشەویستەکەی بوو. خەلیل نەیتوانیوە بەرگەی ئەوە بگرێ بۆیە خۆی کوشتووە".



خەلیل چوار جار چوو بۆ داوای خۆشەویستەکەی، بەڵام نەیانداییێ

# گەندەڵییەکانی مالیکی و کۆمپانیایەکی ئەمریکی ئاشکرا دەبن

ڕووداو- هەولێر

وەزارەتی دادی ئەمریکا سەرەتا تەنیا لە کۆمپانیایەکی سەربازی دەکۆڵییەوە کە گومان دەکرا بەرتیلی بە بەرپرسانی عێراقی دابێ. بەڵام بەدواداچوونی ڕێکخراوی (پرۆژەی لێپرسراوێتی حکومەت) و ماڵپەڕی (دەیلی بیست)ی ئەمریکی دەریدەخات کە کاربەدەستانی هەرە باڵای عێراقی لەو کەیسەدا تێوەگلاون، لەوانەش نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشتری عێراق.

سەرەتای کێشەکان لە کۆمپانیایەکی بەڵێندەری سەربازی بەناوی سالیپۆرتەوە دەستیپێکرد کە لە سەرەتای 2014 گرێبەستێکی بە بەهای 1.1 ملیار دۆلار لەگەڵ سوپای ئەمریکا واژۆ کردووە. بەپێی گرێبەستەکە کۆمپانیا ئەمریکییەکە دەبێ ئاسایش، ڕاهێنان و پێداویستییەکانی وەک خۆراک و کارەبا بۆ بنکەی بەلەد دابین بکات و هەتا 2012 نزیکەی 800 ملیۆن دۆلاری دیکەش وەربگرێ.

بەگوێرەی بەدواداچوونەکان، سالیپۆرت لەگەڵ کۆمپانیایەکی دیکە بەناوی (خزمەتگوزاری دەریایی ئافاق- ئوم قەسر) پەیوەندی هەبووە کە گومان دەکرێ بە ناوی سالیپۆرتەوە کاری کردبێ. بەشێک لە دۆکیۆمێنتەکان ئاشکرای دەکەن کە فەرمانبەرێکی وەزارەتی بەرگریی عێراق لە ساڵی 2016 کۆمپانیای ئافاقی بەوە تۆمەتبار کردووە گوایە بەڵێنی پارەی بە بەرپرسانی عێراقی داوە ئەگەر ئەو بەرپرسانە سالیپۆرت وەک کۆمپانیای بەڵێندەر لە بەلەد بناسێنن.

10 سەرچاوەی ئاگادار بە (دەیلی بیست) یان ڕاگەیاندووە کە ئافاق دواجار لەژێر کۆنترۆڵی مالیکیدایە، دواتر ئەحمەد مالیکی کوڕی و یاسر سوهەیل ئەلمالیکی زاواشی دەستیان لە کاروباری کۆمپانیاکەدا تێکەڵ کردووە. سەرچاوەکان دەڵێن ورد و درشتی ئافاق لەژێر دەستی مالیکیدا نییە، بەڵام ئەو پارەی وەرگرتووە و ئەم پەیوەندییەش بە قازانجی سالیپۆرت شکاوەتەوە.

وەزارەتی دادی ئەمریکا دەیەوێ بزانێ ئاخۆ بەڕێوەبەرانی پێشووی کۆمپانیاکە لە ئەمریکا ئاگایان لەو بەرتیلانە هەبووە کە ئافاق بەڵێنی داوە بە بەرپرسانی عێراقی بدات یان نا. سالیپۆرت هەتا 2018 لەلایەن کۆمپانیای مایکڵ بەیکەرەوە ئیدارە دەکرا کە کۆمپانیایەکی ئەندازیاری و ڕاوێژکارییە و بەشێکە لە گروپی (دی سی کاپیتاڵ پارتنەرز).

کۆمپانیای سالیپۆرت لە وەڵامی پرسیارێکی ڕاپۆرتەکە بۆ (دی سی کاپیتاڵ پارتنەرز) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە "هەتا ئەمڕۆش ئێمە لەو پرسەدا هاوکاریی وەزارەتی داد دەکەین". هەروەها دەڵێن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئافاق پچڕاندووە، دوای ئەوەی بە تۆمەتەکانی سەریان زانیوە.




## چیرۆکی ئافاق

کۆمپانیای ئافاق سەرەتا بەشێک بووە لە کۆمپانیایەکی کوەیتی بەناوی (ئەمێریکەن یونایتد) کە کاریان ئیدارەکردنی کارگۆکان لە بەندەری ئوم قەسر بووە، مۆنۆپۆڵی هەموو گواستنەوە دەریاییەکانی سوپای ئەمریکا لە ڕێگەی ئەو بەندەرەیان کردبوو، بە گوتەی ئەندامێکی پێشووی ئەمێریکەن یونایتد "ئەو کات هیچ ڕکابەرییەک لەئارادا نەبوو".

کۆمپانیای ئەمێریکەن یونایتد پێویستی بە شوفێری عێراقی بوو بۆ ئەوەی خۆی لە هێرشی ئەو گروپە چەکدارییانە بپارێزێ کە کەیفیان بە شوفێر لۆریی کوەیتی نەدەهات، دواتریش ناچار بوون بۆ دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەرانیان کۆمپانیایەکی عێراقی دروست بکەن کۆمپانیاکەش ناوی ئافاقی لێنرا کە سامی ئەلئەسەدی سەرپەرشتی دەکرد..

## سامی ئەلئەسەدی

خاڵی هاوبەشی ئەلئەسەدی و ئافاق ئەوەیە هیچیان سەرەتا هیچ نەبوون. ناسیاوەکانی ئەلئەسەدی و ئەندامانی پێشووی ئەمێریکەن یونایتد لە لێدوان بۆ (دەیلی بیست) باس لەوە دەکەن ئەسەدی دوای هێرشەکانی 2003ی ئەمریکا و هاوپەیمانان وەک پاسەوانی نەتەوە یەکگرتووەکان و فیتەر کاری کردووە.

سامی دواتر لە ڕێگەی هاوڕێیەکییەوە لەگەڵ کۆمپانیا کوێتییەکە پەیوەندی دروستکردووە. سەرچاوەیەک ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە دەڵێ "ئەوکات سامی هیچ نەبوو، بەڵام پەیوەندیی باشی هەبوون کە هۆکارن بۆ ئەوەی لە عێراق تەقەت لێنەکرێ". لە 2009 پەیوەندییەکانی سامی و ئەمێریکەن یونایتد سەرنجی خزم و کەسە بەدەسەڵاتەکانی ڕاکێشا، بەتایبەتیش عەدنان ئەلئەسەدی کە ئەوکات بریکاری وەزیری ناوخۆی عێراق و کەسێکی نزیک لە مالیکی بوو.

چوار سەرچاوە بە ڕاپۆرتەکەیان ڕاگەیاندووە کە سامی "پەیوەندیی لەگەڵ عیسام ئەلئەسەدی، بازرگانی ژمارە یەکی عێراقیش هەبووە کە حکومەت پشتگیری لێدەکات". سێ سەرچاوەی دیکەش باس لە پەیوەندیی نێوان سامی و عەبدولغەنی ئەلئەسەدی، ژەنەراڵی بەدەسەڵاتی هێزە تایبەتەکان دەکەن.

"سامی موڵکەکەی بە ناوی خۆی کرد" هەر ئەمەش نفووزی ئەوی زیاتر کرد. سەرچاوەیەکیش کە پێشتر لە ئوم قەسر کاری کردووە دەڵێ "ئەمێریکەن یونایتد دێوێکی دروستکرد".

پەیوەندییەکانی ئافاق و ئەمێریکەن یونایتد لە 2009 بۆ 2010 گرژیی تێکەوت. سامی مشتەرییەکانی ئەمێریکەن یونایتدی دەدزی، لەو ماوەیە ئەمێریکەن یونایتد گرێبەستێکی

بەرپرسێکی باڵای ڕۆژئاوایی

> پیشەسازی سەربازیی ئەمریکا ئەو پارەیەی خستە بەردەستی مالیکی کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی قووڵ پێویستی بوو

## کودێتا

کۆمپانیای ئەمێریکەن کاتێک ئافاقی دامەزراند، چاودێری دامودەزگاکانی خۆیان لە ئوم قەسریان بە سامی ئەسپارد، کە هێشتا کەلوپەلی حکومەتی ئەمریکای تێدا بوو. بە گوتەی کەسێکی ئاگادار گواستنەوەی تانکی ئابرامز ئێم وانی هەبوو، بەڵام ئافاق نرخی گواستنەوەکەی بەرزکردەوە، کاتێکیش بۆ هاوبەشێکی هەرزانتر گەڕان سامی پێی زانین.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، لە ئابی 2010 سامی هەڵمەتێکی لەدژی ئەمێریکەن یونایتد دەستپێکرد، هەندێک سەرچاوە بە (دەیلی بیست)یان گوتووە ئافاق دەیویست ڕێگری لە هاتوچۆی بارهەڵگری کۆمپانیا ڕکابەرەکانی بکات، چەند سەرچاوەیەکی دیکەش بە "کودێتا" ناوی دەبەن، دواجاریش ئافاق دەستی بەسەر کەرەستەکانی ئەمێریکەن یونایتددا گرت و بە زەبری چەک ناچاری کردن ئوم قەسر جێبهێڵن. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە یەکێک لە ئەمریکییەکان بە قاچاخ لە بەندەرەکە هێنرایە دەرەوە و ئەوانی دیکەش هێندەی نەمابوو لەلایەن پیاوەکانی سامییەوە دەستگیر بکرێن.

## لەدەستدانی ئوم قەسر

بەڵام هەڵسوڕاندنی کاروباری کۆمپانیایەکی گواستنەوە و بارکردن ئەوەندەش ئاسان نەبووە کە سامی یەکەمجار بیری لێدەکردەوە. بە گوتەی سەرچاوەیەک ئافاق یەکەمجار لەگەڵ کۆمپانیایەکی گواستنەوە بەناوی مایەرسک ڕێککەوت، بەڵام سەرەڕای پشتگیرییەکانی حکومەت هەر کێشەی هەبوو. جیا لەمە هێزە ئەمریکییەکان لە کۆتایی 2011 عێراقیان جێهێشت، بۆیە داواکاری لەسەر خزمەتگوزارییەکانی ئافاق کەمبوونەوە، ئەوە جگە لەوەی سامی دوژمنی زۆریشی بۆ خۆی دروستکردبوو.

کۆمپانیای ئافاق بەرەبەرە پێگەی لە ئوم قەسر لاواز بوو، ئەو کات سامی بەدوای کەناڵی نوێی بازرگانیدا دەگەڕا. سوپای ئەمریکا لە عێراق دەردەچوو و کۆمپانیا ئەمریکییەکانی بواری ئەمنی و سەربازی شوێنی ئەوانی دەگرتەوە، یەکێک لەوانەش سالیپۆرت بوو کە ئافاق ڕووی تێکرد.

ئافاق و سالیپۆرت، پێش ڕێککەوتنیان لەبارەی بنکەی بەلەد، ڕێککەوتنێکی دیکەیان لەسەر کەمپی سپایکەر لە پارێزگای سەڵاحەدین هەبوو. بەڵێندەرێکی پێشوو بە ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە دەڵێ: "پێش کەوتنی تکریت، سالیپۆرت و ئافاق خەریکی دڵداری بوون". بەرپرسێکی پێشووی سالیپۆرتیش دەڵێ: "ئافاق و سالیپۆرت گرێبەستێکیان لەبارەی هەڵسوڕاندنی کاروباری بنکەکەی تکریت کرد کە سالیپۆرت نیوەی قازانجی خۆی لە بنکەکەی دەدا بە ئافاق".

وەزارەتی دادی ئەمریکا لە کۆمپانیایەکی دیکەش دەکۆڵێتەوە کە ئەویشیان هەر بەهۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئافاقە و بۆ وەرگرتنی گرێبەستی بنکەی بەلەد ڕکابەرێکی سەرەکی سالیپۆرت بووە.

کۆمپانیای (SOSi) لە ئایاری 2013 گومانی دەکرد گرێبەستەکەی بنکەی بەلەد بۆ خۆیان دەبێ. بەهای بەرایی گرێبەستەکەش 84 ملیۆن دۆلار بوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە (SOSi) ماوەی پێنج مانگ سەرقاڵی دانانی بنکەی بەلەد بوو، بەڵام لەناکاو بەهای گرێبەستەکەی بۆ 79 ملیۆن دۆلار کەمکرایەوە و دەرفەتی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەیشی لەبەردەم نەما. سالیپۆرت دەستی بەسەر بنکەکەدا گرت. ژمارەیەک بەڵێندەر هۆکاری ئەوە بۆ ئەدای خراپی (SOSi) دەگەڕێننەوە، بەڵام ژمارەیەک بەڵێندەر باس لەوە دەکەن کە "ئافاق کاریگەری لەسەر گرێبەستەکە هەبوو".

بەڵێندەرێکی پێشووی بنکەی بەلەدیش دەڵێ: "ئافاق داواکاری خۆی هەبوو، داواکارییەکەشیان هەرچی بووبێ (SOSi) ڕازی نەبووە بیانداتێ".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، لە ئەیلولی 2013 واتە هەر ئەو مانگەی (SOSi) دەستی بە کار کردبوو لە بنکەی بەلەد، سالیپۆرت و ئافاق لەسەر دابەشکردنی قازانج بە ڕێژەی 66٪ بۆ سالیپۆرت و 34% بۆ ئافاق ڕێککەوتن.

بەڵام پەیوەندییەکانی ئافاق لەگەڵ سالیپۆرت زۆری نەخایاند، سەرچاوەیەک کە ئاگاداری ڕێککەوتنەکەی دواتری ئافاق بووە بە ڕاپۆرتەکەی ڕاگەیاندووە "سامی هەمووکات داوای پارەی زۆری دەکرد".

بەڵام کێشەکە تەنیا ڕەفتاری سامی نەبوو. سەرچاوەیەک دەڵێ "دوای هێرشەکانی داعش مالیکی کەوت. بۆیەش کوڕەکەی ئەو پەیوەندییەی نەما (کە جاران هەیبوو). سالیپۆرتیش ئیدی دەستی بە ڕوویانەوە نا، چونکە چیدی پێویستی پێیان نەبوو". سەرچاوەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات ئەحمەد مالیکی کوڕی سەرۆکوەزیرانی پێشتری عێراق لە بەڕێوەبردنی ئافاقدا دەستی هەبووە.

بەگوێرەی (دەیلی بیست) لە دوای 2016 سالیپۆرت چیدی پارەی بۆ ئافاق نەدەنارد. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کێشەکانی نێوانیان دەڵێ "ئەوان بە ئافاقیان گوت بڕۆن ملتان بشکێنن، بڕۆنە دادگا، گوێمان لێ نییە". ئافاق چەندینجار لە دادگای عێراق سکاڵای لەدژی سالیپۆرت تۆمار کرد، بەڵام هەموو جارەکان سالیپۆرت دەیبردەوە.

ئافاق بنکەی بەلەدی دۆڕاند، بەڵام ئەوە کۆمپانیاکەی لەناو نەبرد. ئافاق ئێستا لە ڕێگەی یەکێک لە لقەکانی خۆی بەناوی شاهد ئەلشەرق لەگەڵ کۆمپانیای (SOSi) لە بنکەی "کەمپ تاجی" لە ناوچە گوندییەکانی نزیک بەغدا و بنکەیەک لە بەسمایە دەستیان بە هاوکاری کردووەتەوە.

سێ سەرچاوەی ئاگادار بە ڕاپۆرتەکەیان ڕاگەیاندووە کە ئافاق و (SOSi) لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون قازانجی کەمپی تاجی نیوە بەنیوە دابەش بکەن. سەرچاوەیەکی دیکە کە لە بنکەکە کاری کردووە، دەڵێ "لە تاجی ئافاق هەمەکارەیە، ئەوان دەتوانن خەڵک لە (SOSi)ش وەدەربنێن".

## دەوڵەتی قووڵی مالیکی

بەرپرسێکی باڵای پێشووی وڵاتێکی ڕۆژئاوایی کە سەردانی عێراقی کردووە، پاش بیستنی چیرۆکی ئافاق بە (دەیلی بیست)ی گوتووە "نوسخەیەک بۆ دەستگرتنەوە بەسەر دەسەڵاتی عێراق پێچراوەتەوە، واتە گرتنەدەستی فەرماندەیی ڕەهای سوپا، کۆنترۆڵی ڕەها بەسەر دەزگا هەواڵگرییەکان و باڵادەستبوونی دارایی". بەرپرسەکە دەڵێت: پیشەسازیی سەربازیی ئەمریکا و حکومەتی ئەمریکا ئەو پارەیەیان بە مالیکی دا کە بۆ دامەزراندنی "دەوڵەتێکی قوڵی ڕاستەقینە" پێویستی پێی بوو.

## دانی فۆرتن، فەرماندەی هێزەکانی ناتۆ لە عێراق بۆ (ڕووداو):

# هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی داعش هێشتا وەکو خۆی ماوە



**ساڵی 2017 تەنیا حەوت ئەندامی ناتۆ لە عێراق بوون بۆ یارمەتیدانی هێزە سەربازییەکانی عێراق. لە ئۆکتۆبەری 2018 ئەرکی مەشقپێدانی ئەو هێزانەیان پێ سپێردرا کە سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراقن. دانی فۆرتن کە فەرماندەی هێزەکانی ناتۆیە لە عێراق، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت هەتا سوپایەکی پرۆفیشناڵ ئامادە نەکەن، ئەرکەکەیان لە عێراق تەواو نابێ. فۆرتن ترسی لە سەرهەڵدانەوەی داعش هەیە و دەڵێت ئەو فاکتەرانەی بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش، هێشتا هەر ماون.**

هەڤپەیڤین: شاهۆ ئەمین
ڕووداو – هەولێر

ڕووداو: دوایین ئەرکی ناتۆ لە عێراق و کوردستان چییە؟

دانی فۆرتن: ئەرکەکەمان نزیکەی چوار مانگ لەمەوبەر دیاریکرا. ئامانجمان ئەوەیە ڕاوێژ پێشکەشی وەزارەتی بەرگری عێراق، نووسینگەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، سەرۆکوەزیران و ناوەندی ئۆپەراسیۆنە گشتییەکان بکەین. هەروەها مەشق و ڕاهێنان پێشکەشی ڕاهێنەرانی قوتابخانە سەربازییەکان بکەین و پەروەردەی سەربازی پرۆفیشناڵ پێشکەش بکەین.

ڕووداو: بەشێک لە عێراق خاپوور بووە، بۆمبی چێنراوی دوای شەڕی داعش لە زۆر ناوچە ماون. ئەو بۆمبانە هەڕەشەی سەرەکین بۆ سەر ئەو خەڵکەی کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە ناوچەکانیان. ناتۆ چۆن یارمەتی عێراقییەکان دەدات بگەڕێنەوە ناوچەکانیان؟

دانی فۆرتن: هێزە ئەمنییەکانی عێراق کارێکی زۆر باشیان کردووە. وەکو تێکشکاندنی داعش و سڕینەوەی خەلافەت. بەڵام هێشتا هەڕەشە ماوە. هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ململانێکە هێشتا وەکو خۆی ماوە. ئێمە چی دابین دەکەین؟ بەهۆی مێژووی بەرچاوی ئێمە لە دابینکردنی پسپۆڕی و ئەزموونمان لە مەشق و ڕاهێنان و و تواناسازی لە ژمارەیەک وڵات، ئێمە دەتوانین یارمەتی سوپای عێراق بدەین بۆ ئەوەی لە چەند بوارێکدا بەرەو پێش بچێت و ببێتە هێزێکی پرۆفیشناڵ.

ڕووداو: ئەو کەسانە کێن کە مەشقیان پێدەکەن؟ ڕاهێنەری سەر بە پێشمەرگەشیان تێدایە؟

دانی فۆرتن: ئێمە تەنیا مەشق بە هێزەکانی سەر بە وەزارەتی بەرگری دەکەین.

ڕووداو: سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدوایین لێدوانیدا ڕایگەیاند: شانەکانی داعش پارە و بژێوییان لەڕێی چەند چالاکییەکەوە دابین دەکەن. وەکو ڕفاندن و بە بارمتەگرتنی خەڵک بۆ بەدەستهێنانی پارە و چەند کردەوەیەکی تاوانکاریی دیکە. مەشقەکانی ئێوە بۆ هێزە ئەمنییەکانی عێراق تا چەند یارمەتیدەرن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمە؟

دانی فۆرتن: دوو خاڵ باس دەکەم، یەکەم ئێمە ڕاوێژ لە بواری چاکسازی لە کەرتی ئەمنیدا پێشکەش دەکەین. کۆمەڵێک شت هەن لەنێو دەزگا ئەمنییەکانی عێراقدا کە پێویستە بگۆڕدرێن و نوێ بکرێنەوە بەپێی ئەم سەردەمە. خاڵی دووەم ئەوەیە ئێمە دەمانەوێ دڵنیابین لەوەی سوپایەک دروست بکەین کە هاوکاری بکرێ و خەرجی بۆ دابین بکرێ، بە توانا بێت، پرۆفیشناڵ بێت لە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی زۆر جیاواز. دەبوو لە چوار ساڵی ڕابردوودا ئەمە کرابا. لەگەڵ ئەوەی خەلافەتی داعش نەماوە، بەڵام هێشتا ئەندامانی ماون و هەوڵ بۆ سەرهەڵدانێکی چەکداری دیکە دەدەن. ئەوان بە ئاسانی دەتوانن ئەو بۆشایی و لاوازییانەی نێو هێزە ئەمنییەکانی عێراق بقۆزنەوە. وەکو بۆشایی زانیاری. لەو شوێنانە کە سنووری هێزێک کۆتایی دێت، سنووری هێزێکی دیکە دەستپێدەکات.

> تەنیا مەشق بە هێزەکانی وەزارەتی بەرگریی عێراق دەکەین

> داعش بە ئاسانی دەتوانێ بۆشایی و لاوازیی نێو هێزە ئەمنییەکانی عێراق بقۆزێتەوە

ڕووداو: دوای هەرەسهێنانی دەوڵەتی ئیسلامی، هەڵسەنگاندنی تۆ چییە بۆ هەڕەشەی داعش، بەتایبەتی ئەو چەکدارانەی کە دوای شەڕ لە چەند ناوچەیەکی سووریا و لە عێراقیش لە ئەنبار ماون؟

دانی فۆرتن: وەک پێشتر باسمکرد، مەترسی سەرهەڵدانەوەی داعش هەیە. داعش ڕێکخراوێکە لە هەڵەکانییەوە فێر بووە. هێشتا لە عێراق ماوە، بۆیە نابێ ئەو ڕاستییە لەبەر چاو نەگرین کە هێشتا هەڕەشەیە لەسەر ئەم وڵاتە. دەتوانن لە چەند ناوچەیەک هێرش بکەن. هەروەها چالاکی نا یاسایی بکەن بۆ بەدەستهێنانی پارە و داهات. ئەگەر هۆکارە بنچینەییەکانی ململانێ چارەسەر نەکرێن ، ئەوە ئەگەری هەیە داعش بە جۆر و شێوەی دیکە سەرهەڵبداتەوە. هێشتا هەڕەشەی سەرهەڵدانی چەکداری لە ئارادایە. بۆیە من و هاوکارانم لە هەوڵداین ئەو مەشق و ڕاهێنانەی بە هێزە عێراقییەکانی دەکەین لە ئاستێکی باشدا بێت.

ڕووداو: بەڵام تێڕوانینی ناتۆ چۆنە بەرامبەر پێشمەرگە کە سێ چوار ساڵ شەڕی داعشیان کرد. بەشێک لە ئەرکی ئێوە شەڕی تیرۆرە؟

دانی فۆرتن: ئەرکی ئێمە مەشقکردن بە سوپای عێراق و دروستکردنی سوپایەکی بەهێزە. ئەوەی ئێمە فێریان دەکەین حکومەتی عێراق دەتوانێ بیگوازێتەوە بۆ هێزە جیاوازەکان. من هانی حکومەتی عێراق دەدەم ئەو وانانەی لە شەڕی داعش فێریان بوون لەگەڵ دراوسێکان بەشی بکات.

ڕووداو: داهاتووی ئەرکەکەی ناتۆ چییە، لەکاتێکدا چەند دامەزراوە و هێزێکی عێراق داوا دەکەن هێزە بیانییەکان بچنە دەرەوە؟ بۆ نموونە حەشدی شەعبی.

دانی فۆرتن: ئێمە لێرەین بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژ. بەمدواییانە تیمەکانمان دەستیانکرد بە وانەگوتنەوە لە قوتابخانە سەربازییەکان و پێشکەشکردنی ڕاوێژ لە وەزارەتی بەرگری. ئەوەی لە داهاتووی نزیکدا دەیبینم ئەوەیە هەلمان لە پێشە بۆ ئامادەکردنی چەند ڕاهێنەرێک بۆ قوتابخانە سەربازییەکان. هەر کات بەشێوەیەکی باش ئەم ئەرکەمان تەواو کرد و ڕاوێژی ئێمە ببێتە هۆی بونیادنانی سوپایەکی بەهێز و یەکگرتوو، ئەوە ئەرکەکەمان تەواو دەبێت. دواتر بەردەوام دەبین لە هاوبەشیی درێژخایەنمان لەگەڵ عێراق. ئەو هاوبەشییە دەکرێ بە چەندین شێوە بێت. عێراق هاوبەشێکی گرنگی جیهانییە بۆ ناتۆ. عێراق دەتوانێ سوود لە ڕاهێنان و کۆرسەکانی ناتۆ ببینێت لە داهاتوودا.

> عێراق هاوبەشێکی گرنگی جیهانییە بۆ ناتۆ

# کحول... دوژمنە سەرسەختەکەی جگەر

ئاراس برادۆستی
ڕووداو- هەولێر

خەڵکێکی زۆر لە نەخۆشخانەی ژین ئینتەرناشنەڵ لە هەولێر کۆبووبوونەوە، سستبوون و لەکارکەوتنی لەناکاوی جگەری خاتوونێکی 22 ساڵان هەمووانی نیگەران کردبوو. پزیشکانی نەخۆشخانەکە کە تیمێکی تایبەت بە چارەسەرکردن و چاندنی جگەرن، لە کارکردنی بەردەوامدا بوون بۆ پاراستنی ژیانی ئاڵا.

ئاڵا، خانمێکی گەنجە، هەفتەیەک بوو ئەڵقەی هاوژینی لەگەڵ کوڕێک گۆڕیبووەوە، بەڵام کە من بینیم، لەژێر ئامێرەکانی یەکەی چاودێری چڕی نەخۆشخانەکەدا بوو. زانیارییە پزیشکییەکان هەواڵی خۆشیان پێ نەبوو، وەک پزیشکێک لە زمانی پزیشکیی فایلەکەی ئاڵا تێدەگەم، ئەمەش دڵتەنگم دەکات.

جگەر گەورەترین رژێنە لە جەستەدا و یەکێکە لە گرنگترین ئەندامەکانی، تەندروستی جەستە راستەوخۆ بەستراوەتەوە بە سەلامەتیی جگەر.

د.بڵند پسپۆڕی هەرس و جگەر، کە چوومە لای خەریکی چارەسەرکردنی یەکێک لە نەخۆشەکانی بوو، گەنجێکی تەمەن 23 ساڵان کێشەیەکی گەورە لە جگەریدا هەبوو.

کێشی جگەر 1.5 کیلۆیە و لە کەسێکی پێگەیشتوودا، 500 کاری جیاوازی هەیە، 10%ی خوێنی نێو جەستەی بە بەردەوامی تێدایە، لە خولەکێکدا 1.5 لیتر خوێنی تێدەچێت و لێی دەردەچێت، تاکە ئەندامی جەستەیە کە دەتوانێت بە تەواوی خۆی دروستبکاتەوە.

د.بڵند دەڵێ لە جیهانی پزیشکیدا ئەوە ناسراوە کە نەخۆشییەکانی جگەر خەڵک زیاتر دەکوژن لە ڕووداوەکانی هاتوچۆ و نەخۆشیی شەکرە.

د.بڵند بەدەم پشکنینی فایبرۆسکانەوە قسەی بۆ دەکردم: "ئەم پشکنینە نوێیە بەشێکی زۆر لە کێشەکانی جگەر دەردەخات"، بەڵام بۆ دڵنیابوونی زیاتر، د.بڵند بڕیاری دا بە هەناوبین بچێتە نێو جەستەی گەنجە جگەرماندووەکە.

نازوورەکەشی کرد، منیش لە سکرینی ئامێرەکە هەموو شتێکم دەبینی، خەیاڵیشم لای ئاڵا بوو، جگەری ئاڵای 22 ساڵ و هی ئەم گەنجە 23 ساڵییە بۆ وایان لێهاتووە؟

ئەوەی لە سکرینەکە دەمبینی بە دڵی من نەبوو، لەو تەمەنەدا و لەکارکەوتنی جگەر مایەی سەرسوڕمانە، دەمویست هۆکارەکەی بزانم، د.بڵند نهێنییەکی گرنگی بۆ ئاشکرا کردم، ئەو دەڵێت هۆکاری سستبوونی جگەری کوڕە گەنجەکە خواردنەوە کحولییەکانە.

جگەر لە چوار پارچە پێکهاتووە، گەورەترینیان پارچەی ڕاستە، هەر پارچەیەک لە چەند لۆبیولێک "پارچەی بچووکتر" پێکهاتووە کە شێوەی شەش لاییان هەیە.

پزیشکە پسپۆڕەکەی هەرس و جگەر زۆر بە وردی باسی جگەری بۆ کردم "وەکو هەر ئەندامێکی دیکەی جەستە جگەر خوێنی بۆ دەچێت و خوێنیشی لێ دەردەچێت، بەڵام ئەوەی وا دەکات جگەر جیاواز بێت لە ئەندامەکانی دیکەی جەستە، ئەوەیە کە لە ڕێگەی بۆڕییەکی خوێنهێنەری گەورەوە خوێنی بۆ دەچێت، ئەمە لە زمانی پزیشکیدا بە "خوێنهێنەری پۆرتاڵ" ناسراوە.

پۆرتاڵ بەشێوەیەکی گشتی خوێن لە ڕیخۆڵەکانەوە وەردەگرێت، ئەو خوێنە ئەو ماددانەی تێدایە کە لە خواردنەکانەوە وەرگیراون، لەژێر جگەردا توورەکەی زەرداو هەیە، لەوێ ئەو زەرداوە دەپارێزرێت کە خانەکانی جگەر دروستی دەکەن.

لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەڵات لە هەولێر دەڵێن ڕۆژانە حاڵەتی ژەهراویبوون بە دەرمان لەم نەخۆشخانەیە چارەسەر دەکرێن، ئەگەرنا جگەر پەکدەخەن، جگەر قوربانییەکی سەرەکی دەستی ژەهراویبوون بە دەرمانە.

دکتۆر هەڤاڵ فارس پسپۆڕی فریاکەوتنی هەناوی، ڕۆژانە حاڵەتی خواردنی دەرمان دەبینێ و چارەسەریان دەکات "ئەو حاڵەتانە زۆربەیان ئەوانەن کە خۆیان بە دەستی خۆیان ژمارەیەکی زۆری حەب دەخۆن و ئامانجیشیان خۆکوشتنە".

دکتۆر هەڤاڵ فارس دەڵێت ئەو کەسەی مشتێک حەب دەخوات، دوای 12 کاژێر ئینجا جگەری لەکاردەکەوێت، لەکارکەوتنی جگەریش کۆتایی ژیانە.

جگەر هەرێمێکە بۆ خۆی، کارەکانی زۆرن و زۆر ئاڵۆزن، پەیوەندی بە هەموو سیستەمەکانی جەستەوە هەیە، گرنگترین کارەکانی ئەمانەن:

1 دروستکردنی زەرداو بۆ فڕێدانی هەندێک لە ژەهرەکان و یارمەتیدان لە وەرگرتنی چەند جۆرێک لە پێکهاتەکانی خۆراک لە ڕێگەی شکاندنی خۆراکەکان لەنێو ڕیخۆڵەدا.

2 یەکسانکردنی ژەهرەکان و میتابۆلیزمی ڕێژەیەکی گەورە لە دەرمانەکان.

3 دروستکردنی ئەلبۆمین کە گرنگترین پرۆتینی خوێنە.

4 دروستکردنی پرۆتینەکانی سیستەمی ڕێگری لە خوێنبەربوون.

5 کۆنترۆڵکردن و هەڵگرتنی گلوکۆز.

6 دروستکردنی پرۆتینە پێویستەکانی سیستەمی بەرگریی جەستە.

خواردنەوەی کحولی جگەری گەنجەکەی ژێر دەستی د.بڵندی وێران کردبوو، ئەمە بردمیە سەر بابەتی کۆنترۆڵی چاودێریی تەندروستی بەسەر خواردنەوە کحولییەکانەوە.

هەموو ئەو شوێنانەی خواردنەوەی کحولی دەفرۆشن، مۆڵەتی تەندروستییان هەیە، کارمەندانیشی کارتی تەندروستییان بۆ کراوە. ئەگەر ڕێنماییە تەندروستییەکان بە تەواویش جێبەجێ بکرێن، ئەوەی لە نێو شووشەکانی ئەواندا دەفرۆشرێت ئاو نییە، کحولە، نە پاک دەبێتەوە و نە هەرگیزیش سەلامەتە.

د.هەڵگورد فەتحوڵڵا کە پزیشکی پسپۆڕی هەناوییە، زۆر بە توندی دژی خواردنەوە کحولییەکانە، دەڵێت "کحول هەموو دڵۆپێکی ژەهرە".

بیستم کە دۆخی تەندروستیی ئاڵا بە تەواوی تێکچووە، خێرا گەڕامەوە نێو نەخۆشخانەی ژین، هەواڵە ناخۆشە چاوەڕواننەکراوەکە ڕاگەیەندرا، ئاڵا کۆچی دوایی کرد.

د.دڵشاد شێخانی، پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی و چاندنی جگەر بە نیگەرانییەکی زۆرەوە پێیگوتم، دوای خەواندنی ئاڵا میقداد لە بەشی چاودێری چڕی هەناسەدان و ئامادەکردنی بۆ نەشتەرگەری چاندنی جگەر و گەڕان بۆ دۆزینەوەی بەخشەرێک، لەو کاتەدا لەگەڵ پەککەوتنی جگەر، تووشی سستبوونی گورچیلەکان و زەبرگەیشتن بە مێشک بوو.

شێخانی گوتی، لەو کاتەی نەخۆشەکە لە بەشی چاودێری چڕی هەناسەدان بوو، دۆخی تەندروستی بەرەوباشی دەڕۆیشت، هۆشی گەڕایەوە، پشکنینەکان دەریانخست کە جگەر و گورچیلەی بەرەو باشتر دەڕۆن و لە بەشی چاودێری چڕی هەناسەدانەوە هێنرایە قاوشی نەخۆشخانە. لەو ماوەیەی لە قاوش بوو لەسەر دەرمان، بەشێوەیەکی لەناکاو تووشی خوێنمەیینی شا لوولەخوێنی جگەر بوو کە دەبوو بەخێرایی نەشتەرگەری بۆ بکرێ، چونکە جگەری بەرەو خراپتربوون دەبرد و ئەوکاتە مەترسی لەسەر ژیانی دروستدەکرد "دوای ڕەزامەندی وەرگرتن لە خێزانەکەی نەشتەرگەریمان بۆ کرد".

لە د.دڵشادم پرسی بۆچی پێشتر نەشتەرگەریتان بۆ نەکرد، پێیگوتم بەپێی ڕێنماییە پزیشکییەکان لەوکاتەی دۆخی تەندروستی ئاڵا باشتر بوو، نەدەکرا نەشتەرگەری چاندنی جگەری بۆ بکرێت و ناچاربوون چاودێری تەندروستی بکەن تاوەکو بە چارەسەری دەرمان دۆخەکەی جێگیر ببێت، بەڵام لەو کاتەدا ئاڵا تووشی خوێنمەیین لەنێو شالوولە خوێنی جگەر بوو، دۆخی تەندروستی تێکچوو، ناچاربوون بە نەشتەرگەری لوولەخوێنەکەی بۆ بکەنەوە.

د.دڵشاد شێخانی بە دەنگێکی کز و نیگەرانییەکی قووڵەوە قسەی بۆ دەکردم: "لەنێو نەشتەرگەرییەکە دڵی ئاڵا لەلێدان کەوت، بە هەوڵی زۆری هاوکارانم، توانیمان جارێک ڕزگاری بکەین، بەڵام دووبارە دڵی وەستا و مێشکی لەڕووی زانستییەوە مرد، بەڵام لەڕووی کلینیکییەوە لەژیاندا مابوو، لەژێر ئامێری هەناسەدانی دەستکرد بوو".



## پزیشکێک: کحول هەر دڵۆپێکی ژەهرە

## ئەو نەخۆشیانەی تووشی جگەر دەبن:

1 **سیرۆسس:** دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ جگەر نەخۆش دەبێت، تووشی پەڵە دەبێت. شانەکان و پێکهاتەی جگەر تێکدەچێت و وردە وردە توانای کارکردنی نامێنێ.

2 **شێرپەنجەی جگەر:** شێرپەنجەکە لە خانەکانی خۆیەوە دروست دەبن یان لە ئەندامێکی دیکەی جگەرەوە بۆی دێت، ئەوەش بەهۆی ئەوەی خوێنێکی زۆری بۆ دەچێت.

3 **بەردی زراو:** لەبەر چەند هۆکارێک "بۆماوەیی، جۆری خواردن، دەرمان و... هتد" بەرد لە زراو دروست دەبێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی ئازاری زراو، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەگەر ئەو بەردانە ببنە هۆی هەوکردنی زراو، پێویست دەکات بە نەشتەرگەری توورەکەی زەرداو دەربکرێت و فڕێ بدرێت.

4 **سستبوونی جگەر:** ئەنجامی کۆتایی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی جگەرە. لەم حاڵەتەدا نەخۆشەکە پێویستی بەوە دەبێت جگەر بچێنێ و بە پێچەوانەوە لەوانەیە بمرێ.

4 **هەوکردنی جگەر:** بەربڵاوترین نەخۆشیی جگەرە، چەند جۆرێکی جیاوازی هەن بەپێی میکرۆبی تووشکەر دەگۆڕێن.

# وەرزش چ جۆرە خواردن و خواردنەوەیەکی پێویستە؟

ڕووداو- هەولێر

خۆراکی دروست و وەرزش دوو شتی لەیەکدانەبڕاون، ئەو خووە باشانە بەرەو ژیانێکی تەندروستمان دەبەن، بەڵام گرنگە بزانین پێش ئەوەی دەست بە وەرزشەکەمان بکەین چ جۆرە خواردنێک بخۆین، هەروەها لەکاتی وەرزشەکە و دوای وەرزشەکەش چی بخۆین و بخۆینەوە؟

بەگوێرەی پسپۆڕێکی خۆراک لە زانکۆی ویلایەتی جۆرجیا، خۆراکی دروست بۆ ئەوانەی وەرزش دەکەن ئەمانەن:

## پێش وەرزش

د.کریستینا ڕۆسێنبلۆم دەڵێت دوو بۆ سێ کاژێر بەر لە چوونە هۆڵی لەشجوانی و وەرزش، دەبێت ژەمێکی خۆراکی ئەوتۆمان هەبێت کە بە درێژایی کاتی وەرزشکردنەکە وزەی تەواو بە جەستەمان ببەخشێت.

پسپۆڕەکەی خۆراک ڕوونیدەکاتەوە ئەو خۆراکەی دەیخۆین دەبێت بە کاربۆهێدراتی کواڵیتی بەرز دەوڵەمەند بێ، ئەمەش چونکە لەکاتی وەرزش و چالاکییە جەستەییەکان، ماسولکەکان کاربۆهێدرات وەک سەرچاوەی وزە بەکاردەهێنن. هەروەها دەبێت ژەمەکە ڕێژەیەکی باش پرۆتینی تێدابێت، بەوپێیەی پرۆتین یارمەتی خانەکانی خوێن دەدات بۆ ئەوەی لەکاتی وەرزشکردنەکە ئۆکسجین بۆ ماسولکەکان بهێنن ئەمە جگە لەوەی پێویستە دوو کاژێر بەر لە وەرزش، بڕێکی باش ئاو بخورێتەوە.

د.کریستینا نموونەی ئەو خۆراکانە باس دەکات کە دەبێ پێش وەرزش بخورێن، ئەوانیش: شۆفان، مۆز، سپێنەی هێلکە و ماست.

## لەکاتی وەرزشدا

خۆراکناسە ئەمریکییەکە ڕوونیدەکاتەوە خواردن و خواردنەوە لەکاتی وەرزش پشت دەبەستێ بە دوو فاکتەر. یەکێکیان کاتی وەرزشەکە و دووەمیان قورسی یارییەکەیە، بەڵام لە کاتی وەرزش بەهۆی ئەوەی جەستە ئارەقە دەکات و ڕێژەیەکی باش ئاو لە دەستدەدات، دەبێت بایەخێکی زیاتر بە خواردنەوەی شلەمەنی بدرێت.

د.کریستینا دەڵێت جگە لە خواردنەوەی ئاو دەتوانیت خواردنەوە تایبەتەکان بخۆیتەوە، بەڵام دەبێت ئاگاداربیت لەوەی ڕێژەی شەکری نێویان زۆر نەبێت. دەتوانرێت لە ماڵەوەش هەندێک لەو خواردنەوانە ئامادە بکرێت وەک شەربەتی فرێشی پرتەقاڵ، لیمۆ و هەندێک هەنگوین.

## دوای وەرزش

بە 15-45 خولەک دوای تەواوکردنی وەرزشەکەمان دەبێت ژەمێک بخۆین کە پرۆتینی باشی تێدابێت، ئەمەش چونکە وەک د. کریستینا دەڵێت پرۆتین یارمەتی گەشەی ماسولکەکان دەدات، بۆیە خواردنی 10-20 گرام پرۆتین دوای وەرزش پێویستیی ماسولکەکان پڕدەکاتەوە.

پەتاتەی کوڵاو، میوەکان بەگشتی، کیوی، بلوبێری و ئەناناس بەتایبەتی، سەوزە گەڵاپانەکان، گۆشتی مریشک و مشتێک چەرەسات لەو بژارە تەندروستانەن کە پسپۆڕەکەی خۆراک داوا دەکات دوای وەرزش بخورێن.



# سێکس سەرئێشە ناهێڵێ

ڕووداو – هەولێر

خەڵکانێکی زۆر بەدەست سەرئێشەوە دەناڵێنن، چەندین ڕێگەی سادە و ساکار هەن کە ئەگەر پەیڕەویان بکەی ڕەنگە پێویستت بە سەردانی پزیشک نەبێ و ڕزگارت ببێ لە دەست سەرئێشە. ئەمانە هەندێک لە ڕێگاکانن:



## 1 خواردنەوەی قاوە

خواردنەوەی کوپێک قاوە ئازارەکەت تا ئاستێکی باش کەم دەکاتەوە، ئەمەش چونکە کافاینی نێوی بە نزیکەیی هەمان کاریگەری دەرمانە ئازارشکێنەکانی هەیە.

پزیشکانی پسپۆڕ دەڵێن هەر کاتێک هەستت کرد سەرئێشە دەگری، کوپێک قاوە بخۆرەوە، ئەمە ڕێ لە تەشەنەسەندنی ئازارەکە دەگرێت، بەڵام نابێت زێدەڕۆیی لە خواردنەوەی قاوە بکرێت، چونکە دواتر جەستە فێری وەرگرتنی کافاین دەبێت و کافاینەکە هیچی دیکە لە نەهێشتنی ئازاری سەرئێشەدا کاریگەری نابێ.



## 2 سەرشووشتن

سەرشووشتن بە ئاوێکی شلەتێن کە پلەی گەرماکەی نە زۆر سارد و نە زۆر گەرم بێت، ڕۆڵێکی گرنگ لە کەمکردنەوەی ئازاری سەرئێشەدا دەگێڕێ.

پزیشکان دەڵێن مانەوە لەژێر ئاوێکی شلەتێن، ماسولکەکانی سەر، مل و شان خاودەکاتەوە و ئەوەش هۆکارێکە بۆ ئارامبوونەوە و نەمانی ئازار.



## 3 نەبەستنی قژ

زۆر لە خانمان ستایلێکی قژ هەڵدەبژێرن کە نەک تەنیا زیان بە تاڵەمووەکان دەگەیێنێت، بەڵکو سەرئێشەشی لێدەکەوێتەوە.

پزیشکانی مێشک و دەمار لەوبارەوە دەڵێن، بەستنی قژ بەتوندی زیان بە دەمارەکانی پێستی سەر دەگەیێنێ و دەبێتە هۆی سەرئێشە. ئەوان ڕێنمایی خانمان دەکەن کە قژیان زۆر بەتوندی نەبەستن بۆ ئەوەی هەم لە سەرئێشە دووربن و هەمیش زیان بە قژیان نەگات.



## 4 سێکس

سێکسکردن و گەیشتنە ئۆرگازم یەکێکە لە ڕێگەکانی کەمکردنەوەی ئازاری سەرئێشە بەتایبەت ئازاری لاسەرئێشە (شەقیقە). د.سارالین مارک، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی خانمان دەڵێت، بەهۆی سێکسکردنەوە دەردانی هۆرمۆنی ئۆکسیتۆسین زیاد دەبێ کە بە هۆرمۆنی دڵخۆشی ناسراوە، ئەو هۆرمۆنە هۆکارە بۆ دەردانی ئیندرۆفین کە ئەمەیان ئازارلابەرێکی سروشتیی جەستەیە، بۆیە بەم ڕێگەیە سێکسکردن ئازاری سەرئێشە ناهێڵێت.



## 5 بنێشت مەجوو

جوینی بنێشت هۆکارێکی دیارە بۆ سەرئێشە، ئەمەش بەهۆی جووڵەی زیادی شەویلاگ کە پەستان دەخاتە سەر ئەو جومگەیەی شەویلاگ بە کەللەی سەرەوە دەبەستێتەوە.

## بۆ ڕازیکردنی ئەوروپییەکانە

# ئەمریکا 400 سەربازی خۆی لە سووریا دەهێ


ئامانجێکی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، ئێرانە

ڕووداو- هەولێر

کۆتایی هەفتەی ڕابردوو، کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە 400 ستافی سەربازیی ئەمریکی "بۆ ماوەیەک" لە سووریا دەمێننەوە. کورد ستایشی بڕیارەکەیان کرد، بەڵام ئەوروپییەکان بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە دەکەن، لە کاتێکدا سوپای ئەمریکاش خۆی بۆ فەرمانی نوێ ئامادە دەکات.

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو سارا هاکەبی، گوتەبێژی کۆشکی سپی ڕایگەیاند "گروپێکی ئاشتیپارێزی بچووک لە 200 سەرباز بۆ ماوەیەک لە سووریا دەمێننەوە"، بێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە ماوەی مانەوەیان بدات، یان ئاخۆ ئەو هێزە ئاشتیپارێزانە لە ژێر چەتری هێزە ئاشتیپارێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەبن یان نا.

ڕاگەیەندراوەکەی کۆشکی سپی دوو مانگ دوای ئەوە هات کە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لەناکاو بڕیاری کشانەوەی 2000 سەربازی ئەمریکی لە سووریا دەرکرد. ترەمپ ڕۆژی هەینی ڕابردوو ڕایگەیاند "ڕێچکەمان نەگۆڕیوە، ئێمە دەتوانین هێزێکی بچووک لەپاڵ ئەوانی دی لەناو هێزەکەدا (واتە هێزی هاوپەیمانان بۆ شەڕی داعش لە سووریا) بهێڵینەوە، جا ناتۆ بێ یان هەر لایەنێکی دیکە".

ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی لەسەر زاری بەرپرسانی باڵای حکومەتی ئەمریکا ئاشکرای کردووە کە ژمارەی ئەو هێزانەی لە سووریا دەهێڵرێنەوە 400 سەربازە، 200 یان لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی (هەسەدە) دەبن و 200ی دیکەشیان لە ناوچەی تەنف لەسەر سنووری نێوان عێراق- سووریا- ئوردن.

بڕیارەکەی ترەمپ دوای ئەوە هات کە ڕۆژی پێنجشەممە لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا، بە تەلەفۆن قسەی کرد، واتە هەمان ئەو کەسەی دوو مانگ لەمەوبەر قەناعەتی بە ترەمپ هێنا بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی بدات. ترەمپ لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەڤانییەکەی ڕۆژی هەینیدا ڕایگەیاند "خەڵکانێکی زۆر ئەو بیرۆکەیە (واتە هێشتنەوەی هێز)یان بەدڵە" ئەو خەڵکە بەرپرسانی پێنتاگۆن تا هاوپەیمانە ئەوروپییەکان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هێزەکانی هەسەدە لە ڕۆژئاڤا دەگرێتەوە.

لە سەرەتای ئەمساڵەوە بەرپرسانی سەربازی و دیپلۆماتە ئەمریکییەکان لە هەوڵدان هاوپەیمانە ئەوروپییەکانیان قایل بکەن کە هێزێک بۆ چاودێری ناوچەی ئارام لە قووڵایی 20 کلیۆمەتری خاکی سووریا جێگیر بکەن، بۆ ئەوەی هێزەکانی هەسەدە و سوپای تورکیا لە یەکدی داببڕێنێ. بەرپرسێکی حکومەتی فەرەنسا لەبارەی هەوڵەکانی ئەمریکاوە بە (فرانس پرێس)ی ڕاگەیاند "ئەمریکییەکان دەیانەوێ ئاکامەکانی بڕیارێکی بەپەلە کۆنترۆڵ بکەن و بە نیازن ئێمە بەرپرسیارێتی ئەوەیان بۆ هەڵبگرین".

فەرەنسا و بەریتانیا دوو وڵاتن لە پاڵ ئەمریکا هێزی پیادەیان لە سووریا هەیە، هێزەکانی ئەو وڵاتانە مەشق و ڕاهێنانی سەربازییان پێشکەش بە (هەسەدە)ی کردووە، تۆپخانەشیان لە سووریا هەبووە و هێرشە ئاسمانییەکانیان پاڵپشتییەکی باشی هەسەدە بووە. بەرپرسێکی باڵاش بە ڕۆژنامەی (پۆست)ی ئەمریکی ڕاگەیاندبوو کە هاوپەیمانان "بە یەکدەنگی" بە ئەمریکایان ڕاگەیاندووە :"ئەگەر ئێوە دەربچن، ئەوە ئێمەش ئامادە نین (لە سووریا) بمێنینەوە".

کاربەدەستێکی باڵای کۆشکی بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە گەشبینە بەوەی بڕیارەکەی ترەمپ گۆڕانێک لە هەڵوێستی هاوپەیمانە ئەوروپییەکانیاندا دروستبکات. بەڵام بەرپرسانی فەرەنسی و بەریتانی ڕایانگەیاندووە زانیاری زیاتریان لەبارەی پلانە نوێیەکەوە دەوێ، پێش ئەوەی هیچ بڕیارێک لەبارەی سووریاوە بدەن. گوتەبێژێکی حکومەتی بەریتانیاش بە مەرجی ئاشکرا نەکردنی ناوی بە (پۆست)ی ڕاگەیاندووە "چاوەڕێ دەکەین لەگەڵ ئەمریکا باسی پلانەکەیان بکەین".

هەرچەند بڕیارە لەناکاوەکەی ئەمجارەش دوای گفتوگۆی ترەمپ و ئەردۆغان بوو، بەڵام دیار نییە ئاخۆ هیچ ڕێککەوتنێک لەمبارەوە لەگەڵ ئەنقەرە کراوە یان نا. ڕۆژی پێنجشەممە شاندێکی سەربازی و دیپلۆماسی تورکیا بە سەرکردایەتی خولوسی ئاکار، وەزیری بەرگریی تورکیا، لە واشنتن بوون.

پاتریک شاناهان، وەزیری بەرگریی ئەمریکا بە وەکالەت، لە کاتی سەردانی شاندە تورکییەکە ڕایگەیاند ئەمریکا کار بۆ "سەقامگیرکردنی ناوچەکان دەکات و دەیەوێ توانای ئەمنی هێزە لۆکاڵییەکان بەرزبکاتەوە، ئەمەش وەکو هاوپەیمانێکی ستراتیژیک دەکەین" بۆ ئەوەی ڕێگە لە سەرهەڵدانەوەی داعش بگرن.

ڕۆژی شەممە، ئاژانسی ئانادۆڵی نزیک لە حکومەتی تورکیا بڵاویکردەوە کە وەزیری بەرگریی تورکیا لە کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی پێنتاگۆن ڕایگەیاندووە ئەمریکا نابێ لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا بۆشایی هێز دروستبکات.

## هێشتا پەشیمان نییە !!

# دەنگە ئینگلیزییەکەی سەر ڤیدیۆکانی داع


دەنگی محەممەد کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ڕاکێشانی چەکداری ئەوروپی و ئەمریکی بۆ نێو داعش

ڕووداو- هەولێر

لە تشرینی یەکەمی 2014، نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی ئەمریکا (FBI) ڕاگەیێنراوێکی بڵاوکردەوە و داوای یارمەتی لە خەڵک کرد بۆ ناسینەوەی دەنگە ئینگلیزییەکەی ڤیدیۆکانی داعش کە تێیدا سەربازانی سووری ناچار دەکرێن گۆڕی خۆیان هەڵکەنن و دواتریش گوللە بەسەریانەوە دەنرێ. محەممەد خەلیفە، هاووڵاتیی 35 ساڵی کەنەدی، دەنگە بێ ڕوخسارەکەی داعش بووە کە ئێستا لە دەست هێزەکانی سووریای دیموکراتدایە.

محەممەد کە قسەی بۆ ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی کردووە، خۆی وەک ئەندامێکی سادەی دیوانی کاروباری میدیایی داعش ناساندووە و دەڵێت: "پەشیمان نیم، ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردم هەمان پرسیاریان لێکردم و منیش هەمان وەڵامم دانەوە".

دیوانی میدیای داعش بەرپرسیاری سەرەکیی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکانی سەربڕین، سووتاندن و کومەڵکوژی بوو.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، محەممەد بە ڕەچەڵەک سعودیە، بە منداڵی کۆچی کردووە بۆ تۆرنتۆ، لەوێش هەم ئینگلزییەکی ڕەوان فێر بووە و هەم تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەری خوێندووە. بەر لەوەی ڕوو لە سووریاش بکات لە کۆمپانیایەکی سەر بە (IBM)ی ئەمریکی کاری دەکرد.

(نیویۆرک تایمز) دەنگی محەممەدی لەسەر ڤیدیۆیەکی داعش و دەنگی دانپێدانانەکانی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن پیشانی سێ شارەزای ناسینەوەی دەنگ داوە، هەرسێ شارەزاکە لەسەر ئەوە کۆکن کە هەردوو دەنگەکان هی یەک کەسن. بەرپرسانی دەزگا ئەمنییەکانی ئەمریکاش پشتڕاستیان کردووەتەوە کەدەنگەکان هی محەممەدن.

ڤیدیۆی "بڵێسەکانی جەنگ" لە 19ی ئەیلولی 2014 ، واتە سێ مانگ دوای ڕاگەیاندنی خەلافەت بڵاوکرایەوە کە بە وەرچەرخانێک لە کاری میدیایی ڕێکخراوێکی سەلەفیی جیهادی لەقەڵەم درا. ڤیدیۆکە وێنەیەکی سێ ڕەهەندی لە چالاکییەکانی داعش پیشانی بینەران دەدا، دەنگی محەممەدیش لەسەر ڤیدیۆکە هۆکاری ڕاکێشانی چەکدارانی بیانیی لە ئوسترالیا، ئەمریکا و بەریتانیا بوو.

محەممەد یەکێک لەو سەدان چەکدارە بیانییەی داعشە کە لە گرتووخانەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕاگیراون، خێزان و منداڵەکانیشیان لە کۆمەڵێک کەمپ دەستبەسەرن. لە دوو هەفتەی ڕابردوودا پرسی چارەنووسی چەکدار و ئافرەتە بیانییەکانی داعش باسی گەرمی میدیاکانی ڕۆژئاوا بووە. دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، داوای لە وڵاتانی هاوپەیمان کردووە داعشەکانی خۆیان وەربگرنەوە، بەڵام هەفتەی ڕابردوو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند ئامادە نییە هودا موسەننا، ئافرەتی ئەندامی داعش، وەربگرێتەوە و مافی هاووڵاتیبوونیشی لێ سەندووەتەوە.

لێکۆڵەرێک لە پەیمانگەی دیالۆگی ستراتیژیی کەنەدا یەک لەوانە بووە کە دەمێکە بەدوای ئەوەوەیە خاوەنی دەنگە ئینگلیزییەکەی ناو داعش بناسێت. ئەو لە ساڵی 2015 و دوای هێرشەکانی پاریس دەنگەکەی لەسەر ڤیدیۆیەک بەرگوێ کەوتبووەوە. لەو بارەوە بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێ: "لە دڵی خۆمدا گوتم شێوەی قسەکردنی ئەم کوڕە زۆر لەو خەڵکانە دەچێ کە خۆم لەگەڵیاندا گەورە بووم". نزیک سێ ساڵ دواتر لە گەشتێکی لێکۆڵینەوەدا بۆ سووریا چاوی بە گیراوێکی داعش بەناوی محەممەد عەلی کەوتبوو کە نۆ مانگ لەمەوبەر دەستگیرکراوە.

محەممەد عەلی هاوڕێیەتی محەممەد خەلیفەی کردووە، یەکەمجاریش بە هاووڵاتییەکی کەنەدی بە ڕەچەڵەک ئەفریقی و بەناوی شاراوەی ئەبو ڕەزوان باسی کردبوو. محەممەد عەلی دەڵێ تەنانەت لە خەلافەتیشدا زۆر کەس نەیاندەزانی محەممەد خەلیفە بێژەری ڤیدیۆکانی داعشە "ئەوە شتێک نەبوو لای خەڵک باسی بکات، بەڵام هەر دەمی کردباوە یەکسەر دەتزانی ئەوە خۆیەتی".

لە دانپێدادانە دوو خولەکییەکەیدا، بێژەرەکەی داعش خۆی بە محەممەد عەبدوڵڵا محەممەد دەناسێنێ، بەڵام هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە ناکات کە بێژەری داعش بووبێ.

ڕۆژنامە ئەمریکییەکە بۆ ماوەی یەک کاژێر قسەی لەگەڵ محەممەد خەلیفەدا کردووە، بەڵام ئەو ڕەتیدەکاتەوە خۆی یان دەنگەکەی ڕۆڵێکی گەورەیان لە داعشدا گێڕابێ، جەختیش دەکاتەوە کە لە هیچکام لە ڤیدیۆکانی سەربڕین و کوشتندا دەرنەکەوتووە، پشتڕاستکردنەوەی ئەو بانگەشەیە ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی زۆربەی سەربڕ و بکوژەکانی داعش دەمامکیان پۆشیوە.

لە ساڵی 2013، بێژەرەکەی داعش گوێی لە وانەکانی ئەنوەر عەولەقی، گوتاربێژ و ئیدیۆلۆگی بەناوبانگی قاعیدە دەگرت، هەر ئەو گوتارانەش قەناعەتیان پێهێنا کە دەبێ "جیهاد" بکرێ. بەڵام ئەوەی کە دواجار وای لێکرد بڕیاری چوون بۆ سووریا بدات، ڤیدیۆی کۆمەڵێک چەکداری بیانیی بەریتانی لەسەر یوتیوب بوو. ئەوکات لای خۆی بیری لەوە کردەوە کە ئەویش دەتوانێ لەناو گروپە جیهادییەکاندا جێگەی ببێتەوە.

وەک خۆی بە (نیویۆرک تایمز)ی گوتووە، لە ساڵی 2013 ڕووی لە سووریا کردووە، یەکەمجاریش پەیوەندی بە لیوای موهاجرین و ئەنسارەوە کردووە کە عومەر چیچانی سەرکردایەتی دەکرد. چیچانی، بە ڕەچەڵەک خەڵکی جۆرجیا بوو، کرا بە سەرۆکی دیوانی جەنگی داعش. بێژەرەکەی داعش یەکەمجار وەک وەرگێڕی عەرەبی بۆ ئینگلیزی کاری کردبوو، بەڵام دواتر داوای لێکرابوو ببێ بە بێژەری ڤیدیۆکان، لەوانەش "بڵێسەکانی جەنگ".

محەممەد دەڵێت کەسێکی عێراقی بە ناوی محەممەد فورقان، بڕواپێکراوی خەلیفەی داعش،

## چارەنووسی پاش برێگزت

# سکۆتلەند ڕێگەیەکی دووری بۆ سەربەخۆی

ڕووداو ـ هەولێر

کۆتایی مانگی داهاتوو بەریتانیا دەشێ بۆ هەمیشە لە یەکێتیی ئەوروپا جیاببێتەوە، چارەنووسێک کە ٪62ی سکۆتلەندییەکان لە گشتپرسییەکەی 2016دا دەنگیان لەدژی دابوو. سکۆتەکان نیگەرانی پێگەی وڵاتەکەیان لەسەر ئاستی جیهان و بەتایبەتیش ئەوروپان، بە تایبەتیش نازانن دوای دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا چۆن هاوسەنگی لە نێوان تموحە جیهانییەکانی خۆیان و ئەو واقیعە نوێیەدا دروستبکەن، بەو حاڵەشەوە پێناچێ بەو زووانە دەست بۆ بژارەی سەربەخۆیی ببەن.

بەگوێرەی مەزندەکانی حکومەتی ئێدینبرە، دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا "شۆکێکی ئابووریی گەورە" تووشی سکۆتلەند دەکات: هەر هاووڵاتییەکی سکۆت ساڵانە 3000 دۆلار لە داهاتی کەم دەبێتەوە، 80 هەزار هەلیکار بەیەکجاری نامێنێ و بۆ چەندین دەیە زیان بە گەشە و دەرفەتە بازرگانییەکانی سکۆتلەند دەگەیەنێ. پەرلەمانتارەکانی پارتی نیشتمانیی سکۆتلەند (SNP)کە پارتی دەسەڵاتدارە، گازندەی ئەوە دەکەن کە "گوێ بۆ سکۆتلەند نەگیراوە" و "بە پێچەوانەی خواستی خۆیان" لە ئەوروپا دادەبڕێنرێن.

پەرلەمانی بەریتانیا و پەرلەمانی سکۆتلەند لە زۆر پرسی پەیوەندیدار بە برێگزتدا ناکۆکن، یەکێک لەوانەش پرسی کۆچبەرانە. لایەنگرە بەریتانییەکانی برێگزت کێشەی کۆچبەرانیان وەکو چەکێک بۆ جووڵاندنی هەست و سۆزی خەڵک لەدژی ئەوروپا بەکارهێنا، لە کاتێکدا حکومەتی سکۆتلەند کۆچبەران وەک چارەسەرێک بۆ بە ساڵاچوونی دانیشتووانی دەزانێ و دەیەوێ پەیوەندییەکی نزیکتری لەگەڵ ئەوروپییەکاندا هەبێ.

هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنی پلانی گشتپرسییەکەی 2016ەوە هۆشداری ئەوە دەدرا کە لە ئاکامی کۆی پرۆسەکە تەنیا دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا نییە، بەڵکو هەڵوەشانەوەی شانشینی بەریتانیاشی بەدواوە دەبێ، بە تایبەتیش سکۆتلەند و ئیرلەندی باکوور دەکرێ کۆتایی بە ئەندامێتی خۆیان لە بەریتانیادا بهێنن.

پارتی نیشتمانیی سکۆتلەند ئەزموونێکی باشی لەگەڵ گشتپرسیدا نییە. حکومەتی ئێدینبرە بە سەرۆکایەتی ئەو پارتە لە ساڵی 2014 گشتپرسییەکی بۆ جیابوونەوەی سکۆتلەند لە بەریتانیا سازدا. دڵەڕاوکێ ئابووری و بازرگانییەکان ٪55ی دانیشتووانی ئەو وڵاتەی ناچارکرد دەنگ بە مانەوە لەگەڵ بەریتانییەکان بدەن. ئەوکات نەک هەر دەنگوباسی برێگزیت نەبوو، بەڵکو جیابوونەوەی سکۆتلەند لە بەریتانیا لە یەککاتدا ئەو وڵاتەی لە بەریتانیا و سکۆتلەندیش دادەبڕاند.

ئێستا واقیعێکی نوێ هاتووەتەئاراوە کە پرسیار و کێشەی نوێ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، لەوانەش ئەگەر بەریتانیا بێ ڕێککەوتن لە یەکێتیی ئەوروپا دەربچێ، پەیوەندییە بازرگانییەکان بۆ چ ماوەیەک کێشەیان بۆ دروستدەبێ؟ ئەگەر سکۆتلەند بڕیاری جیابوونەوە لە بەریتانیا بدات، دوای چ ماوەیەک لە یەکێتیی ئەوروپا وەردەگیرێ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەریتانیا چییان بەسەر دێ؟ لە کاتێکدا هەتا ئێستاش بەریتانیا گەورەترین هاوردەکاری کاڵای سکۆتلەندە، نەک 27 وڵاتەکەی دیکەی یەکێتیی ئەوروپا.

ئێدینبرە لە یەک ساڵی ڕابردوودا ئۆفیسی وەبەرهێنانی لە پاریس و بەرلین کردووەتەوە. نیکۆلا ستۆرجیەن، وەزیری یەکەم (سەرۆکوەزیران)ی سکۆتلەند بە گۆڤاری (فۆرین پۆلسی) ڕاگەیاندووە "کۆمەڵێک هەنگاومان ناوە بۆ ئەوەی دڵنیا بین برێگزیت تووشی گۆشەگیریمان ناکات، فراوانکردنەوەی وجوودمان لە ئەوروپا، ئەمریکا و کەنەداش هەر بۆ ئەو ئامانجەیە".

بەڵام ناوەندی سکۆتسێن (Scotcen)ی سکۆتلەندی لە دوایین ڕاپرسیدا بۆی دەرکەوتووە پشتگیری لە سەربەخۆیی سکۆتلەند زیادی نەکردووە، بەڵام سکۆتلەندییەکان خوازیاری ئەوەن حکومەت و پەرلەمانی سکۆتلەند دەسەڵاتێکی زیاتریان لە لایەن حکومەتی بەریتانیاوە پێبدرێ، بەتایبەتیش لە بواری پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپادا. بەگوێرەی ڕاپۆرتی سکۆتسێن، ئەگەر گشتپرسیی دووەمی سەربەخۆیی بکرێ، دیسان ٪55ی سکۆتلەندییەکان دەنگ بۆ مانەوە دەدەن.

پەرلەمانی سکۆتلەند لە ساڵی 1707 و لە چوارچێوەی پەیماننامەی یەکگرتنی شانشینی سکۆتلەند و شانشینی ئینگلتەرا هەڵپەسێردرا. بەڵام ساڵی 1997 گشتپرسییەک لەبارەی دامەزراندنی پەرلەمانێکی "نامەرکەزی" یان "دەسەڵاتپێدراو" سازدرا کە زیاتر لە ٪74ی دەنگدەران پشتگیرییان لە دامەزراندنی پەرلەمانێکی خۆماڵی بۆ سکۆتلەند کرد کە بتوانێ لە هەندێک پرسی نێوخۆییدا نوێنەری دەنگی سکۆتەکان بێ. تاوەکو ئێستاش پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە، کۆچبەر و بەرگری لە لایەن پەرلەمانی بەریتانیاوە دەنگی لەسەر دەدرێ نەک پەرلەمانی سکۆتلەند.

سیاسییەکان و شارەزایان پێیانوایە شێوازی جیابوونەوەی بەریتانیا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بۆچوونی سکۆتەکان لەبارەی داهاتووی خۆیان و بەریتانییەکان دەبێ. تاوەکو ئێستاش جیابوونەوە بێ ڕێککەوتن ئەگەرێکی کراوەیە، حکومەتی سکۆتلەندیش جەخت لەوە دەکاتەوە برێگزتی بێ ڕێککەوتن قەبارەی ئابووریی سکۆتلەندا بە ڕێژەی ٪7 بچووک دەکاتەوە. ئابووریی سکۆتلەند ٪10ی ئابووریی گشتیی بەریتانیا

## سعودیە زمانی چینی دەخاتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە

# وڵاتانی کەنداو ڕوو بەرەو چین وەردەگێڕن



وڵاتانی کەنداو ساڵی 2014 بە بڕی 175 ملیار دۆلار مامەڵەی بازرگانییان لەگەڵ چین هەبووە

**رووداو- هەولێر**

لە سەردانی شازادەی جێنشینی سعودیەدا بۆ کۆماری چین نەک هەر ڕێککەوتنی چەندین ملیار دۆلاری واژۆ کرا، بەڵکو حکومەتی سعودی سیاسەتی دژەتیرۆری چینی بە مافی ئەو وڵاتە زانی و دواجاریش بڕیار درا زمانی چینی بخرێتە پرۆگرامەکانی خوێندنی شانشینەوە. نزیکبوونەوەی ریاز و بەیجینگ لەلایەکەوە پەیوەندی بە ساردیی پەیوەندییەکانی شانشین لەگەڵ رۆژئاواییەکان هەیە و لەلایەکی دیکەشەوە درێژەی ئەو گەشەیەیە کە لە 10 ساڵی رابردوودا لە پەیوەندییەکانی چین و کەنداو هاتووەتە ئاراوە.

محەممەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی سعودیە، شەش رۆژی هەفتەی رابردووی لە سێ وڵاتی ئاسیا بەسەر برد. حکومەتی ریاز سەردانەکەی ئاسیا بە هەوڵێک بۆ "فرەڕەنگکردنی هاوپەیمانێتییە جیۆپۆلیتیکییەکان لە ئاسیا" لەقەڵەم دەدات. لەدوای کوژرانی جەمال خاشوقچی رۆژنامەنووس، ئەوە یەکەمجارە بن سەلمان گەشتێکی دیپلۆماتیک و بازرگانی هێندە گەورە و فرەلایەن بکات.

لە تشرینی یەکەمی رابردووەوە پەیوەندییەکانی سعودیە و وڵاتانی رۆژئاوا ئاڵۆزی تێکەوتووە، دوای ئەوەی خاشوقچی لە کۆنسوڵخانەی سعودیە لە ئیستانبوڵ کوژرا و پەنجەی تۆمەت بۆ لای حکومەتی سعودیە درێژ کرا. ریاز تۆمەتەکان رەتدەکاتەوە، بەڵام کۆی رووداوەکانی شەش مانگی رابردوو پەیوەندییەکانی سعودیە و رۆژئاوای لاواز کرد. هەرچەند بن سەلمان لە کۆبوونەوە داخراوەکاندا بێزاری خۆی لە هەڵوێستی رۆژئاواییەکان پیشانداوە، بەڵام خاشوقچی تاکە هۆکاری نزیکبوونەوەی ریاز و وڵاتانی ئاسیا نییە و سعودیەش تاکە وڵاتی ناوچەکە نییە کە هەوڵی نزیکبوونەوە لە چین دەدات.

### بادانەوەی کەنداو بۆ لای چین

پەیمانگەی ئینتەرپرایزی ئەمریکی (AEI) لە راپۆرتێکدا باسی ئەوە دەکات کە بادانەوەی وڵاتانی کەنداو بۆ لای ئاسیا و بەتایبەتی چین بڕیارێکی سیاسییە و لۆژیکێکی ئابووری لە پشتە و گۆڕانی هاوسەنگییە ئابوورییەکانیش دەوری تێیدا هەیە، رەنگدانەوەی ئەو راستییەشە کە گەشەی ئابووری وڵاتانی کەنداو لە داهاتووشدا هەر لەسەر نەوت، غاز و بەرهەمە نەوتییەکان دەبێ، وەک چۆن کەنداو خاڵێکی پێکەوە بەستنەوەی ئاسیا و ئەفریقا و لەوێشەوە ئەورووپای "یەک کەمەربەند، یەک رێگا"ی حکومەتی چینە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی سندوقی نێودەوڵەتیی نەختینە (IMF) قەبارەی بازرگانی نێوان چین و وڵاتانی کەنداو لە ساڵی 2002 دا تەنیا 9.8 ملیار دۆلار بووە، کەچی لە ساڵی 2014 هەمان ناوچە بە بڕی 175 ملیار دۆلار مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ بەیجینگدا هەبووە.

وڵاتانی کەنداو گەورەترین هەناردەکاری نەوتن بۆ چین و دووەم دابینکاری غازی سروشتی ئەو وڵاتەن. حکومەتی چین دایناوە لە دوو ساڵی داهاتوودا ببێت بە گەورەترین بازاڕی هەناردەی کەنداو. چاوەڕێ دەکرێ لە دوو ساڵی داهاتوودا قەبارەی هاوردەی کەنداو لە چین دوو هێندە ببێت و بگاتە 135 ملیار دۆلار.

لە ساڵی 2014ەوە نرخەکانی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیون، ئەمەش حکومەتەکانی کەنداوی ناچارکرد بیر لە فرەجۆرکردنی ئابوورییەکەیان بکەنەوە کە پێویستی بە وەبەرهێنان و بەشداریی بیانییە. روئیای 2030 سعوودیە کە بن سەلمان خۆی سەرپەرشتی دەکات نموونەیەکی ئەو هەوڵانەیە. بەگوێرەی راپۆرتەکەی (AEI)، چین بەنیازە دوو تریلیۆن دۆلار لە ژێرخان، گواستنەوە و لۆجیستیکی وڵاتانی کەنداو وەبەرهێنان بکات.

بن سەلمان لە کاتی سەردانەکەی هەفتەی رابردووی بۆ چین گوتی: "دەستپێشخەری رێگای ئاوریشم (ناوی دووەمی پڕۆژەی یەک کەمەربەند، یەک رێگا) و ئاراستە ستراتیژییەکانی چین لەگەڵ روئیای 2030 شانشیندا دەگونجێن". روئیای 2030 پڕۆژەیەکە بۆ دوورخستنەوەی ئابووریی سعودیە لە نەوت و بەهێزکردنی کەرتی تایبەت کە لە درێژخایەندا بتوانێ باری حکومەت لە دروستکردنی هەلیکار و دابینکردنی بژێوی هاووڵاتیان سووک بکات.

پەیمانگە ئەمریکییەکە پێیوایە پلانەکانی بەهێزکردنی کەرتی تایبەت دەرگای باش لە کۆمپانیا چینییەکان دەکاتەوە، ئەوەش جگە لەوەی دەرفەتی گەورەی هاوکاری لەنێوان کەرتی نەوتی سعودیە و چیندا هەیە. لە گەشتەکەی ئەمجارەی شازادەی جێنشیندا، کۆمپانیای ئارامکۆی سعودی و نۆرینکۆی رێککەوتنێکیان بۆ دروستکردنی پاڵاوگە و کارگەی پێترۆکیمیا لە شاری پانژین لە باکووری رۆژهەڵاتی چین واژۆ کرد. پاڵاوگەکە رۆژانە 300 هەزار بەرمیل نەوت دەپاڵێوێ.

### گۆڕانی باڵانسی ئابووریی جیهان

گروپی ستاندارد چارتەرد پێشبینی دەکات پشکی چین لە ئابووری جیهان لە نێوان ساڵانی 2018 بۆ 2030 لە ٪61ەوە بۆ ٪22 بەرز ببێتەوە. لە کاتێکدا پشکی ئەمریکا لە ئابووریی جیهان لە ٪24ەوە بۆ کەمتر لە ٪21 و پشکی یەکێتیی ئەورووپا بۆ کەمتر لە ٪15 دابەزێ. بەو پێیەش چین دەبێ بە گەورەترین ئابووریی جیهان. هەر ئەمەش بیانوویەکی باشی بە کەنداوییەکان داوە بە ئەولەوییەتەکانیان لە گەڕان بە دوای هاوبەشی بازرگانیدا بچنەوە.

راپۆرتەکەی (AEI)، پێشبینی دەکات کە هاوکارییەکانی نێوان چین و کەنداو گۆڕانی گەورەش لە نۆرم و دامەزراوە ئابوورییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دروستبکات، بەجۆرێک دوور نییە لە ساڵانی داهاتوودا مۆدێلی چینی - کەنداوی بۆ حوکمڕانی و ئیدارەی ئابووریی ناوچەکە بێتەئاراوە کە تێیدا حکومەت ئیدارەی گەشەی ئابووریی وڵات دەکات کە لە ساڵانی دواتردا کاریگەری گەورە لەسەر حکومەتەکان و بازاڕەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنێ، لە کاتێکدا "چین و وڵاتانی کەنداو خاوەن مۆدێل و روانگەیەکی هاوبەشن بۆ پەرەسەندنی ئابووری کە تێیدا حکومەت رۆڵی سەرەکی و ناوەندی دەگێڕێ و لە قازانجی کۆمپانیا و دامەزراوە داراییەکانی حکومەت".

ئەم گەشە بەرفراوانە لە بواری ئابووریدا پەیوەندی کولتووری و زمانیش بەدوای خۆیدا دەهێنێ. خالد بن فالح، وەزیری وزەی سعودیە لەبارەی ئەو پەیوەندییانەوە رایگەیاند: "کولتووری ئێمە زۆرباش لەگەڵ کولتووری چینیدا دەسازێ. سەدان قوتابی خۆمان ناردووەتە چین، کاتێ دەگەڕێنەوە و بە چینی قسە دەکەن، هەزاران کەس لە سعودیە لە گەورەیی و سەرنجڕاکێشی چین تێدەگەن. پێویستە ئەمە زیاتریش بێ". رۆژێک دواتر حکومەتی سعودیە رایگەیاند زمانی چینی دەخرێتە پرۆگرامی خوێندنی سعودیەوە.

---

# ...ـڵێتەوە

بە درێژایی دوو مانگی رابردوو ئەمریکییەکان هەوڵیان دابوو حکومەتی تورکیا رازیبکەن دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هێرش نەکەنە سەر هێزەکانی هەسەدە کە لە ساڵی 2015ەوە بە دەستپێشخەری و سەرکردایەتی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) پێکهاتوون. تورکیا هەسەدە و یەپەگە بە باڵی سووریای پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دەزانێ. ئاکار لەکاتی سەردانەکەی هەفتەی رابردوودا جەختی لەسەر هەمان تێڕانین کردبووەوە.

پێشتر کاربەدەستێکی ئەمریکی بە (پۆست)ی راگەیاندبوو "ئەمریکا لە پرسی رازیکردنی تورکیادا چەقی بەستووە. زۆر لایەن لە ئیدارەی ئەمریکیدا هەن کە هەمان بۆچوونیان سەبارەت بە شتەکان نییە. بەڵام ناکرێ ئەو دوو دوژمنە (تورکیا و هەسەدە) بێ هیچ هێزێکی نێوەندکار لەوێ جێبهێڵین".

بڕیارەکەی کۆشکی سپی لە کاتێکدایە کە شەڕی داعش لە رۆژهەڵاتی سووریا لە دوایین قۆناغی خۆی نزیکبووەتەوە. شەڕڤانانی هەسەدە لە ناوچەی باغۆز لەسەر سنووری سووریا و عێراق گەمارۆی چەکدارانی داعشیان داوە. عەبدولکەریم عومەر، هاوسەرۆکی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەسەدە، بە (رۆیتەرز)ی راگەیاندووە "بڕیارەکەی کۆشکی سپی بەرز دەنرخێنین. رەنگە ئەم بڕیارە هانی دەوڵەتە ئەورووپییەکانیش بدات هێزەکانیان لە ناوچەکەدا بهێڵنەوە"

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (جورناڵ) رۆژی پێنجشەممە جۆن بۆڵتن، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی، پلانەکەی خستبووە بەردەستی ترەمپ، ئەویش رازی ببوو بەوەی "دوو یان سێ سەد" سەربازێک لە سووریا بمێننەوە، دوای ئەوەش یەکسەر پێنتاگۆن ئاگادار کرابووەوە. بەرپرسێکی کۆشکی سپی دەڵێت ئەرکی ئەو هێزانە وەکو ئاشتیپارێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان نابێ، بەڵکو تەنیا چاودێریی سنوورەکانی تورکیا و سووریا دەکەن، تاوەکو رێگە لە پێکدادانی هێزە کوردییەکان و سوپای تورکیا بگرن، ئەرکی ئەو هێزانە "پاراستنی ئەمری واقیعە".

هێشتنەوەی هێزەکانی ئەمریکا تەنیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی پاشماوەکانی داعش و رێگری لە پێکدادانی هەسەدە و تورکیا نییە، بەڵکو ئەنجێدایەکی بەرفراوانی ناوچەییش جێبەجێ دەکات کە بەشێکی بەرەنگاربوونەوەی ئێرانە، بۆیەش 200 لەو هێزانە لە بنکەی تەنف لە باشووری رۆژهەڵاتی سووریا جێگیر دەبن.

عەبدولکەریم عومەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هێشتنەوەی ئەو هێزانە کاریگەری لەسەر داهاتووی سووریا و پرۆسەی چارەسەری قەیرانی سووریاش دەبێ، چونکە "ئەم هێزانە دەبنە پاڵنەرێک و ئامرازێکی گوشار لەسەر دیمەشق، بۆ ئەوەی هەوڵبدات بە دیالۆگ قەیرانی سووریا چارەسەر بکات". ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی دەیانەوێ قەیرانی سووریا لەچوارچێوەی رێوشوێنەکانی جنێڤ بە چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان چارەسەر ببن، کە پێکهێنانی حکومەتی کاتی و هەڵبژاردنی سەرتاسەری لەخۆدەگرێ


---

# ...ش ئاشکرا بوو

داوای کردبوو چەند بکوژ و سەربڕێک لە هەر ڤیدیۆیەکدا بەشدار بن، کامێراکانی داعشیش بە هەموو خەلافەتدا دەگەڕان بۆ ئەوەی باشترین سەربڕ و پیاوکوژەکان بدۆزنەوە، بە تایبەتیش سوور بوون لەسەر ئەوەی پیاوکوژ و سەربڕەکان خەڵکی وڵاتی جیاواز بن، بۆ ئەوەی جەخت لەسەر فرەنەتەوەبوونی بکوژەکانی داعش بکرێتەوە.

بەپێی راپۆرتەکە مادەی خامی هەرکام لە سەربڕین و کوشتنەکان لەسەر میمۆرییەک رەوانەی ئۆفیسی میدیایی داعش دەکرا،کە لە ڤیلایەک لەسەر رووباری فوڕات و 19 کیلۆمەتر لە رەققەوە دوور بوو. لەوێ تیمێکی ئیدیت کاریان لەسەر ماتریاڵەکان دەکرد، لەوانەش دانانی دەنگی سروشتی، مۆزیک و دەنگی بێژەر.

وەک خۆی دەڵێ لە کاتی دەستگیرکردنی وازی لە کارکردن بۆ دیوانی میدیایی داعش هێنابوو. بۆیەش کلاشینکۆفێکی دەست دابوویە تاوەکو بەرگری لە دوایین ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش بکات. محەممەد چەکدارانی داعشی بە "کۆڵنەدەر" وەسف دەکرد، بەڵام خۆی لە دوایین شەڕی بۆ داعش کۆڵی دا. بێژەرە رەقەڵەکەی داعش دەڵێ "شەکەت ببووم، گوللەم نەمابوو، ئەوان (هەسەدە) بەردەوام داوایان دەکرد خۆم بەدەستەوە بدەم، ئیدی چەکەکەم فڕێدا".




سەرۆکی دیوانی میدیا بوو، هەر خۆیشی بە تێکستەکان و ڤیدیۆکاندا دەچووەوە. فورقان

---

# ...ی لە پێشە



دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا "شۆکێکی ئابووریی گەورە" تووشی سکۆتلەند دەکات

پێکدەهێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سکۆتلەند گەورەترین هەناردەکاری خۆراک و خواردنەوەیە لە بەریتانیا، بە تایبەتیش ویسکی و ماسی سەلەمون.

مایکڵ کیتینگ، مامۆستای زانکۆ و بەڕێوەبەری ناوەندی گۆڕانە دەستوورییەکان لە زانکۆی ئیدینبرە لە دیمانەیەکی (فۆرین پۆلسی)دا دەڵێت "هەتا نەزانین بەریتانیا لە برێگزتدا بە کوێ دەگات، ئەستەمە بزانین سکۆتلەند چ بڕیارێک دەدات". ئەوە جگە لەوەی لەندەن و ئیدینبرە لە دوو پێگەی جیاوازەوە مامەڵە لەگەڵ برێگزتدا دەکەن.

کیتینگ لەبارەی بنەماکانی هەڵوێستی سکۆتلەندییەکان بەرامبەر برێگزت بە (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی راگەیاندووە "لە سکۆتلەند فۆبیای ئەورووپا نییە، کۆچبەران کێشە نین، دروشمی برێگزت (واتە گەڕاندنەوەی کۆنترۆڵ) لێرە نایخوات، چونکە ئێمە کۆنترۆڵی کاروباری خۆمان لە کێ وەرگرینەوە؟ لە لەندەن؟ لە بروکسڵ؟ ئەوان سەروەری پەرلەمانیان هەیە، لە کاتێکدا ئێمە تەنیا پەرلەمانێکی دەسەڵاتپێدراومان هەیە و سەروەریمان لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا هاوبەشە، هەر بۆیە لە مەسەلەی دەسەڵاتدا ئێمە بێخەمتر مامەڵە دەکەین".

ستۆرجیەن کۆی پلانی حکومەتی بەریتانیا بۆ جێبەجێکردنی برێگزت بە "فەوزا" وەسف دەکات و جەخت دەکاتەوە کە برێگزیت "بەشێوەیەکی بەرچاو خواستی سەربەخۆیی سکۆتلەند زیاتر دەکات". ستۆرجیەن و پارتەکەی هەرگیز نەیانشاردووەتەوە کە حەز دەکەن گشتپرسییەکی دیکەی سەربەخۆییش رێکبخەن، بەڵام هیچکاتیش ئاماژەیان بۆ ئەوە نەکردووە کەی بەنیازن بیکەن، بە تایبەتیش لەو دۆخەی ئێستارکە دیار نییە سکۆتەکان چ کاردانەوەیەکیان بەرامبەر دۆخی دوای 29ی ئادار دەبێ کە دەشێ دوایین رۆژی ئەندامێتیی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا بێ.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# بەدیلی نەسازان چییە؟

تایبەتمەندیی ئەم واقیعە سیاسییەی کوردستان خەریکە لای زۆرینەی خەڵک دەبێتە قەناعەت کە کوردستان لە هیچ شوێنێکی دنیا ناچێت، هەر بۆیە بۆ چارەی هەر کێشە و گرفتێک پێویستی بە دۆزینەوەی چارەسەری کوردییانە هەیە نەک پەنابردن بۆ مۆدێلە باوەکانی سەردەم.

ئێستا ئەوەی وەک کێشەیەکی نوێ لە نێوان پارتی و یەکێتی سەری هەڵداوە وەک قۆناغێکی تازەی دوای دوو هەڵبژاردن، دۆخێکە لە فەرهەنگی سیاسی هیچ وڵاتێکدا جێگەی نابێتەوە. بەڵام کۆمەڵگەی کوردی دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم کردووە و بووە بە بەشێک لە واقیعەکە و شانبەشانی ململانێکان ڕێدەکات. بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی زیندوودا کێشەی لەم جۆرە لەلایەن کۆمەڵگاوە ڕەت دەکرێتەوە. لێرە بە پێچەوانەوە هەر جۆرە کێشە و ململانێیەکی ڕەوا و ناڕەوا سەرهەڵبدات، کۆمەڵگەی کوردی وەریدەگرێت و بە ئاسانی دەبێتە بەشێک لێی، لەڕاستیشدا ئەمە کێشە گەورەکەیە.

ئەمەش چەند پەیوەندی بەوەوە هەیە کە پارتی و یەکێتی چوونەتە ناو قووڵایی ژیانی کۆمەڵگاوە و هەموو جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکیان وابەستە بەخۆیان کردووە، هێندەش پەیوەندی بە خەسڵەتی کۆمەڵگەکە خۆیەوە هەیە، ئەوە ئەو خەسڵەتەی کۆمەڵگەیە ڕێگەی خۆشکردووە بەو جۆرە وابەستەی ململانێ سیاسییەکان بکرێن. بۆیە دەبینی ئەو ململانێیەی لە نێوان سیاسییەکان هەیە، لە ئاستەکانی خوارەوە و لەناو خەڵک توندترە. کارەکتەرە سیاسییەکان ڕۆژانە ناکۆکن و ململانێ دەکەن، شەوانیش پێکەوە خەریکی بەسەربردنی کاتە خۆشەکانی خۆیانن، بەڵام لە خوارەوە پەراوێزخراوەکان برا لە برا دەبێتە دوژمن لەسەر ناکۆکیی گەورەکان. ئەم پەتایە بووە بە بەشێک لە خەسڵەتی کۆمەڵگەی کوردی. هۆکارەکەش خەمخۆری نییە، بریتی نییە لە خەمێکی گشتی کە لە زیندوویێتییەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەپێچەوانەوە سەرچاوەکەی لەخۆ خاوەن نەبوون و نەزانینە. تا ئەم خەسڵەتەش بمێنێتەوە و بەردەوام بێ، ململانێ سیاسییەکانیش ئاراستەی دروست ناگرن.

تەماشاکە پارتی و یەکێتی کە لەسەر بەشکردنی پۆست و دەسەڵاتەکان لە نێوان خۆیان ناگەنە سازان، ڕاستەوخۆ مەترسییەکە دەگاتە ترازان. نەک هەر لێکترازانی سیاسی، بەڵکوو ترس لە ترازانی کۆمەڵایەتی و جوگرافیش هەیە. ئەمە ئاماژەی چییە کە میللەتێک و نیشتمانێک بەهۆی ناکۆکی دوو حیزبەوە هەمیشە لە بەردەم مەترسی دابەشکردندا بێت. چۆن دەبێت ئەم دوو حیزبە بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کەی خەڵکی سلێمانی و خەڵکی هەولێر دەتوانن دۆست بن و کەی مەیلیان بوو بیانکەن بە دوژمن. ئاخر چۆن دەبێت گەرمیان و کوێستانی ئەم وڵاتە مافی پێکەوە ژیانیان نەبێت کە پارتی و یەکێتی ناکۆک بوون. ئەی بڕیاری میللەت خۆی کوا؟

دەبێت پێش ئەوەی لە خەمی ڕێککەوتن و لێکنزیکی ئەم دوو حیزبەدا بین، بەدوای چارەیەکدا بگەڕێین کە ناکۆکییە سیاسییەکان تەنها ناکۆکی نێوان سیاسییەکان بێت. نەک لە هەر چرکەساتێک و هەر کارەکتەرێک هەوای بنباڵی پاڵینا بۆ خۆنواندن، ئیتر خەمی دابەشبوونی نیشتمانمان بێت. بەڕاستی ئەمە کارەساتە گەورەکەیە لەم نیشتمانە. دەبێ سنوورێک دابنرێت کە ئەگەر هێزە سیاسییەکان نەسازان، ترازان ڕوونەدات. بەدیلی نەسازان بریتی نییە لە ترازان، لە نەریتی سیاسیدا شێوازی تر زۆرن بۆ ململانێ و پێویستە هێزەکانی ئێمە ڕێگە دروستەکەی ململانێی سیاسی بگرن.

ئێستا ئەوەی وەک ناکۆکی و قۆناغێکی توندی ململانێ لەنێوان ئەم دوو هێزەدا هەیە، شتێک نییە بەناوی بەرژەوەندی گشتی، شتێک نییە بەناوی خەمی خەڵک و جوانکردنی پرۆسەی حوکمڕانی. بەڵکوو جۆرێکە لە ناکۆکبوون لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و پۆست و ئیمتیاز. بەڵام ئەوەی باجەکەی دەدات خەڵکە. بۆیە دەبێت بەدوای ڕزگارکردنی خەڵک و خاکدا بگەڕێین، چۆن نیشتمان لەدەستی ئەم حیزبانە دەربهێنین؟ چی بکەین بۆ ئەوەی کاتێ سیاسییەکان لەسەر دابەشکردنی ئیمتیازەکان ناکۆک دەبن، ئەو مافەیان نەبێت ئێمە وەک خەڵک و خاکیش وەک نیشتمان بکەنە ئامرازی ململانێ. ئێستا لە کوردستان خاک و خەڵک بە بارمتەگیراون لەلایەن سیاسییەکانەوە.

هەڕەشەکردن بە دوو ئیدارەیی و دوو هەرێمی، چ مانا و مەغزایەکی هەیە جگە لەوەی هەریەکە و جوگرافیایەک بەپاوانی خۆی بزانێ و خەڵکەکەشی بە کۆیلە. ئەی ئەم خەڵکە کەی لەوە دەگات کە ئەو جۆرە مامەڵەکردنە بەخەڵکەوە، بەخشینی سیمایەکی کۆیلایەتی گشتییە. مەترسییەکە تەنها لە خودی ئەو تێڕوانین و عەقڵیەتەشدا نییە کە پێیوایە کوردستانی بە بارمتە گرتووە، لەوە مەترسیدارتر بێدەنگیی خەڵکە لەو سەوداکردنە. ئایا دەتوانرێت سنوورێک بۆ ئەم شێوازە لە سیاسەتکردن دابنرێت؟ ئایا هیچ هیوایەک هەیە کوردستان ببێتە خاوەن دەستوور و یاسایەک کە پارێزگاری لەیەکپارچەیی خەڵک و خاکەکەی بکات؟

ئەوانەی دەیانەوێ کوردستانێکی جیاوازتر ببینن و خەون بە داهاتوویەکی باشترەوە دەبینن بۆ گەلەکەیان، دەبێت لەم هەنگاوەوە دەستپێبکەن، کوردستان نیشتمانی خەڵکەکەی بێت نەک موڵکی حیزبەکان. چونکە تا جوگرافیا وەک بارمتە لە دەستی سیاسییەکاندا بێت، ناتوانرێت ئومێد بۆ داهاتوو بخوازرێت، بەتایبەت کە ئێستا جوگرافیاکەش خەریکە دەبێتە سەرچاوەی پارەدارکردن، ئەمەش ڕێگە بۆ سەرهەڵدانی گروپ و جێنفووزی خاوەن هێزی چەکدار دەڕەخسێنێ، ئەوەش ئاماژەی ڕوونە بۆ ماڵئاواییکردنی سەروەریی یاسا و دامەزراوەی حوکمڕانی تەندروست.

کوردستان کێشەی زۆرە، بەڵام لە هەمووی مەترسیدارتر ئەوەیە هەر حیزبێک خۆی بە خاوەن سنوورێکی جوگرافی بزانێ. کەی ئەم حیزبە خاوەن نفووز و خۆبەخاوەن زانینی جوگرافیا جیاوازانە بەرژەوەندییەکانیان یەکیگرت کوردستان و خەڵکەکەی یەکگرتوو بێت و هەرکات بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی ناو ئەم حیزبانە بەریەککەوت، ئیتر مەترسی بکەوێتە سەر یەکپارچەیی وڵات و خەڵکیش مەحکوم بن بەوەی دابەش بن. لە زۆربەی وڵاتانی دونیا ململانێی سیاسی هەیە، لە ناوخۆی زۆربەی وڵاتەکانیشدا ناکۆکی هەیە، بەڵام لە هیچ شوێنێکی دونیادا ناکۆکی و ململانێ لەوەی ئێمە ناچێت کە خەڵک و خاکەکەش مەحکومی دابەشکاری بن.

بۆیە ئەگەر دەمانەوێ شێوازی ململانێ و ناکۆکیی سیاسی لە کوردستان بگوازینەوە بۆ قۆناغێکی تەندروست، ئەوە پێویستە چارەسەر بۆ ئەوە بدۆزرێتەوە کە جوگرافیا لە بارمتەی حیزب دەربهێنرێت. ئەمەش چەند پەیوەندی بە دەستوور و یاسا و گرتنەبەری ڕێکاری ورد و دراسە کراوەوە هەیە، هێندەش پەیوەندی بەخودی خەڵکەکەوە هەیە وەک دانیشتووانی سەر ئەو جوگرافیایە کە ئێستا زیاتر بەحوکمی جوگرافیا دابەش بوون بەسەر حیزبەکاندا. دەبێت خەڵکیش یارمەتیدەربێت بۆ تێپەڕاندنی ئەو مەترسیە و ئەگەر بڕیاریانداوە دابەش بن بەسەر حیزبەکاندا، ئەوە دەبێت لەسەر بنەمای پەرۆشی بۆ وڵات و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکان دوای حیزب بکەون نەک تەنها وەک میراتی جوگرافیا و مێژوو.



ئازاد وەڵەدبەگی

# دوو ئیدارەیی؛ شمشێرەکەی دامۆکڵس لەسەر هەرێمی کوردستان

چیرۆکی شمشێری دامۆکڵس یەکێکە لە چیرۆکە ئەخلاقییەکانی یۆنانی کۆن. ئەم چیرۆکە بۆ کەسێک بە ناوی دامۆکڵس (Damocles) دەگەڕێتەوە کە کەسێکی زمانلووس و مەراییکەری دەرباری یەک لە پاشاکانی سیراکیۆز بووە بە ناوی دیۆنیزۆس. دامۆکڵس لەو باوەڕەدا بوو کە پاشا لەڕووی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتەوە کەسێکی بەختەوەر و سەرکەوتووە، هەربۆیە پاشا پێشنیازی پێکرد کە ڕۆژێک جێی خۆیان بگۆڕن تاکوو ئەویش بتوانێت ئەم بەختەوەرییە تاقی بکاتەوە. دامۆکلس ئەم پێشنیارەی بە خۆشییەوە قبووڵ کرد و شەوێک پاشا بانگهێشتی کۆشکی کرد و میواندارییەکی شاهانەی بۆ ڕێکخست و لەسەر تەختی پاشایەتی داینا. دامۆکڵس بەم میوانداریییە زۆر دڵخۆش بوو، بەڵام لە ناکاو بینی کە وا شمشێرێکی تیژ و گەورە بە تاڵە داوێک بە ژوور سەریەوە هەڵواسراوە، دامۆکڵس بە بینینی ئەم دیمەنە زۆر ترسا و خۆشییەکەی لە زار تاڵ بوو، بە نیگەرانییەوە لە جێی خۆی هەستا و داوای لە پاشا کرد ڕێگەی پێبدات دانیشتنەکە بەجێ بهێڵێت، لەو کاتەشدا گوتی چیدیکە ئارەزوو ناکات ببێتە پاشا و خۆشییەکی لەو جۆرە تاقی بکاتەوە. ئەم زاراوەیە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بۆ هەڕەشەیەکی گەورە و هەمیشەیی و بەردەوام بەکاردێت.

لە چەندین ساڵی ڕابردوودا، دوو ئیدارەیی وەک شمشێرەکەی دامۆکڵس بەردەوام هەڕەشەی لە قەوارە و بوون و مانەوەی هەرێمی کوردستان کردووە وەک هەرێمێکی یەکپارچە. بەشێک لە بەرپرسانی پارتی و یەکێتی، وەخت و ناوەخت لەو شوێنەی کە پرۆسەی سیاسی بە دڵی ئەوان ناڕواتە پێش، یاخود بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرژەوەندییە کەسی و حیزبییەکانیان دەکەوێتە مەترسییەوە، وەک پەرچەکردارێک هەڕەشەی دوو ئیدارەیی دەکەن، وەک ئەوەی خاک و خەڵکی هەرێمی کوردستان بارمتەی دەستی ئەوان بێت یاخود موڵکی تایبەتی ئەوان بێت و بە هەر جۆرێک کە بیانەوێت دەتوانن مامەڵە و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن. هەروا یەکنەگرتنەوەی ڕاستەقینەی هەر دوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی جاران لە ژێر چەتری حکومەتی هەرێم و بەردەوامیی ئەو دوو ئیدارەییە لە فۆرمێکی نوێدا، وای کردووە ڕەگوڕیشەکانی مەترسی دوو ئیدارەیی بە تەواوەتی وشک نەبێت و ئەم بابەتە بەردەوام لە پاشخانی زەینیی تاک و نوخبەی سیاسیی کوردیشدا ئامادەیی هەبێت.

لە ماوەکانی ڕابردوو کە ناکۆکییەکانی نێوان پدک و ینک زیاتر تەشەنەی کرد، چەندین جار گوێمان لێبووە کە بەشێک لە بەرپرسانی ئەو حیزبانە بە دوو ئیدارەیی هەڕەشەیان لە یەکتر کردووە. بە ڕاستی ئەمە دیاردەیەکی سەیرە کە پێموایە تەنیا لە هەرێمی کوردستاندا دەبینرێت. هەر لەم عێراقەی تەنیشت خۆمان کە بە قۆناغێکی سەختی جەنگی ناوخۆیی نێوان شیعە و سوننەدا تێپەڕیوە و هەتا ئێستاش بەردەوامە، ڕۆژێک لە ڕۆژان گوێمان لە بەرپرسانی ئەو وڵاتە و حیزبە شیعی و سوننییەکان نەبووە بانگەشە بۆ دابەشکردنی عێراق بکەن، لە کاتێکدا ئەگەری پێکەوەژیانیان لەژێر چەتری عێراقدا زۆر بەرتەسکە. جگە لەوەش، تەنانەت بەشێک لەو حیزبانە فیدراڵیەتیش بە جۆرێک هەڕەشە لەسەر قەوارە و یەکپارچەیی خاکی عێراق دەزانن و پێی ڕازی نین. لە کاتی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، هەموومان بینیمان حیزبە عێراقییەکان کە لەسەر هەموو شتێک ناکۆکن چۆن لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق تەبا و یەکدەنگ بوون.

دەتوانین بڵێین، یەکێک لەو هەڕەشە جیدییانەی کە بەردەوام سێبەری بەسەر هەرێمی کوردستاندا کردووە، هەڕەشەی دوو ئیدارەییە کە زۆر جار وەک کارتی گوشار لەلایەن پدک و ینک دژ بەیەکتر بەکاردێت. ئەمەش دەتوانێ هۆکاری جۆراجۆری هەبێت، وەک دامەزراونەبوونی دامودەزگەکانی هەرێمی کوردستان، پابەندبوونی بەرپرسانی لایەنە دەسەڵاتدارەکان بە بەرژەوەندییە حیزبی و کەسییەکانی خۆیان، زاڵبوونی هەست و بەرژەوەندیی حیزبی بەسەر بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا و حیزبیبوونی هێزی سەربازی و ئاسایش و هتد.

زۆر جار کورد گلەیی لە خەڵک و دەوڵەتانی بیانی دەکات کە بە درێژایی مێژوو بوونەتە هۆکاری دابەشبوونی خاکی کوردستان بەسەر چوار پارچەدا، یاخود هەندێ جار گلەیی لە میرنشینە کوردییەکان دەکرێت کە نەیانتوانیوە یەکبگرن و کوردستانێکی یەکپارچە دروست بکەن. بەڵام ئەمڕۆش دەبینین هەندێ دەنگی ناساز لەناو کۆمەڵگەی کوردستان کە خاوەن پۆست و پلە و پایەشن، بانگەشە بۆ دوو ئیدارەیی دەکەن و لەپێناو کۆمەڵێک بەرژەوەندیی تەسک و کاتی بە لایانەوە ئاساییە خاک و قەوارەی هەرێمی کوردستان بەرەو دابەشکردن و لێکترازان ببەن و بەری ڕەنجی دەیان ساڵەی گەلێکی ژێردەستە و ستەملێکراو بەفیڕۆ بدەن.

گومان لەوەدا نییە کە لەڕووی ستراتیجییەوە، بانگەشەی دوو ئیدارەیی بە زیانی هەرێمی کوردستان و لە قازانجی نەیارانی تەواو دەبێت و پێم سەیرە کە حکومەتی هەرێم و هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان زۆر بە ئاسانی بە پاڵ ئەم بانگەشەیەدا تێپەڕ دەبن و هەڵوێستێکی جیدی و یەکلاکەرەوە وەرناگرن، لە کاتێکدا لە وڵاتانی تر ئەم بابەتە نەک هەر بە ئاسایی و ئاسانی وەرناگیرێت، بەڵکوو بانگەشەکەرانی دابەشکردنی سەروەریی و قەوارەی وڵات ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە و سزا دەدرێن. پێویستە ئەو بابەتەش لەڕووی یاساییەوە لە هەرێمی کوردستان بە تاوان دابنرێت و بانگەشەکەرانی ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە. هەروا پێویستە هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش، ئەم بابەتە بە ئاسایی وەرنەگرن و پەیمانێکی شەرەف واژۆ بکەن کە نابێ چیتر هیچ کەس و لایەنێک بانگەشە بۆ دوو ئیدارەیی و دابەشکردنی خاک و قەوارەی هەرێمی کوردستان بکات و هەڵوێستی جیدی و کردارییان هەبێت بەرامبەر بەو جۆرە قسە و بانگەشانە و لە ئاستیدا دەستەوەستان نەبن، بەڵکوو یەکدەنگ و یەکڕەنگ مەحکومی بکەن و دژی بوەستنەوە.



هۆگر ئیبراهیم حەکیم

# دوو ئیدارەیی یان دابڕینی ئیقلیمی سلێمانی

هەرێمی کوردستان لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم و پاشانیش ڕووداوەکانی شازدەی ئۆکتۆبەر، کۆمەڵێک گۆڕانکاری ریشەیی تێیدا ڕوویداوە، بەشێک لەو گۆڕانکاریانە پەیوەستن بە چۆنیەتی ڕێکخستنی سیاسی ناوخۆی هەرێم، لەپاڵ ئەوەشدا پێگەی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ئەوەی لێرەدا کاریگەریەکەی بەسەر سیاسەتی گشتی و کۆی پرسەکانی حوکمڕانی هەرێمەوە دیارە، ئەو گۆڕانە ریشەییەیە کە لە ستراکچەری ڕێکخستنی سیاسی ناوخۆیی هەرێم ڕوویداوە، بەشێوەیەک نە حکومەتی هەرێم هەمان ئەو فۆرمەی هەیە کە پێش ریفراندۆم هەیبوو، نە پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوان پارتەکان هەمان سروشتی پێش شازدەی ئۆکتۆبەری هەیە. ئەم گۆڕانە ریشەییە زۆر بە ڕوونی لە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە، ئاستی متمانە و چۆنیەتی ڕێککەوتنی نێوانیانی بەرەو ئەستەم بردووە، بەهۆی لەدەستدانی ئەو متمانەیەی لە پاش ڕێککەوتنی ستراتیژی دروست ببوو.

بەدرێژایی مێژووی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان کە پارتی و یەکێتی دوو کۆڵەکەی سەرەکی ئەو حوکمڕانیەن، هەمیشە بابەتی دوو ئیدارەیی پرسێکی زیندووی نێوان ئەو دوو پارتە بووە، لە هەندێک باردا وەک فشار لەسەریەک بەکاریان هێناوە، لە هەندێک کاتیشدا وەک بەهانەیەک بەکاریان هێناوە بۆ ڕێککەوتنی جێنتڵمانانەی نێوانیان. واقعی دوو زۆنیی هەرێمی کوردستانیش فاکتەری سەرەکیە لەوەی بابەتی دوو ئیدارەیی لە بچووکترین قەیرانی سیاسی و ئابووریدا ببێتە یەکێک لە ڕێگەچارەکانی خۆدوورخستنەوە لە شەڕی ناوخۆیی. ئێستاش دوای شازدەی ئۆکتۆبەر ئەو واقیعە زۆرترین کاریگەری دروست کردووە لەسەر پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی، بەشێوەیەک کە هەموو پرسە سیاسییەکانی نێوانیان بەستووەتەوە بەبابەتی دوو ئیدارەییەوە. لە نوێترین وێستگەشدا هەڕەشەی بەرپرسانی یەکێتی بۆ دەستبردن بۆ دووئیدارەیی دەبینین وەک کاردانەوەی نەبەستنەوەی بابەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بە بابەتەکانی کەرکووک و بەغداوە لە پێکهێنانی حکومەتدا. بەڵام لێرەدا پێویستە پرسیارێکی جەوهەری بکەین، ئایا واقیعی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی گونجاوە بۆ ئەو دوو ئیدارەییە؟

ئەوەی ناتوانرێ بشاردرێتەوە نزیکیی هێزە باڵادەستەکانی زۆنی سلێمانیە لە ئێران، بەشێوەیەک کە لە ئاراستە سیاسیەکانیاندا ناتوانن خۆیان لە هەژموونی ئێرانییەکان بدزنەوە، ئەم دۆستایەتیە لەچەند ئاستێکدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، بەتایبەت لە پێگەی یەکێتی لەسەر ئاستی عێراق. لە پاداشتی جێبەجێکردنی ئەجێندای ئێرانی بۆ عێراق، یەکێتی و هەندێ پارتی دیکەی زۆنی سەوز لە چەندین وێستگەی پرۆسەی سیاسیدا خەڵاتی سیاسی کراون و لە هەڵبژاردنەکاندا یارمەتی دراون، هەروەها لە ململانێ سیاسیەکانیشدا پشتگیریان کراوە. ئەمە دۆخێکی دروست کردووە کە ئەم ناوچەیە بەتەواوی بکەوێتە ژێر هەژموونی ئێران و ڕەنگرێژی ئێرانییەکان بۆ سیاسەتی پارتە سیاسییە حوکمڕانەکانی ئەم زۆنە بەڕووی دیار بێت. ئەوەی بەربەستە لەبەردەم ئەوەی سلێمانی و زۆنی سەوز بە تەواوی نەبنە باخچەی پشتەوەی ئێران، بوونیەتی لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان کە پێگەیەکی ستراتیژی و جیۆپۆلیتیکی هەستیاری پەیدا کردووە، بەتایبەتی لەدوای شەڕی دژی داعشەوە. پێگە جیۆپۆلیتیکیەکەی هەرێمی کوردستان ڕێگە نادا بەشێوەیەکی ڕەها بکەوێتە ژێر هەژموون و کۆنترۆڵی ئێران، یان هەر وڵاتێکی دیکەی ناوچەکە.

کەواتە هەر سیاسەتێک لەسەر بنەمای دوو ئیدارەیی دارێژرابێت، بە دابڕانی ئیقلیمی سلێمانی کۆتایی دێت، بەشێوەیەک ئەو زۆنە بە تەواوی دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتێکی ئیقلیمی کە چەندین گەمارۆی سیاسی و ئابووری و دیبلۆماسی لەسەرە، هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سیاسەتە فراوانخوازی و پاوانخوازییەکەی ئێران بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی دەزانن، بۆیە بوون بە بەشێک لە ناوچەی هەژموونی ئەو دەوڵەتە، واتە بوون بە بەشێک لە ناوچەیەکی ئیقلیمیی دابڕاو لە بەها و پرەنسیپە باوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەم سۆنگەیەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵەی فەرمی لەگەڵ هەولێر دەکەن وەک ناوەندێکی سیاسی بۆ هەرێمی کوردستان. ئەوەی لێرەدا جێگەی ئومێدە، بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتی پاڵپشتی لە ئاراستەی دوو ئیدارەیی ناکەن. لەلایەکی دیکەوە هێزی باڵای حوکمڕان لە بەغداش پاڵپشتی لە ئاراستەی دوو ئیدارەیی ناکات، لە کاتێکدا یەکێتی بەغدا بە قووڵایی ستراتیژی خۆی دەزانێت و سیاسەتەکانی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە دارشتووە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پارتی دیموکراتی کوردستان لەوەدایە کە ئەو واقیعی هاوکێشە هەرێمیە نەکاتە بنەمایەک بۆ پەراوێزخستن و پشتگوێخستنی سیاسیانەی یەکێتی و پێگە جوگرافیەکەی لەبەرچاو بگرێت، دەبێ پارتی مامەڵەیەکی حەکیمانەتر بکات بە ئاراستەی یەکخستنی جیۆپۆلیتیکیانەی خاکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لە هاوکێشە هەرێمایەتیەکاندا زیاتر پارێزراو بێت.

لێرەدا دەبێت بزانین ئایا دروستە کە پاکێجی هەولێر و کەرکووک بەیەکەوە ببەسترێتەوە؟ بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر سەیری بکەین، ڕەنگە بڵێین ئاساییە ئەو دوو پاکێجە تێکەڵ بکرێن، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپە دیموکراسیەکان لەلایەک و هاوکێشە هەرێمیەکانی پرسی کەرکووک لەلایەکی تر، تێدەگەین کە ئەم تێکەڵکردنە دروست نییە. کەرکووک لەسەرەتای دروستبوونی عێراقەوە تا ئێستا، ئەوەندەی بابەتێکی ئیقلیمی بووە ئەوەندە پرسێکی ناوخۆیی عێراق نەبووە، تورکیا و ئێران لەلایەک، دونیای سوننی و شیعی لەلایەک، هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکان لەلایەکی دیکەوە بەشێکن لە پاکێجی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەرکووک، بۆیە گۆڕینی هاوکێشەی هێز لە کەرکووک کاتێکی زیاتری دەوێت و ڕێککەوتنێکی گەورەتری دەوێت. بەڵام ئەم کاتەی بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە پێویستە لە قازانجی پرۆسەی دیموکراسی نێوخۆیی هەرێم نییە، بۆیە بەستنەوەی هەردوو پرس بەیەکتر، هاوتایە لەگەڵ پەکخستنی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان کە بە لەدەستدانی ڕەوایەتی دامەزراوە گشتیەکان کۆتایی دێت. کەواتە بەستنەوەی پاکێجی هەولێر و کەرکووک بەیەکەوە جگە لەوەی زیان بە پرۆسەی دیموکراسی دەگەیێنێت، لە هەمان کاتدا بە دابڕینی سلێمانی لەڕووی ئیقلیمییەوە کۆتایی دێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# یەکێتی پاشای عەرشی کەلاوەیە

1

ئەڵبەتە جارێ لانیکەم تا چوار ساڵی دیکەش پارتی بیر لەوە ناکاتەوە کە بەبێ یەکێتی (وەک شەریکێکی سەرەکی) حکومەت پێکبێنێ و حوکمڕانی بکات. بۆیە ئەمجارەش یەکێتی دوای شکستی لە دانوستاندنەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەت، وەک ساڵی 2014 دەبێتە (بەشێک) لە حوکمڕانی. لە کاتێکدا کە دەبوو ڕێککەوتنی سیاسی پارتی و یەکێتی ببێتە بناغەی حوکمی کوردستان، ئێستا ڕێککەوتنەکەی گۆڕان و پارتی حوکم دەکات و، هەر ڕێککەوتنێکی دیکە لە نێوان پارتی و یەکێتیدا ئیمزا بکرێ، دەبێ بە پاشکۆی ئەو ڕێککەوتنەی گۆڕان و پارتی.

لە دوای دووی ئۆکتۆبەرەوە کە یەکێتی تاکلایەنە پۆستی سەرۆک کۆماری بەغدای برد، پارتیش بەهەمان نەزمی یەکێتی یاری دەکات؛ کارتی بەغدای لە دەست یەکێتی دەرهێنا. بەشێوەیەک کە ئێستا حزووری سەرۆککۆمار لە بەغدا بۆ یەکێتی هیچ دەستکەوتێکی نییە و ناتوانێ وەزیرێک بۆ یەکێتی دابنێت. لە دانانی پارێزگارێکی یەکێتیش بۆ کەرکووک فەشەلیان هێنا، عاقیبەت لە هەردوو بابەتەکەدا پەنایان هێنایەوە بەر پارتی. 18ی شوباتیش ئیسپاتی کرد کە یەکێتی لەسەر ئاستی کوردستان هێزێکی بێ پەنایە و تەنها وجودی پارتییە کە مانا بە یەکێتی دەبەخشێت. ئەوەی لە 19ی ئابی 2015 ویسترا دەرهەق بە پارتی بکرێت و سەری نەگرت، ئەمجارەیان زۆر بە ئاسانی لە 18ی شوبات دەرهەق بە یەکێتی کرا. مەبەستی پارتی تەنها نیشاندانی هێز سیاسیی خۆی بوو. ویستی بڵێ کە بەبێ یەکێتیش دەتوانم، چونکە پارتی زۆر لەوە دڵنیایە کە یەکێتی نە دەتوانێ لە دەرەوەی دەسەڵات بێت و نە دەشتوانێ (تەنانەت ئەگەر لە ڕووی نێودەوڵەتیشەوە ڕێگەپێدراو بێت) دوو ئیدارەیی ڕابگەیەنێت. بۆیە ئەو گەمە مەترسیدارەی سەرکردایەتی یەکێتی بەناوی هەستانەوەی یەکێتی و مل لەبەر مل نانی پارتی دەیکات، تەنها و تەنها بریتییە لە تەسفیە حیساباتی پێش و پاش شانزدەی ئۆکتۆبەر و نیشاندانی ئەوەی ئەمڕۆ قسەی ئەوەڵ و ئاخیر لای بازنەیەکی ناو سەرکردایەتییە کە هەمیشە 38 ئیمزایان حازرە و، مەکتەبی سیاسیش بەدوای خۆیاندا پەلکێش دەکەن.

یەکێتی زۆر لەوە وێرانترە کە خۆشیان مەزەندەی دەکەن. 112 ڕۆژ بەسەر سوێندخواردنی ئەندامانی پەرلەماندا تێپەڕی نەیانتوانی لەسەر کاندیدێک بۆ سەرۆکی پەرلەمان ڕێکبکەون (ئێستا گوایە دوو ساڵ بە دوو ساڵ بۆ ڕێواس و بێگەرد دەبێ)! ئەوەش خەتای پارتی بوو؟ ئینجا ئەگەر یەکێتی ڕاست دەکات، با دوای پێکهاتنی حکومەت بوێرێ کۆنگرە ببەستێ، ئەوجا دەردەکەوێ کە یەکێتی ماوە یان نا؟

## پارتی دێتە پێش

2

بیانووەکانی یەکێتی کۆتاییان نایەت و پارتیش ناچارە نەرمی بنوێنێ. سەیرترین شت ئەوەیە کە یەکێتی لە مەسەلەی دانانی پارێزگاری کەرکووک بە شێوەیەک ڕەفتار دەکات وەک ئەوەی پارتی موسەبیبی شانزدەی ئۆکتۆبەر بووبێت و، پارتی نەجمەدین کەریمی لادابێت (تەنانەت هەوڵی کوشتنیشی دابێت) و ڕاکان جبووریی لە جێگە دانابێت! بەڵام دیسانیش پارتی ئەم داوایەی یەکێتی قەبوڵ دەکات و هەوڵی بیانووبڕکردنی یەکێتی دەدات. سیغەی پارتی بۆ ڕێککەوتن لەسەر ئەو بابەتە ئەوەیە کە ئەو باسە تەنها پەیوەست نییە بە پارتی و یەکێتی و پێکهاتەکانی دیکەش دەبێ تێیدا بەشدار بن. ئەڵبەتە من لەجیاتی پارتی بام، ڕەزامەندیم لەسەر ئەوە دەدا کە یەکێتی کێ دەکاتە پارێزگار (تەنانەت ئۆکتۆبەرچییەکانیش)؛ ئەو کاتە دەردەکەوت کە یەکێتی بە چ مەرامێک بەردی کەرکووک و موڵکدارێتیی ئەو شارە لە سینگی خۆی دەدات!

شینی یەکێتی بۆ کەرکووک نییە و بۆ تەنکەرە نەوتەکانیەتی، ئەگەرنا بە دەیان خەڵکی تێکۆشەری کوردپەروەر هەن کە دەتوانن کەرکوک لەو دۆخە نەخوازراوەی ئێستا ڕزگار بکەن.

یەکێتی تا پێش 18ی شوبات وایدەزانی پارتیی بەگیر هێناوە و دەتوانێ هەموو شەرتەکانی خۆی بەسەردا فەرز بکات، بەڵام دەرکەوت پارتی وا بە ئاسانی تەسلیم نابێت. بۆیە نەرمی دەنوێنێ، بەڵام ملکەچی هیچ ئەمری واقیعێک نابێت کە یەکێتی بیەوێ بەسەریدا بسەپێنێ. یەکێتی لە ئاستانەی پارچە پارچە بوونێکی دیکەدایە کە دوور نییە گەورەترین کوتلەیان بەقەدەر ئێستای گۆڕان بێت. هەر لەبەر ئەوەشە کە پارتی گۆڕانێکی 12 کورسیی ڕاستەقینەی پێ لە یەکێتییەکی 21 کورسی باشترە.

## پارتی مار و یەکێتی شوان

3

حیکایەتێک هەیە دەڵێ کابرایەکی شوان هەموو ڕۆژێ قاپە شیرێکی لەپێش کونی مارێک دادەنا و مارەکەش کە شیرەکەی دەخوارد، لیرەیەکی زێڕی بۆ لەبەردەمی کونەکەی دادەنا. ڕۆژێک کابرای شوان نەخۆش کەوت و کوڕەکەی چووە بەر مەڕان، باوکی پێیگوت هەمان کاری ئەو بکات. کوڕە تەماحی لێ نیشت و گوتی بۆ مارەکە نەکوژم و بە یەکجار هەموو لیرەکان ببەم؟ بە قەسدی کوشتن پەلاماری مارەی دا و کلکی قرتاند، مارەش پێیوەدا و کوشتی. کە کابرای شوان چا بووەوە، دیسان بە ڕەسمی جاران قاپێک شیری لەبەردەم کونی مارە دانا، مارە شیرەکەی خوارد و لیرەیەکی دیکەی دایە، بەڵام گوتی چیدیکە شیرم بۆ مەهێنە. شوانە گوتی: بۆ؟ گوتی: نە من ئازاری کلکی قرتاوم لە بیر دەچێتەوە و نە تۆش ئازاری کوڕی مردووت!.

ڕاستە پارتی و یەکێتی مەحکومن بەوەی پێکەوە ئەو وڵاتە بەڕێوەبەرن، بەڵام بە ڕاستی برینی هێندە قووڵ لە نێوانیان درووست بووە کە وا بە ئاسانی لەبیرناچنەوە و بچووکترین پریشک بەسە بۆ ئەوەی ئاوڕێکی وای لێ بکەوێتەوە کە دانەمرکێ.



د. زوبێر ڕەسوڵ

# بەرەو ڤیتۆی حوکمڕانی دوو جەمسەری

مۆدێلی سیستمی دوو حیزبی بە سروشتی خۆی مۆدێلێکی خراپ نییە، زۆر جاریش جۆرێک لە سەقامگیری دێنێتە کایەوە، بە تایبەت سەقامگیری سیاسی کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو لایەنێک دەبێتە دەسەڵاتدار و لایەنەکەی تریش دەبێتە ئۆپۆزسیۆن و چاودێرێکی باش بەسەر دەسەڵاتی سیاسی و لە هەمان کاتیشدا خۆی ئامادە دەکات بۆ گرتنەدەستی حوکمڕانی و بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو. لەم دۆخەدا هەردوو حزبەکە شارەزایی و ئەزموونیان هەیە لەسەر هەردوو بواری ئۆپۆزسیۆنبوون و دەسەڵاتداربوون. چونکە لە سووڕی بەردەوامی حوکمڕانیدا هەردوو بوارەکەیان تاقی کردووەتەوە و هەست بە هەستیاری و بەرپرسیارێتی قۆناغەکانیش دەکەن، لە هەمانکاتدا هیچ لایەنێکیان خۆی دانەناوە کە تاسەر هەر ئۆپۆزسیۆن یان دەسەڵات بێت. دیارترین مۆدێلی سیستمی جووت حزبی بریتییە لە مۆدێلی ئەمریکا (پارتی کۆماری و پارتی دیموکراتەکان) و بەریتانیا (پارتی کرێکاران و پارتی پارێزگاران). هەڵبەتە ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە هیچ حزبێکی تر لە گۆڕەپانی سیاسیدا نییە و ئەکتیف نین لەڕووی سیاسییەوە، بەڵکو حزبی تریش هەن بەڵام هەرگیز بە تەنیا توانای پێکهێنانی حکومەتیان نییە.

مۆدێلی فەرمانڕەوایی دوو حیزبی لە هەرێمی کوردستاندا پاشخانی خۆی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ڕاپەڕین و پێکهێنانی دەسەڵاتی خۆجێیی "بەرەی کوردستانی". هەرچەندە پارتی تریش هەبوون لەناو بەرەی کوردستانیدا، بەڵام هیچیان پارتی کاریگەر نەبوون لە گۆڕینی ئاراستەی ڕووداو و بڕیارە سیاسییەکان، بەڵکو بەشێکیان هەر پاشکۆی ئەو فۆرمە جووت حزبیە بوون کە سەنتەرەکەی یەکێتی و پارتی بوو. ئەم دۆخە بەردەوام بوو تا دواتر لە فۆرمێکی تری دامەزراوەی سیاسی و حوکمڕانی پەرلەمان و حکومەتدا بەرجەستە بوو لە ساڵی 1992. ئیتر هەر لەو کاتەوە فۆرمی حوکمڕانی دوو جەمسەری باڵی کێشا بەسەر تەواوی کەناڵەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا. لە یەکەم هەڵبژاردن و ئەزموونی بنیاتنانی دامەزراوە سیاسییەکاندا، واتا پەرلەمان و حکومەت، یەکێتی و پارتی نەیانتوانی ئەو فۆرمە حوکمڕانییەی من ناوم ناوە "ڤیتۆی دووجەمسەری" تێپەڕێنن بەرەو بنیاتنانی سیستمێکی دوو حزبی کە یەکیان لە دەسەڵات بێت و ئەوی تریان ئۆپۆزسیۆن، تا ئەو دۆخە سەری کێشا بۆ شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی کە هەزاران قوربانی لێکەوتەوە سەرباری کاریگەریی سیاسی و ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی کە تا ئێستاش ئەو کاریگەرییانە بەسەر هەرێمی کوردستانەوە دیار و ئاشکران، بەجۆرێک لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر کێشەیەکدا، لە فۆرمێکی تری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەردەکەونەوە. نەبوونی ئیرادەی دانان بە زۆرینە و کەمینەی پەرلەمانی و شکستی هەڵبژاردن و پرۆسەی دیموکراسی دۆخێکی کارگێڕی و سیاسیشی بەدوای خۆیدا هێنا کە لە دوو ئیدارەی حوکمڕانی و دامەزراوە حوکمڕانییەکاندا ڕەنگیدایەوە، بە جۆرێک تا ئێستاش سێبەری بەسەر سیاسەت و ئابوورییەوە ماوە.

لە دوای جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە یەکێتی و لاوازبوونی پێگەی هەریەکە لە یەکێتی و پارتی و دەرکەوتنی لایەنی تری سیاسی کە بتوانن لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە ئەو فۆرمە دوو حزبیە تێپەڕێنن، پرسی چەقبەستنی ڤیتۆی حوکمڕانی کەوتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە حوکمڕانیەی کە هەردوو حزبەکە هێڵە گشتییەکانیان دارشتبوو، دواتریش دابەشکردنی سامان و هێز و نەبوونی دامەزراوەی سیاسی و ئابووری، ئەو فۆرمە حوکمڕانیە هەر بەجێگیری مایەوە. ئەگەرچی هەندێک جار هەریەکە لەو دوو حزبە دەسەڵاتدارە بۆ گوشارخستنە سەر یەکتر هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد کە لە ڕێگای پەنابردنە بەر لایەنەکانی تر دەتوانن ببنە زۆرینە و لایەنەکەی تر بکەنە کەمینە، بۆ نموونە لە کابینەی هەشت پارتی ویستی لە ڕێگای بەشداریکردنی بزووتنەوەی گۆڕان ئەو پەیامە بدات بە یەکێتی، هەروەها هەماهەنگی یەکێتی و گۆڕانیش لە دژی پارتی لەناو پەرلەماندا لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێم دیسان بەشێک بوو لەو هاوکێشەیە، بەڵام ئەم جۆرە هەوڵانە گشتیان لە تاکتیکێکی کورتخایەن بۆ ململانێ زیاتر نەبوون و نەیانتوانی بەدیلی تری جگە لە یەکێتی بۆ پارتی و هەروەها بە پێچەوانەوەش بدۆزنەوە. بوونی ئەو جۆرە فۆرمە دوو حزبیە چەندین جار لەلایەنی سەرکردایەتی سیاسی باڵای ئەو دوو حزبەوە دەنی پێدانراوە و بە ڕستەی "بەدیلی یەکێتی بۆ پارتی هەر یەکێتییە" و "بەدیلی پارتی بۆ یەکێتی هەر پارتییە" گوزارشتی لێکراوە !

هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی کوردستان و دانوستاندنەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەم بە تەواوی سەلماندی کە سیستمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بەرەو جۆرێک لە ڤیتۆی دوو حزبی دەچێت، واتا فۆرمێکی تایبەت لە حوکمڕانی کە پشت نابەستێ بە ئەنجامی هەڵبژاردن و گۆڕانکاری لە بەلانسی هێز و ئیرادەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان و دەرکەوتنی هێزی دیکە. چونکە لەو فۆرمە جووت حیزبییەدا بێجگە لە یەکێتی و پارتی هیچ لایەنێکی دیکە ناتوانێ حکومەت پێکبهێنێ. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەگەر یەکێک لەو دوو حزبە ڕەزامەند نەبێت ئەوا پێکهێنانی حکومەت دەکەوێتە قەیرانێکی گەورەوە و لەوانەیە هەر پێکنەیەت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە ڤیتۆی ڕانەگەیەنراو. دیارترین گوزارشت و نموونە بۆ بوونی ئەو جۆرە ڤیتۆیەی حوکمڕانی، گوشاری یەکێتیە لەسەر پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازە. خۆ پارتی دەتوانێت بە هاوکاریی چەند لایەنێکی تر حکومەت پێکبێنێ و دەستکەوتی سیاسی زیاتریش بۆخۆی مسۆگەر بکات وەک ئەوەی لەگەڵ یەکێتی شەریک بێت، بەڵام ڤیتۆی حوکمڕانی ڕێگا بەمە نادات، چونکە بەبێ بەشداری یەکێتی لە حکومەت شتێک نییە بەناوی "حکومەتی هەرێمی کوردستان"، بەڵکو شتێکی تر هەیە کە پێیدەگوترێ حکومەتی ئیدارەی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک لەلایەک و حکومەتی ئیدارەی پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجەش لەلایەکەی تر.

ڕاستی ئەو فۆرمە حوکمڕانیەی من ناوم ناوە فۆرمی "ڤیتۆی دوو حزبی" کاریگەری زۆر خراپی بەسەر پرۆسەی دیموکراسی و بنیاتنانی دامەزراوەیی چاکسازی و تەواوی کەناڵەکانی حوکمڕانی دەبێت لە هەرێمی کوردستاندا. چونکە هیچ دەرفەتێک ناهێڵێتەوە بۆ دروستبوونی مۆدێلێکی تری حوکمڕانی کە نەک هەردوو حزب، بەڵکو یەکێکیش لەو دوو حزبەی تێدا نەبێت. بوونی ئەم فۆرمە چەقبەستووەی حوکمڕانی تادێ نیگەرانییەکی زۆر لای هاووڵاتیان دروست دەکات، بە جۆرێک کە هیوایان بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و دەرئەنجامی هەڵبژاردن نەمێنێ، باشترین نموونە ڕێژی بەشداریی ئەمجارەی خەڵکە لە هەڵبژاردن کە سەدا پەنجا تێپەڕی نەکرد. لەلایەکی ترەوە ئەم دۆخە ئاماژەیەکی مەترسیدارە لەسەر شەرعیەتی دەسەڵات و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان. چونکە لەو فۆرمەی حوکمڕانیدا دابەزینی کورسییەکانی دوو پارتە خاوەن ڤیتۆکە بە مانای کەمبوونەوەی هێزی سیاسی نایەت، بە واتایەکی تر هێز و شەرعیەتی سیاسی ئەو دوو لایەنە لە دەرەوەی هەڵبژاردن و کورسی پەرلەمانیدایە. هەڵبەتە بەردەوامبوونی ئەو فۆرمە لە حوکمڕانی دوور نییە لە ماوەی چەند ساڵێکدا سەربکێشێ بۆ دروستبوونی ئاراستەیەکی سیاسی کە تەنیا هیوایەک بۆ گۆڕانکاری لە توندوتیژی و هەڵکوتانە سەر دامەزراوەکانی دەسەڵات و حکومەت و دامەزراوە سیاسییەکاندا ببینێ.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# یەکێتی کێکی دەوێ

پاش کۆبوونەوەکەی پەرلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتییەکەی، بە هیچ شێوەیەک کات لە بەرژەوەندیی یەکێتی یان هەمان جەلالییە نوێیەکاندا نییە بیکوژن. بۆیە لەجیاتی داهێنانی داواکاریی ناواقیعی، باشترە لەسەر ئەو شتانە لەگەڵ پارتی دانوستاندن بکەن کە دەزانن قابیلی وەدەستهێنانن.

ڕاستە جەلالییە نوێیەکان هێزی چەکدار و دارایی سلێمانییان بەدەستەوەیە، بەڵام لەوێ تا دێت دەنگی جیاواز و ناڕازیش بەرامبەریان بەرزتر و زوڵاڵتر دەبن. ئەوان زیاتر لە هەر حیزبێکی دیکە پێویستیان بەوەیە لە حکومەتدابن، چونکە لە هەموومان باشتر دەزانن دووئیدارەییان پێناکرێ و ڕێگەشیان پێنادرێ. پێکنەهاتن لەگەڵ پارتی بۆ ئەوان بەمانای خۆبچووککردنەوەیە لە چوارچێوەی سلێمانیدا. ئەمەش واتە دەستەویەخەبوون لەگەڵ هێزی دیکە لەو سنوورە جوگرافییەدا کە لەوان باشتر تەعبیر لە تووڕەیی و ناڕەزایی ئەو شارە دەکەن. شارێک کە ئەوان لە ساڵانی ڕابردوودا لەڕووی خزمەتگوزاری و پێشخستنەوە هیچی وایان بۆ نەکردووە.

خەڵکی سلێمانی دینامیکی و هۆشیار و ژیاندۆستن. ناکرێ وەک خەڵکی شارێکی کۆریای باکوور مامەڵەیان لەگەڵ بکەی و پێتوابێ بە زەبر و زەنگ دەتوانی برسی و بێدەنگ بیانهێڵیتەوە. چاویان لەوەیە لە شوێنەکانی دیکە خۆشتر بژین و زۆرتر لەوەی پێویستیان بەوە بێت داهاتەکەیان لە دروستکردنی پرۆژەی وەکو ئەوەی ناویان لێناوە ماڵی مام بەهەدەر بدرێت، پێویستیان بەوەیە جوانترین بازاڕ و جادەی خێرای باشتر لەوانەیان هەبێ کە لە هەولێر دروستکراون. لە هەولێرەوە سەفەرێک بۆ سلێمانی بکەیت، هەر کە دەگەیتە سنووری ژێر دەسەڵاتی یەکێتی، بە جادە و بانە خراپەکانی و دوکان و ماڵە کۆن و تۆزلێنیشتووەکانی و تەنانەت دەموچاوی نیگەرانی خەڵکەکەشدا دەزانیت ئەو ناوچەیە خەمخۆرێک ئیدارەی نەکردووە و ناکات. بۆیە لەکاتی شەڕدا ڕەنگە خەڵکی سلێمانی موراعاتێکیان کردبێ و کەمتر لەسەر ئەو کەموکوڕییانە دەنگیان هەڵبڕیبێ، بەڵام لە قۆناغی پاش شەڕدا شتێکی جیاواز دەبێت.

گۆڕان چەندە پێویستی بە پارتی بوو بۆئەوەی لە چوار ساڵی داهاتوودا ببووژێتەوە و پارتی چەندە پێویستی بە گۆڕان بوو بۆ دروستکردنەوەی باڵانس لە حوکمڕانیدا، یەکێتی لەم قۆناغەدا دووهێندە پێویستی بە پارتییە. پێموایە عاقڵمەندانی یەکێتیش ئەمە دەزانن، بۆیە لەم هەفتەی فرە گوتەبێژییەیاندا لە هەموویانمان بیست کە هەوڵدەدەن شتێک بڵێن بیسەلمێنێ قومار لەسەر ئەسپی تۆپیوی دووئیدارەیی ناکەن و دەشزانن ئەوەی پاش شازدەی ئۆکتۆبەر دکتۆری ئینقاز بۆی نەکرا، ئەوان تازە هەر پێیان ناکرێ. ڕاستییەکەی من گەشبینم کە ئەو تێگەیشتنە وابکات بەزوویی لەگەڵ پارتی ڕێکبکەون و خەڵکی سلێمانیش لەم دڵەڕاوکێیە دەربهێنن کە کۆتاییەکەی بۆ خۆیان باش نابێت. ئەوەی ئیشەکەش ئاسان دەکات ڕەنگە ئەوەبێت کە وەک زانیومە یەکێتی دەستی لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان هەڵگرتووە و دەیەوێ پاکێجێکی نوێی بۆ دانوستاندن هەبێ کە بەشی هەموو باڵەکانی تێدا بێ. ڕاستییەکەشی بۆ یەکێتی بەشداری لە حوکمڕانیدا وەکو ئەوە وایە سێ چوار کەس بن و پارچە کێکێکیان لەبەردەم دانرابێ و پێویست بێت بەشی هەموویان بکات. دەبێ پارتی لەوەدا هاوکاریی یەکێتی بکات کە بەشە کێکەکەیان وابێت ئەو سێ چوار کێکخۆرە ڕازی بکات. بەڵام نابێ واش بکات بۆ ڕازیکردنی جەلالییە نوێیەکان لەو بەشە کێکەی بۆ گۆڕانی داناوە، پارچەیەک هەڵگرێتەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



**چیمەن رەحمانی، چیرۆکە خەمناکەکەی پشت گۆرانی "دڵی زار" ئاشکرا دەکات**

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net



# بەئامادەبوونی سەرۆکی پێشووی فەرەنسا خەڵاتی جیهانی ساڵانەی شیفا گەردی پێشکێشدەکرێت

تۆڕی میدیایی رووداو و کۆمیتەی خەڵاتی جیهانی شیفا گەردی، لە دووەمین ساڵیادی شەهیدبوونی ئەو رۆژنامەڤانە دیارەدا، خەڵاتی شیفا گەردی دەداتە رۆژنامەڤانێکی ژنی بەتوانا کە رووماڵی جەنگی کردووە.

رۆژی 25ی فێبریوەری 2019 لە شاری هەولێر . لەرێورەسمێکدا بە ئامادەبوونی بەڕێز فرانسوا ئۆلاند، سەرۆکی پێشووی کۆماری فەرەنسا وەک قسەکەری سەرەکی و بەرپرسانی باڵای کوردستان و عێراق و رۆژنامەڤانانی ناوخۆ و دەرەوە، خەڵاتی جیهانی ساڵانەی شیفا گەردی پێشکێشدەکرێت.

شیفا گەردی رۆژنامەڤانی دیاری تۆڕی میدیایی رووداو لە 25ی فێبریوەری ساڵی 2017 و لەکاتی کاری رۆژنامەڤانیدا لەشاری مووسڵ گیانی لەدەستدا . وەک رێزلێنانێک بۆ گیانی هەموو ئەو رۆژنامەڤانانەی کە لەکاتی رووماڵی شەڕی داعش و تووندوتیژییەکانی دیکەدا گیانیان لەدەستداوە ، کاری هەموو ئەوانەش کە لەکاتی رووماڵی رووداوەکان و گەیاندنی راستییەکاندا دووچاری سەختی دەبنەوە، رووداو بڕیاریداوە ساڵانە خەڵاتی جیهانی شیفا گەردی بداتە رۆژنامەڤانێکی ژن.

کۆمیتەی خەڵاتی جیهانی شیفا گەردی لە کەسانی پسپۆڕ پێکدێن و کاریان لە میدیا گەورەکانی جیهان کردووە و لە رێگەی پرۆسەیەکی هەڵسەنگاندنەوە خەڵاتەکە پێشکێشدەکرێت. بۆ ئەمساڵیش کۆمیتەکە پێکدێن لە بەڕێزان:

یەکەم: رۆب باینۆن، رۆژنامەڤانێکی دیاری تەلەڤزیۆنە و بەڕێوەبەرایەتی هەواڵ و بەرنامەی کردووە لە تەلەڤزیۆنەکانی (BBC- Bloomberg-CNBC).

دووەم : ئەدریان ویلز، بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ئەورپایی ئاڵوگۆڕی هەواڵ و زانیاری (ئینێکس) و بەڕێوەبەری هەواڵی پێشووی سکای نیوزی بەریتانی و شارەزا لە ستراتیژییەتی میدیا.

سێیەم : جێین ئەراف، گەورە پەیامنێری رادیۆی ئێن پی ئاری ئەمریکی و بەرپرسی پێشووی ئۆفیسی سی ئێن ئێن لە بەغدا.

چوارەم: جۆیس کەرەم، پرۆفیسۆر لە زانکۆی جۆرج واشنتن.

پێنجەم: ئاکۆ محەممەد، بەڕێوەبەری گشتی تۆڕی میدیایی رووداو.

رۆژی رێورەسمەکە ، بە ئامادەبوونی چەندان کەسایەتی لە کوردستان و عێراق و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان ، براوەی خەڵاتەکە ئاشکرا دەکرێت.

